چوارده هەفتەیە بکوژانی سەردەشت نادیارن

# ڕۆژنامە

هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات


ژمارە (٥٩٤) سێشەممە ١٠/ ٨/ ٢٠١٠ | www.sbeiy.com | نرخ ٧٥٠ دینار



فەرید ئەسەسەرد

**شەقام ڕابەرایەتی ئۆپۆزسیۆن دەکات**


12



نیعمە عەبادی:

**دەبێت کورد باز نەدات**

10



ڕزگار عەلی:

**خەڵک لە دەسەڵات بێزارە**

9

# حکومەت دوو پرۆژەی (٣٦) ملیاریی کارەبا شکست پێدێنێت

**ڕۆژنامە**

لەبەر بەرژەوەندیی چەند بازرگانێک، وەزارەتی کارەبا وێستگەیەکی گۆڕینی کارەبای (١٣٢- ٣٣ کەیڤی) لە بازیان دەگوازێتەوە بۆ ڕزگاری کە هیچ سوودێکی بۆ دانیشتووانی شاری سلێمانی نییە.

هەروەک وێستگەی سەنگەسەریش دەگوازرێتەوە بۆ قەڵادزێ، کە ئەویش چەندین گرفتو هەڵەی تەکنیکی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

بە دروستنەکردنی ئەو وێستگەی گۆڕینەی بازیانیش ئێستا کارگەی چیمەنتۆی ماس ڕاستەوخۆ لە هێڵی (١٣٢KV)ەوە کارەبا وەردەگرێتو کارگەی چیمەنتۆی بازیانیش بەهەمانشێوە داوای کارەبای کردووەو بەو هۆیەشەوە نزیکە (١٠٠)مێگاواتی کارەبای خەڵکی شاری سلێمانی دەڕوات بۆ سێ کارگەی چیمەنتۆ، کە دەکاتە (چوار یەکی)ی پێویستیی شاری سلێمانیو بە گەڕانەوەی ئەو بڕە کارەبایە نزیکەی (٤-٦) سەعات کارەبای سلێمانی زیاد دەکات.

لەهەمان (قۆناغ) ستەیجی پێنجی پڕۆژەکانی بەڕێوەبەرێتیی گواستنەوەی وزەی کارەبای سلێمانیدا، دروستکردنی وێستگەی کارەبای سەنگەسەربووکەبڕی(١٥)ملیارو(٦١٤)ملیۆنو (٤٧٥)هەزارو (٤٤)دیناری بۆ تەرخانکراوە، بۆ گۆڕینی هێڵی (١٣٢) بۆ (٣٣-١١ کەیڤی)دواتر گوازراوەتەوە بۆ قەڵادزێ، لەکاتێکدا قەڵادزێ هێڵی (١٣٢ کەیڤی) پێنەگەیشتووەو زیاتر لە (١٢) کیلۆمەتر لەو هێڵەوە دوورە، بۆیە دەبێت هێڵی (١٣٢)ی بۆ ڕابکێشرێتو دووبارە (٣٣-١١ کەیڤی)ی لێوەربگیرێتەوە، ئەمەش دووجار بەهەدەردانو بەفیڕۆدانی سامانی وڵاتە.

بۆ زانینی هۆکاری گواستنەوەی ئەو دوو وێستگەیە ڕۆژنامە پەیوەندیکرد بە وتەبێژی وەزارەتی کارەباوە، بەڵام بێئاگایی خۆی لەوبارەیەوە نیشاندا.

**لەوبارەیەوە ڕاپۆرتێک لە ل٦-٧دا بڵاوکراوەتەوە**



# وەزارەتی کارەبا: وەزارەتی سامانە سروشتییەکان گازۆیلمان پێنادات

**هەنگاوهاشم- هەولێر**

وتەبێژی وەزارەتی کارەبا ڕایگەیاند: ماوەی چوار مانگە گازۆیلمان لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان وەرنەگرتووەو پشت بە گازی سروشتی کێڵگەی کۆرمۆر دەبەستین.

ئەندامێکی لیژنەی سامانە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستانیش ئاماژە بەوە دەکات؛ بەپێی نووسراوێکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، بڕی (١) ترلیۆن دینار گازۆیل بۆ وەزارەتی کارەبا لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە دابین دەکرێت.

دیار تاهیر بابان، بەڕێوەبەری گشتیی بەرهەمهێنانی وەزی کارەباو وتەبێژ لە وەزارەتی کارەبای هەرێم، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: سەرەتای دروستبوونی وێستگەکانی هەولێرو چەمچەماڵ، کە سەرەتای ساڵی پارە یەکەکانیان لەسەر گازۆیل بوو، دابینکردنی گازۆیلیش لەسەر ئەستۆی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بوو، بەپێی خشتە پێویستیی ئەم دوو وێستگەیە لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە لە ڕێگەی تەندەرەوە پێداویستی گازۆیلیان بۆ دابین دەکرا، بەڵام ماوەی چوار مانگە گازۆیلمان وەرنەگرتووەو کاری پێناکەین، چونکە هەردوو وێستگەی هەولێرو چەمچەماڵ بە گازی سروشتی کاردەکەن،ڕاستەوخۆ بە بۆری بەستراونەتەوە بە کێڵگەکانی کۆرمۆرەوە لە قادر کەرەم».

**بۆ ل٢**

5

## کێ جێگری سەرۆکی هەرێمە

## چیرۆکی نانبڕینو دەستگیرکردنم

18

# بودجە، نێوان حیزبو سەرۆکی حکومەت ئاڵۆز دەکات

**ڕۆژنامە**

لەژێر فشاری سەنتەرو ڕێکخراوەکاندا، سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەبڕیاری بڕینی مینحەی ڕێکخراوەکان پاشگەزبووەوەو بڕیارەکەی گۆڕی بەوەی بۆ هەر ڕێکخراوێک کە مینحەی لە حکومەت وەرگرتووە تا کۆتایی ئەمساڵ (٢) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار دینار تەرخان بکات.

لە هەرێمی کوردستاندا (١١٣٤) سەنتەرو ڕێکخراوی (NGO) هەیە، لەم ژمارەیەش (٢١٤) ڕێکخراو بودجەیان هەبووە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە مانگانە دەکاتە (٨٨٦) ملیۆن دینار.

د.کاوە مەحمود، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە ئەنجومەنی وەزیران ڕێنمایی نوێ بۆ مینحەی ڕێکخراوەکانی (NGO) دەرچووەو بەپێی ئەو ڕێنماییانە مانگانە بڕێک پارەیان پێدەدرێت بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانیان، بەڵام پاش دەرچوونی یاسای ڕێکخراوە (NGO)کان، لەسەر بنەمای پرۆپۆزەڵ مینحەیان پێدەدرێتو ئەوەی ئێستا دەبڕدرێت.

**زانیاری زیاتر لە ل٣دایە.**

# زیندانییانی هەولێر لە مەترسیدان

**نووسینگەی هەولێر**

ئەندامێکی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کورستان، ڕەوشی زیندانییانی «چاکسازیی گەوران»، بە دوور لە بنەماکانی مافی مرۆڤ وەسف دەکات.

ڤیان عەبدولڕەحیم،ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند؛ پاش سەردانیکردنمان بۆ گرتووخانەی چاکسازیی گەورانو فەرمانگەی گرتنو گواستنەوەی هەولێر، دەرکەوت ڕەوشی زیندانییان دوورە لەسەرجەم بنەماکانی مافی مرۆڤو زیندانییەکان لە ڕەوشێکی مەترسیداردا دەژین.

لە گرتووخانەکەدا، (١٢)هۆڵی بەندکراوان هەبوو، هەر هۆڵێک زیاتر لە (٤٠) کەسی تێدایە، کە بە وتەی ڤیان «ئەمە کارەساتە»، چونکە کۆمەڵێک کەس لەوێ هەن، حوکمی لەسێدارەدانیان هەیەو تاوانبارانی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەرو کوشتنو دزیی لەناو هۆڵی گرتووخانەکەدا تێکەڵکراون.

ڤیان عەبدولڕەحیم کە ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕانە، باس لە کێشەی زیندانییان دەکاتو دەڵێت: «زیندانییان، کێشەی دواکەوتنی دۆسییەکانیان هەیە کە لە دادگای تێهەڵچوونەوە، زیندانی هەیە، (١٨) ساڵە چاوەڕوانی بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوە دەکات، ئەمەش کێشەی دەروونی دروستکردووە بۆ زیندانییان.

**بۆ ل٢**

# بازگەکانی دوو ئیدارەیی ماون

**محەمەد سابیر**

هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکیگرتووەتەوە، بەڵام تائێستا بازگەکانی نێوان ئیدارەی سلێمانیو هەولێر لانەبراونو وەک دوو ئیدارەی جیاواز هەریەکەیان بازگەی خۆی هەیە.

لە ناحیەی هیرانو لە نزیک گوندی (کاموسەک)، کە پێشتر کۆتایی سنووری یەکێتی بوو، بازگەیەکی یەکێتی لێیە، کە ڕەنگی سەوزەو لە نزیک بازگەکە وێنەی جەلال تاڵەبانیو کۆسرەت ڕەسوڵ هەڵواسراوە، پاش تێپەڕاندنی بازگەکە بە کەمتر لە یەک کیلۆمەتر بازگەیەکی پارتی دەبینیت، کە ڕەنگی بازگەکە زەردەو هەرکەس بەوێدا بڕوات هەست دەکات دەچێتە سنووری حکومەتێکی دیکەوە، کە پارتی حکومڕانیی دەکات.

جەلال شێخ کەریم، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ، لەم بارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند؛ «ئەو بازگانە بازگەی ئاسایشنو هیچ پەیوەندییەکیان بە وەزارەتی ناوخۆوە نییە.

لە بەرامبەردا حاکم قادر حەمەجان، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی هەرێم/ سلێمانی، ڕەتیکردەوە ئەو بازگانە پەیوەندیی بە دووئیدارەییەوە هەبێت. باسی لەوەشکرد؛ بوونی ئەو بازگانە تەنیا مەبەست لێیان پاراستنی ئاسایشو ئەمنییەتی هاوڵاتییانە، ئەگەر دوو بازگەش هەبێت ئاساییە بۆ ئەوەی زیاتر ئەمنییەت پارێزراو بێت.

ناوبراو سەبارەت بە ڕەنگی بازگەکانیش ڕایگەیاند: ئەوە پەیوەندیی بە بازگەکانەوە هەیەو ئێوە دەتوانن خۆیان بدوێنن.

## ڕۆژنامەنووسێکی «ڕۆژنامە» تاکە لاوی کوردە لە کۆنگرەی لاوانی جیهاندا

3

# بودجە، نێوان حیزب و سەرۆکی حکومەت ئاڵۆز دەکات

**راپۆرتی: هاوڕێ عەبدوڵڵا**



دوای بڕیارەکەی بۆ بڕینی مینحەی حیزب و سەنتەرو ڕێکخراوەکان، سەرۆکی حکومەتی هـەرێـم لـەژێـر فشارێکی گەورەدایە بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی، بـەڵام پشتگیریی کۆمەڵگەی مەدەنی بەدەستدەهێنێت.

وەک بەشێک لەو هەوڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەمکردنەوەی خەرجی دەیدات لەسەر بودجەی (٢٠١٠)، لە سەرەتای ئەمساڵەوە سەرۆکی حکومەت بڕیاریدا مینحەی ئەو ڕێکخراوانە ببڕێت کە بودجە لە حکومەت وەردەگرن، کە زیاترینیان سەنتەرو ڕێکخراوە حیزبییەکانن.

بـەڵام لـەژێـر فـشـاری سـەنـتـەرو ڕێـکـخـراوەکـانـدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا بۆ هەر ڕێکخراوێک کە مینحەی لە حکومەت وەرگرتووە تا کۆتایی ئەمساڵ (٢) ملیۆن و (٥٠٠) هەزار دینار تەرخان بکات، دواتـریـش مینحە نامێنێت و بودجە بەپێی پرۆژە دەدرێت بە ڕێکخراوەکان.

سەرچاوەیەکی ئـاگـادار لە بڕیارە نوێیەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕۆژنامەی ئاشکراکرد، کە سەرۆکی حکومەت لـەژێـر فشارێکی گـەورەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارداییە لەبەرامبەر بڕینی بودجەی حیزبەکان و ڕێکخراو و سەنتەرەکانی حیزب، بەڵام ئەمە بڕیارێکی بوێرانەبووەو لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومییە سەربەخۆکانەوە پشتگیریی لێکراوە.

ئەو سەرچاوەیە، وتیشی: «لە دوو کاتی جیادا فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و گرووپێک لە ڕێکخراوەکانی گەرمیان پشتیوانیی خۆیان بۆ سەرۆکی حکومەت دەربڕیوە، لەبارەی بڕینی ئەو بودجەیەوە».

لە هەرێمی کوردستاندا (١١٣٤) سەنتەرو ڕێکخراوی (NGO) هەیە، لەم ژمارەیەش (٢١٤) ڕێکخراو بودجەیان هەبووە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە مانگانە دەکاتە (٨٨٦) ملیۆن دینار، ئەمەش تا کۆتایی ئەمساڵ دەدرێـت، پاشتر دەبێت لەڕێی پرۆپۆزەڵەوە پرۆژە پێشکەشبکرێت بە حکومەت و بودجە تەنیا بە پرۆژە دەدرێت.

د.کـاوە مەحمود، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە ئەنجومەنی وەزیران ڕێنمایی نوێ بۆ مینحەی ڕێکخراوەکانی (NGO) دەرچووەو بەپێی ئەو ڕێنماییانە مانگانە بڕێک پارەیان پێدەدرێت بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانیان، بەڵام پاش دەرچوونی یاسای ڕێکخراوە (NGO)کـان، لەسەر بنەمای پرۆپۆزەڵ مینحەیان پـێـدەدرێـت و ئـەوەی ئێستا دەبڕدرێت.

هاوکات بە پاساوی کورتهێنانی نزیکەی (١) ترلیۆن دینار لە بودجەی ئەمساڵی هەرێم، لە مانگی رابـردوودا حکومەتی هەرێم بڕیاری ڕاگرتنی بودجەی حیزبەکانی دا تا دەرچوونی یاسای بودجەی حیزبەکان، بەڵام بە فشاری حیزبەکان و خودی سەرۆکی هەرێم، حکومەت بودجەی حیزبەکانی سەرفکرد، بەپێی چەند زانیارییەک لە کۆبوونەوەی نێوان سەرۆکی هەرێم و ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا، داوا لە سەرۆکی هەرێم کراوە بودجەی حیزبەکان وەکو خۆی لێبکرێتەوەو سەرۆکی هەرێمیش ئەوەی بە سەرۆکی حکومەت ڕاگەیاندووە.

بە بۆچوونی عەبدولستار مەجید، کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی، کێشەکە لەنێوان حکومەت و پەرلەماندایەو لەگەڵ ئەوەی لەژێر فشاردا حکومەت ئەم مانگە بودجەکەی سەرفکرد، بـەڵام پێویستە حکومەت ئەو بودجەیە بە حیزبەکان بدات تا دەرچوونی یاسای بودجەی حیزبەکان.

وتیشی: «سەرنجی ئێمە لەسەر ئەوەیە، کە ئەو (٩٠) ملیار دینارە چۆن دەدرێت بە حیزب و ڕێکخراوەکان، نزیکەی (٣٠٠) ڕێکخراو پـارە لە حکومەت وەردەگـرن، لەکاتێکدا نازانرێت ئەو ڕێکخراوانە کێن».

لە مادەی (١٨)ی یاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستاندا ئاماژە بەوە کراوە «بڕی (٩٠) ملیار دینار بۆ پشتگیریی حیزبەکان و پـرۆژەی ڕێـکـخـراوەکـان تەرخاندەکرێت، لـەم تەرخانکراوەش بە ڕێکارێکی کاتیی خەرجدەکرێت تا ئەو کاتەی پارە وەرگیراوەکان لەلایەن حیزب و ڕێکخراوەکانەوە بەپێی یاسای پشتگیریی حیزبەکان لەدوای پەسەندکردنی لـەلایـەن پـەرلـەمـانـی کـوردسـتـانـەوە یەکلاییدەکرێتەوە».

لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستانەوە هەوڵی بە یاساییکردنی بودجەی حیزبەکان دراوە، بەڵام تائێستا یاسایەک بۆ ڕێکخستنی بودجەی حیزبەکان دەرنەچووە.

سـەـرەڕای فـشـارەکـان، گـرووپـی بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی لە گەرمیان، بڕینی مینحەی سەنتەرو ڕێکخراوەکان بە هەنگاوێکی بوێرانە وەسفدەکات و لـە بەیاننامەیەکی گـرووپـەکـەدا ئـەوە خـراوەتـەڕوو: «هـەمـوو پاڵپشتییەکی سەرۆکی حکومەت دەکەین لەم بڕیارانەو ئامادەین لە حاڵەتی هێنانی فشاری سیاسیی بۆ سـەر سـەرۆکـی حکومەت ئێمەیش هاوشان فشاری شەقام بەکاربهێنین، چونکە ئەم بڕیارانە لە بەرژەوەندیی گشتیدایە».

بەڵام سەنتەرو ڕێکخراوەکانی سەر بە هـەردوو حیزبی دەسـەڵاتـدار لەدژی بڕینی بودجەکەیان لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە، گەیاندووەتە مەکتەبی سیاسیی حیزبەکانیان، بەم هۆیەشەوە دکتۆر بەرهەم لەئێستادا لەژێر فشارێکی گەورەی پارتی و یەکێتیدایە.

# ڕۆژنامەنووسێکی «ڕۆژنامە» تاکە لاوی کوردە لە کۆنگرەی لاوانی جیهاندا

**ڕۆژنامە- ئەستەنبوڵ**

کۆنگرەی لاوانی جیهان، لە ئەستەنبوڵی پایەتەختی کلتوورو ڕۆشنبیریی ئەورووپا، بە بەشداریی نوێنەری (١٤٨)دەوڵـــەت دەستیپێکردو ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژنامەش، تاکە لاوی کوردە لە کۆنگرەکەدا.

ڕۆژی (٣١)ی تـەمـمـوزی(٢٠١٠)و بە بەشداریی زیاتر لە (١٠٠٠)لاوی جیهان، کۆنگرەی لاوانی جیهان کە هەر دوو ساڵ جارێک دەبەسترێت، دەستیپێکرد.

لەم کۆنگرەیەدا، عێراق چوار نوێنەر (یاخود باڵیۆزی لاو)ی هەبوو، هەرێمی کوردستانیش تەنیا یەک لاوی هەبوو کە (شالاو فەتاح)ی ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەیە.

ریـزکـا بریتانیا کـە نـوێـنـەری وڵاتـی ئەندەنوسیا بـوو، لـەبـارەی کۆنگرەکەوە پێیوابوو، هەلێکی باشە بۆ یەکترناسینی زیاتری گەلان و چاوکرانەوەیان.

ریزکا کە هاوشانی چەند نوێنەری دیکەی وڵاتـەکـەی خـۆی بـوو، خۆشحاڵیی خۆی دەربـارەی کۆنگرەکە دەربـڕی و پێیوابوو، کۆنگرەیەکی سەرکەوتووە.

دانگ توو کە نوێنەری وڵاتی ڤێتنامەو پێشتر لە چەند کۆنفرانسی جیهانیی دیکەدا بەشداریی کردووە، پێیوابوو، لایەنی پۆزەتیڤی کۆنفرانسەکە، یەکترناسینی لاوانی جیهانە، چونکە ئەمە ڕێگردەبێت لە بڕیاری پێشوەختدان بەرامبەر یەکتری.

ئەم کۆنگرەیە لەلایەن زۆرێک لە وڵاتانی جیهانەوە،بەشێوەیەکی فەرمیی مامەڵەی لەگەڵدا کراو لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە وەکو چالاکییەکی فەرمیی لاوان لەقەڵەم دراوە.

دەوڵەتی تورکیاو شارەوانیی ئەستەنبوڵ، بە هاوکاریی ڕێکخراوی (پیس چایڵد)و ئی- گەنجلیکی تورکی، ئـەرک و خەرجیی کۆنگرەکەیان گرتە ئەستۆ. لەم کۆنگرەیەدا کە تا (١٣)ی ئەم مانگە بەردەوام دەبێت، چەندین بابەت و وۆرکشۆپی جیاواز باسکراون دەربارەی کێشە جیهانییەکان.

# ئەو لیژنەیەی سەرۆکی حکومەت دروستیکرد، ڕاپۆرتەکەی ڕەتدەکرێتەوە

**ڕاپۆرتی: سیروان عەول**

لـەبـەرامـبـەر تـاوانـبـارکـردنـیـان بە کەمتەرخەمیی لەکاتی ڕووداوی سووتانی ئوتێل سۆما، پێنج بەڕێوەبەر بەو بڕیارە ڕازی نابن و داوادەکەن پێداچوونەوەی بۆ بکرێت.

دوای سووتانی ئوتێل سۆما لە ناوەڕاستی مانگی رابـردوودا، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری پێکهێنانی چەند لیژنەیەکی دا، لە ناویاندا لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە هۆکاری سووتانی ئوتێلەکەو دەستنیشانکردنی کەمتەرخەمییەکان.

لیژنەی لێکۆڵینەوەکە ڕۆژی ٢٠١٠/٨/٧ ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی سووتانی ئوتێلەکەی گەڕاندەوە بۆ شۆرتی کارەباو (٥) بەڕێوەبەرێتی پەیوەندیداریشی بە کەمتەرخەم دەستنیشان کـرد، کە پێویستە بەڕێوەبەرەکانیان لە کارەکانیان لابـدرێـن، وەک سـزایـەک لەبەرامبەر کەمتەرخەمییەکەیاندا، ئەوانیش بەرگریی شارستانی، بەڕێوەبەرێتی تەندروستی، هاتوچۆ، هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ، جەی سی سی، بەڕێوەبەرێتی ئاوو کارەبا.

عەمید نەجمەدین، بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی سلێمانی، لەم بارەیەوە بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەو ئەرکەی ئەو شەوە پۆلیس بینی، هیچ دامودەزگایەک نەیبینیوە، بەدەر لەوە چەند ڕۆژی دواتر پۆلیسەکانمان لە ئەرکدا بوون و ئەرکی ئێمەش پاراستنی شوێنەکە بووە».

عەمید نەجمەدین، وتی: «ئاگرکوژێنەوە شـارەزایـی دەوێـت و کەسی شـارەزاش هەڵدەستێت بە کوژاندنەوەی ئاگر، ئەگەر پۆلیسەکانیشمان بچن ئاگربکوژێننەوە، ئێمە ناهێڵین، لەبەرئەوەی کەسی شارەزای خۆی هەیە».

لـەبـارەی تـۆمـەتـبـارکـردنـیـان بە کەمتەرخەمیی لەلایەن لیژنەی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە، عەمید نەجمەدین بەپێویستی زانی ئەو بڕیارە پێداچوونەوەی تەواوی بۆ بکرێت و لیژنەی لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت بزانن کێ بەرپرسیارە.

لای خۆشیەوە دکتۆر ڕێکەوت حەمە ڕەشید، ئاماژەی بەوەکرد؛ هیچ برینداریێک لە ڕێگادا لەو شەوەدا گیانی لەدەستنەداوە، لەناو ئەمبولانسەکان تیوبی هەناسەدان بۆ نەخۆشەکان دانـراوە، هەروەها نەک کارمەندەکان، بەڵکو پزیشک لە شوێنی ڕووداوەکە نەخۆشیان گواستووەتەوە».

لەلایەکی تریشەوە، عەمید ئـاراس ڕەئوف بەڕێوەبەری هاتوچۆی سلێمانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدادوێنێ ٢٠١٠/٨/٩ سەبارەت بەو ڕاپۆرتەی داواکاری گشتیی کە لەبارەی ڕووداوەکـەی ئوتێل سۆماوە ئامادەی کردبوو چەند ڕوونکردنەوەیەکی پێشکەشکرد، وەک ڕەتکردنەوەیەکی تۆمەتبارکردنی بەڕێوەبەرایەتیەکەیان لە کەمتەرخەمییەکانی ڕووداوەکە.

عەمید ئاراس، ڕایگەیاند «من پێمخۆش بـوو کە لیژنەی لێکۆڵینەوە خەبیری بەرگریی شارستانی بانگ بکردایە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەبەرامبەر گواستنەوەی ئەو ئۆتۆمبێلانەدا بکردایە».

بـەڕێـوەبـەری هاتوچۆی سلێمانی، وتیشی: «کاری کارمەندانی هاتوچۆ نییە کە ئۆتۆمبێل بگوێزێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بە بەڵگەوە دەیسەلمێنین کە ئۆتۆمبێلەکان کارمەندەکانی ئێمە گواستویانەتەوە».

لەبەرامبەردا عادل حەمە نوری داواکاری گشتی، وتی: «ئێمە هیچ وەڵامێکمان نییە بۆ ئەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەی کە ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە سازیان کردووە، ئێمە لای خۆمانەوە ڕاپۆرتەکەمان بەرزکردووەتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیـران و وتـوومـانـە کەمتەرخەمییەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە بەم شێوەیە بوون».



فۆتۆ: سیروان عەول

# خۆ کوشتن لە دەربەندیخان زیاد دەکات

**هێمن مەحمود- دەربەندیخان**

حاڵەتەکانی خۆکوشتنی گەنجان لە دەربەندیخان زیادیکردووەو بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەو شارەش ئاماژە بەوە دەکات، ژمارەکان مەترسیدارنین.

موقەدەم سەلام ئەحمەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی دەربەندیخان باس لەوە دەکات: حاڵەتەکانی خۆکوشتن لە قەزاکەدا نەبووەتە دیاردەیەکی مەترسیدار تا خەڵکی بترسێنێت و لە هەموو شوێنێک و لە هەموو شارێکدا ئەو حاڵەتانە هەیە.

سەیرترین دیـاردەی خۆکوشتنیش لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا ئەوەبوو، کە چەند گەنجێک لە مەزارگەیەکی ئاییندا خۆیان هەڵواسی و کۆتاییان بەژیانی خۆیان هێنا، لەو کاتەشەوە تاوەکو ئێستا سێ گەنج لەو شوێنەدا خۆیان خنکاندووە و سێ گەنجی دیکەش ڕزگارکراون.

یەکەم گەنج، کە ئـەو کـارەی کرد و گیانی لەدەستدا، لە تەمەنی سی ساڵیدا بوو، ماوەیەکی زۆر نەبوو لە هەندەران گەڕابووەوە، کەسە نزیکەکانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یاخود مادیی نەبووە.

هەموو ئەو گەنجانەی هەوڵیانداوە خۆیان هەڵبواسن بەو دارەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، هیچ کەسێک لەوانە گرفتی مادیی و کۆمەڵایەتییان نەبووە، بەڵکو هۆکاری خۆکوشتنی هەموویان تائێستا نەزانراون و لەگەڵ خۆیاندا بردوویانەتە گۆڕەکانیانەوە.

بـەپـێـی ئـامـارەکـانـی پـۆلـیـس لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو ئێستا (٣) حاڵەتی خۆکوشتن تۆمارکراوە، جگە لە پووچەڵکردنەوەی (٣) حاڵەتی دیکە.

دوایەمین گەنجیش کە لە ماڵی خۆیاندا کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا، هەفتەی پێشوو بوو، گەنجێکی تەمەن (١٦) ساڵان بوو بەناوی (ش.م) کە لە نهۆمی سەرەوەی خانووەکەی خۆیاندا خۆی هەڵواسیبوو، کەسوکارەکەی تاوەکو پێیان زانیبوو گیانی لەدەستدابوو.

ئـەوەی جێگەی سەرنجە بە بـەراورد بە خۆکوشتنی گەنجانی پیاو، خۆکوشتنی ژنان و ئافرەتان بەدیناکرێت لەم قەزایەدا، کە ئەمەش ئاماژەیەکی دڵخۆشکەرە بۆ هۆشیاریی ژنان لە شارەکەدا.

بەرگریی شارستانی بێ کەلوپەلن 4

# دەسەڵاتی چوارەم، ڕۆڵی خۆی دەبینێت

**سەرنووسەر**

ئەوەی ئەمڕۆ لە هەرێم بەگشتییو لە سلێمانی بەتایبەتی ڕوودەداو بەزەقیی هەستی پێدەکرێت، ئەو ڕۆڵە گەورەو پۆزەتیڤەیە کە چەند ڕۆژنامەو گۆڤارو قەڵەمێکی چاونەترس لە هەرێمی کوردستان دەیگێڕن.

لەلایەک بۆ هاوڵاتییانو ئەزموونی هەرێم بووەتەمایەی دڵخۆشیو دەستکەوتو سەرکەوتنو لەلایەکی دیکەش بووەتە مایەی نیگەرانییو ئەستوورکردنی ڕقی دەسەڵاتداران لەم دەسەڵاتە نەبینراوە کاریگەرە کە کەموکورتی حکومەتو نهێنییەکانی دەردەخـــاتو بەهەدەربردنو بەتاڵانبردنی سەروەتو سامانی وڵاتو هاوڵاتییان وەک پرسیار بە گەورەیی و زیندوویی دەهێڵێتەوە.

دەسەڵات ئەمڕۆ بێت، یان سبەی هەردەبێ ڕێڕەوی حوکمڕانیی خۆی بگۆڕێتو دەستکەوتی حیزبەکانیان ئاشکراو کەم بکەنەوەو هەڵەکان ڕاست بکەنەوە، ئەو مافەی کە هی هاوڵاتییانەو بەهی خۆیانی دەزانن دەستبەرداری بنو بیدەنەوە دەست خاوەنەکانیان.

خۆشبەختانە لەگەڵ بوونی هەندێک کەموکورتی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانو چاوسوورکردنەوەو هەڕەشەکانی دەسەڵات، ئەزموونی ئەم پرۆسەیە لە برەودایەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ سەنگەری ئازادیخوازانو هەقخوازان لە پتەوبووندایەو تادێت بەرەی میدیای ئازادو ئۆپۆزسیۆن فراوانتر دەبێو هاوڵاتییانو لایەنگرانی ئازادییو دۆستانی ڕووناکی بە سەنگەری پێشەوەی خۆیانی دەزانن، تەنانەت هەندێ میدیای حیزبیش ئەمڕۆ بیر لەوە دەکەنەوە، چۆن ڕێچکەی میدیای ئازاد بگرنو گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی، کە ئیتر ئەو جۆرە میدیایە بووەتە بەشێک لە ڕابردوو و تازە کەس ناتوانێت ڕێ لەو شەپۆلە بەهێزە گەردوونییە بگرێت، کە دنیای تەنیوەو داوای ڕوونیو ڕاستگۆییو سەروەریی یاساو دوورخستنەوەی دەستی حیزب لە حکومەتو بازاڕو بازرگانیکردن دەکات.

حکومەتی هەرێم لەماوەی ڕابردووداو لە چەندین بواردا بڕیارو ڕێنمایی تازەی دەرکردووەو ڕووبەڕووی چەندین کێشەو پرسیار بووەتەوە، لەلایەک دەیەوێت گۆڕانێک بەسەر ئەو سیستمەی پێشوودا بهێنێو لەلایەکی دیکە ڕووبەڕووی چەندین کێشەو گیروگرفتی حیزبیی و ئیداریی بەهێز بووەتەوەو ڕۆژانی داهاتووش ئەوە دەسەلمێنێ، کە ئایا ئەم هەوڵانە بۆ ڕێگرتن لە کاری نایاساییو دەستوەردانی حیزبیی (بەهۆی ململانێی حیزبییەوە)، یاخود قەناعەتی تەواوی حکومەتی هەرێمەوە بە زەروورەتی گۆڕانکارییو سەروەریی یاسا لە هەرێمو ئەو پرسیارەش دێتە پێش، کام ئیرادە لەم ململانێیەدا سەردەکەوێت؟

کێشەی ناردنە دەرەوەی بەرهەمە نەوتییەکان ئاماژەیەک بوون بۆ ئەم جۆرە ناکۆکییە، کە لەگەڵ ئەوەی بەرپرسانی حیزبییو حکومیی یەکێتی نکوڵیی لە بەقاچاخبردنە دەرەوەی نەوت دەکەن، بەڵام لەهەمان کاتدا حکومەتو بەرپرسان بە کەمتەرخەم دەزانن لە بەرامبەر ناڕوونییو ناشەفافی ئەو پرۆسەیەو داوا دەکەن، کە دەبێت حکومەت ڕوونکردنەوەی باوەڕپێکراو بدەن بە هاوڵاتییان.

هەروەک سایتی (PUKmedia) لە ڕۆژی (٢٠١٠/٨/٧) بڵاویکردەوە، کە لە دیدارەکەی کەناڵی کوردسات عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی جگە لە دیفاعکردن لە یەکێتیو لە پرۆسەی ناردنە دەرەوەی نەوت، ئاماژەی بەوەشدا کە لێپرسراوانی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرچاوڕوونی هاوڵاتییان پێویستە ڕوونکردنەوەی باوەڕپێکراو بدەن، چونکە هاوڵاتییانیش مافی خۆیانە بزانن داهاتی هەرێمەکەیان چۆن خەرج دەکرێت، تا ئەو گومانەی لایان دروست بووە بڕەوێتەوە، بەڵام عیماد ئەحمەد، ڕوونی نەکردەوە کە مەبەستی چییە لە ڕوونکردنەوەی باوەڕپێکراو؟.

لەلایەکی دیکەوە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر هەمان ڕۆژ واتە (٢٠١٠/٨/٧) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە شاری سلێمانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە (بەپێی یاساو دەستوورو بڕیارەکانی حکومەتی هەرێم، نەوتی خاو نابێت بڕواتە دەرەوە).

هەر لەو کۆنگرەیەدا د.بەرهەم، وتی: (دەبێت پاش کۆتاییهاتنی پشووی پەرلەمان بە داتاو ئامار وەڵامی پرسیارەکان بدینەوە، کە هەندێک لەو پرسیارانەش جدییو بەجێن، هەرچەندە هەندێکیان بۆ شێواندنی ناوی هەرێمی کوردستانە).

ئەم هەڵوێستە نوێیانەی حکومەت پاش ئەوە دێت، کە ڕۆژنامەو میدیای ئازاد بە دوورو درێژیی باسیان لە ناردنە دەرەوەی بەرهەمە نەوتییەکان کردو داوای زانیارییان لە وەزیری سامانە سروشتییەکانو حکومەت دەکرد، بەڵام ئەوان ڕازی نەدەبوون تەنانەت وەڵامی پرسیاری ئەندامەکانی پەرلەمانیش بدەنەوە، چ جای ڕۆژنامەنووسو هاوڵاتییان، ئەمە جگە لەوەی کە ئەم لێدوانانە پاش ئەو داوایانە دێت بۆ لێپرسینەوە لە وەزیری سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، پاش کۆتاییهاتنی پشووی پەرلەمان.

ئەم هەڵوێستانەی بەرپرسانی باڵای حکومییو حیزبیی یەکێتی لەگەڵ نکوڵیکردنیان لە بەقاچاخبردنی بەرهەمە نەوتییەکان بۆ دەرەوەی هەرێم، جۆرێک لە جیاوازیی پێوە دیارە لە جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵاتی چوارەمو هاوڵاتییانو وەڵامدانەوەی پرسیارە قورسەکانیان، کە ئەوەشیان وەک عیماد ئەحمەد، دەڵێت: دەبێت لای هاوڵاتییان باوەڕپێکراوبن.

## لیژنەی پیشەسازییو وزەی خولی دووەمی پەرلەمان:

# نەمانزانی داهاتی بەرهەمە نەوتییەکان بۆ گیرفانی کێیە

**دلێر عەبدولخالق**

سەرۆکو ئەندامانی لیژنەی پیشەسازییو وزەو کانزاکانی خولی دووەمی پەرلەمان، ڕایدەگەیەنن کە دوورو نزیک، ئاگاداری چۆنێتیی گرێبەستە نەوتییەکانو ناردنەدەرەوەی بەرهەمە نەوتییەکانی هەرێم نەبوون.

ئەندریۆس یوحەنا گورگیس، سەرۆکی لیژنەی پیشەسازییو وزەو کانزاکان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند؛ ئەو کاتە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان خاوەنی هەیکەلی ئیداریو دیوانی وەزارەتو بینای تایبەت بەخۆی نەبوو، بەڵکو ئەوەی هەبوو، وەزیرو بریکاری وەزارەت بوو، وەزیریش بە زۆری لە دەرەوەی هەرێم بوو، بۆیە هیچ زانیارییەکمان لەسەر ناردنەدەرەوەی بەرهەمەنەوتییەکانو پارەی ئەو بەرهەمانە نەبوو.

ئەندریۆس، ئاماژەی بەوەشکرد؛ بەهۆی هاوکاری نەکردنی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە بۆ لیژنەکەیان، بە ڕەسمیی هیچ زانیارییەکان پێنەگەیشتووەو هیچ زانیارییەکیشیان لەسەر سروشتی ناردنەدەرەوەی نەوت نەبووە.

ئەندامێکی لیژنەی پیشەسازییو وزە لە خولی ڕابردووی پەرلەمان، ئەوە دەخاتەڕوو؛ وەکو خەڵک، بەئاشکرا زانیویانە کە بەرهەمەنەوتییەکان ئاودیوی دەرەوەی هەرێم دەکرێن، بەڵام بەهۆی وەڵام نەدانەوەی وەزارەتی پەیوەندیدارەوە، ئاگاداری حساباتی بەرهەمەنەوتییەکان نەبوون و نەیانزانیوە داهاتەکەی بۆ گیرفانی کێیە.

محەمەد ڕەفعەت، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی وت: «چەند جارێک لیژنەکەمان داوای وردەکاریی گرێبەستە نەوتییەکانو چۆنێتیی ناردنەدەرەوەی کردووە، بەڵام وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، وەڵامیان نەداینەوە».

بە بڕوای محەمەد ڕەفعەت، ناردنەدەرەوەی بەرهەمە نەوتییەکان بەوشێوەیەی ئێستا هەیە، سروشتی نییە، چونکە هیچ شەفافییەتێک لە سیاسەتی نەوتی حکومەتدا نییە.

# بۆ ڕێگرتن لە بەقاچاخبردنی نەوت، خۆپیشاندان دەکرێت

**ڕۆژنامە**

کەمپەینی «نا بۆ بەقاچاخبردنی نەوت» سەرقاڵی کۆکردنەوەی بەڵگەن لەسەر دۆسیەی نەوتو دواتریش خۆپیشاندانی جەماوەریی لەسەر ئەو دۆسیەیە بەڕێوەدەبەن.

ئاکۆ خەلیل، ئەندامی ڕێکخەری کەمپەینی «نا بۆ بەقاچاخبردنی نەوت»، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لیژنەیەکمان بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە پێکهێناوەو سەرقاڵی کۆکردنەوەی بەڵگەکانین.

وتیشی: لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دۆسیە یاساییەکە ئامادەدەکەینو دواتر لە خۆپیشاندانێکی جەماوەریدا داواکارییەکان دەگەیەنینە داواکاری گشتیی، بۆئەوەی فشار بخرێتە سەر دادگاو پەرلەمان بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی کە دەستیان هەیە لە بەقاچاخبردنی نەوت، بهێنرێنە بەردەم دادگاو پەرلەمان.

ڕۆژی (٨/٥) کۆمەڵێک لە (چالاکوانی مەدەنی، سیاسیی، ڕۆژنامەنووس، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، خەڵکانی ئازادیخوازو کاسبکارو بە بەشداریی و پشتیوانیی چەندین خەڵکو کەسایەتی جۆراوجۆر لە ناوخۆو دەرەوەی کوردستان) کەمپەینی «نا بۆ بەقاچاخبردنی نەوت» ڕاگەیانرا، کە ئامانجی سەرەکی کەمپینەکە بەیاساییکردنی دۆسیەی بەقاچاخبردنی نەوتە لە هەرێمی کوردستان.



فۆتۆ: ڕۆژنامە

# کەمئەندامانی سەنگەر، هەڕەشە دەکەن

**ئاوارە حەمید: هەولێر**

کەمئەندامانی سەنگەر، نیگەرانن لەوەی حکومەت کار بە یاسای تایبەت بە پێشمەرگە کەمئەندامەکانی سەنگەر ناکاتو جیاوازییەکی زۆر لە مووچەکانیاندا هەیە.

عومەر یابە، سەرۆکی ڕێکخراوی کەمئەندامی سەنگەر، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: سەرەڕای کەمئەندامبوونیان لە ڕێگەی کوردستاندا، بەڵام تا ئێستا بەرپرسان هیچیان بۆ نەکردوون، «تەنیا بەڵێن بووەو چەندینجاریش سەردانی بەرپرسانمان کردووە بۆ جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٣٤)ی پەرلەمانی کوردستانی تایبەت بە پێشمەرگە کەمئەندامەکانی سەنگەر».

ئاماژەی بەوەشکرد: لە ئێستادا، چەندین جۆری مووچە بە پێشمەرگە کەمئەندامەکانی سەنگەر دەدرێت، «مووچەکە لە (٧٥)هەزارەوەیە تا (٥٠٠) هەزار کە هەمووشیان کەمئەندامی سەنگەرنو لەبەرامبەریشدا هاوسەنگەرەکانمان مووچەیەکی باشو خانووی باشیان هەیەو ئەو هاوسەنگەرانەمان بە تەنیا جارێکیش سەردانمان ناکەن».

نیگەرانیی خۆیشی نیشاندا لەوەی کە یاسای ژمارە (٣٤)ی ساڵی (٢٠٠٧) کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، بۆ پاراستنی مافی پێشمەرگە کەمئەندامەکانی سەنگەرو سەرۆکی هەرێم واژۆی لەسەر کردووە، بەڵام تا ئێستا تەنیا یەک مادەش لەو یاسایە نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بە وتەی یابە، لەم یاسایەدا، باس لە پێدانی زەوی بە پێشمەرگە کەمئەندامەکان کراوەو تیاشیدا هاتووە کە چارەسەری پێشمەرگە کەمئەندامەکان لە نەخۆشخانەکان بێبەرامبەرە، «تا ئێستا چارەسەرمان لەسەر ئەرکی خۆمانەو بەتەنها لە یەک نەخۆشخانەش بێبەرامبەر نییە، لە دیداری سەرۆکی حکومەتدا، داوای زەویمان کردووە بۆ دروستکردنی خانوو بۆ کەمئەندامانی سەنگەر، بەڵام تا ئێستا وەڵاممان نەدراوەتەوەو سەرۆکی حکومەت بۆ دەستەی وەبەرهێنانی نووسیوە، ڕاتان، لە کاتێکدا ئەمە یاسایەو لە پەرلەمان دەرچووەو پێویستە جێبەجێبکرێت، بەڵام دوای ئێمە، زەوی بە سەرمایەداران دراوە».

یابە، وتی: «ئەگەر یاساکە جێبەجێ نەکرێت، ئەوا هەڵویستمان دەبێتو ئامادەین هەموو ڕێگایەکی دیموکراسی بگرینەبەر».

### پاشماوەی... وەزارەتی کارەبا: وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ...

ئاشکرای دەکات، پێشتر وەرگرتنی گازۆیل بەپێی کارپێکردنی یەکەکان بوو، هەر یەکەیەکیش ڕۆژانە پێویستی بە (٨٠٠) هەزار لیتر گازۆیل هەیە، ئەگەر بە گازۆیل کاری پێبکرێت، تەنیا یەکەکانی وێستگەی هەولێریش چوار یەکەیە، وێستگەی چەمچەماڵیش بەهەمانشێوەیە.

ڕاشیگەیاند: «ماوەی ساڵو نیوێکە لە وێستگەی چەمچەماڵ کار بە گازۆیل نەکراوە، بەڵکو لە ڕێگەی گازی سروشتییەوە بووە، لە کێڵگەکانی کۆرمۆر لە ناوچەی قادرکەرەم، پاش زیادبوونی گازە سروشتییەکە وێستگەی هەولێریش بە گازی سروشتی کاری پێکراو دابینکردنی بودجەو بەرپرسیارێتی دابینکردنی گازۆیل لە ئەستۆی وەزارەتی سامانە سروشتییەکاندا بووە، هەر لیترێک گازۆیلیش بە (٥٥٠-٧٠٠) دینار حساب کراوە.

وتیشی: ئێستا تەنیا گازۆیل بۆچەند وێستگەیەکی بچووکی وەکو وێستگە (٢٩) مێگاواتییەکان لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە دابیندەکرێت، ئەویش بە پارە ناکڕدرێت لە کۆمپانیاکان، بەڵکو ڕاستەوخۆ لە پاڵاوگەکانەوە دابین دەکرێت، کە بڕێکی زۆرکەمە».

لەوبارەیەوە، سیروان ئەبوبەکر، ڕاوێژکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، ڕایگەیاند: ئێستا زیادکردنمان بۆ فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان کردووە، ئەگەر بەرهەمە نەوتییەکان ڕاگرین گازۆیل نابێت بۆ دابینکردنی کارەبا.

بەپێی نووسراوێکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئاماژە بەوەدەکات، نرخی کڕینی گازۆیل بۆ ساڵی (٢٠١٠) بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا پتر لە (١) ترلیۆن دینار دەبێت، بەڵام وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئەم پێداویستییە دابین دەکات. پێشتریش د.ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان، لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوەدابوو؛ پێداویستی وەزارەتی کارەبا لە گازۆیل دابین دەکەین.

ناسک تۆفیق، ئەندامی لیژنەی سامانە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند؛ لەناو لیژنەی سامانە سروشتییەکانو لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان، ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان ڕایگەیاندبوو، گازۆیلی بۆ وەزارەتی کارەبا دابینکردووە.

ناسک، وتی: «بەپێی نووسراوێکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ژمارە (١٦٥٩) لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٣/١٨ کە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی ناردووە، ئاماژە بەوە دەکات، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەتوانێت بە بەهای (١) ترلیۆن دینار گازۆیل بۆ وەزارەتی کارەبا بۆ ساڵی (٢٠١٠) دابین بکات».

### پاشماوەی... زیندانییانی هەولێر لە...

بەشی گرتنو گواستنەوە پێکهاتووە لە (٨)هـۆڵ، کە بە وتەی ڤیان، هۆڵ هەبوو (١٢٤) زیندانیی لەخۆگرتبوو، نەدەتوانرا بەئاسانی هەوا هەڵبمژرێت.

بەپێی یاسا، نابێت زیندانیی لە (٦) مانگ زیاتر چاوەڕوانی بڕیاری دادگا بکات، بەڵام ئەندامەکەی پەرلەمان دەڵێت: گرتووخانەی چاکسازیی هەولێر، زیندانیی هەیە زیاتر لە (٢)ساڵە چاوەڕوانی دادگایە، چەندینیشیان داوای پزیشکی دەرونییان دەکرد.

بڕیاروایە لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان، لەوبارەیەوە بەدواداچوون بۆ کێشەکانو ڕاپۆرتێک پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات.

# لیژنەی نەزاهە خۆی لە لێکۆڵینەوە لە داهاتی نەوت دەشارێتەوە

ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

چوار مانگە لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان ڕاسپێردراوە بۆ ئەوەی بەدواداچوون لەسەر ئاشکراکردنی داهاتەکانی نەوت بکات، بەڵام تائێستا هیچ کۆبوونەوەیەکی لەسەر ئەو مەسەلەیە نەکردووە.

لە مانگی نیسانی (٢٠١٠) پەرلەمانی کوردستان چەند دانیشتنێکی بۆ تاووتوێکردنو پەسەندکردنی بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستان سازکردو لە یەکێک لەو دانیشتنانەدا، کە وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوو، سەرۆکی پەرلەمان لیژنەی نەزاهەی ڕاسپارد تا بەدواداچوون بکات بۆ ئاشکراکردنی داهاتەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان، هاوکات لە ڕۆژی (٧/١-٩/١) پەرلەمانی کوردستان لە پشوودا دەبێت.

لە دانیشتنی (٦/٣٠)دا، کە دوا دانیشتنی خولی دووەمی ساڵی یەکەمی پەرلەمان بوو، د.کەمال کەرکوکی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی خستەڕوو، کە «لەکاتی پشووی پەرلەماندا تەنیا دانیشتنی ئاسایی ئەنجامنادرێت، دەنا لیژنەکان کاری خۆیان دەکەن».

بەوپێیەی کە لیژنەی نەزاهە ڕاسپێردراوە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بۆ داهاتەکانی نەوت بکات، بەڵام وەکو ئەندامانی لیژنەکە ئاشکرای دەکەن، تائێستا لیژنەکە هیچ کۆبوونەوەیەکی لەسەر ئەو مەسەلەیە ئەنجامنەداوە.

د.سەروەر عەبدولڕەحمان، بڕیاردەری لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەرکی پەرلەمانو لیژنەی نەزاهەیە کە بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو داهاتانە بکات، کە ناڕوونیی تێدایە، بە تایبەتی داهاتەکانی نەوت، ئێمە لە لیژنەی نەزاهە لەسەر مەسەلەی داهاتەکانی نەوت تائێستا بەدواداچوونێکی ئەوتۆمان نەکردووە، چونکە سەرۆکی لیژنە لە سەفەردایەو تائێستا هیچ بەڵگەیەکمان لەبەردەستدا نەبووە تا کاری لەسەر بکەین، لە ئێستاشدا سەرقاڵی پرۆژەیاسای دەستەی نەزاهەین، ئێمە لیژنەیەکی چاودێرینو یەکێک لە کێشەکانمان ئەوەیە دەستەی نەزاهە پێکنەهێنراوە، لەکاتێکدا نەوتی هەرێم موڵکی سەرجەم خەڵکی کوردستانەو هاوڵاتییانیش مافی خۆیانە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەنو بزانن داهاتی نەوت دەچێتە چی خەزێنەیەکەوە.

دوای بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکەی «نیویۆرک تایمز»، ڕەوانەکردنی نەوتی هەرێم بە قاچاخ بۆ وڵاتی ئێران بووە هەستیارترین بابەت، کە لە ئاستی حکومییو حیزبییو ڕاگەیاندنەکاندا زۆرترین قسەی لەسەر کراوەو داوای ئاشکراکردنی داهاتەکانی دەکرێت، بەڵام تائێستا حکومەتی هەرێم ڕاستیی ئەو مەسەلەیەی بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرانەکردووەو پەرلەمانی کوردستانیش، کە بەرزترین دەسەڵاتی چاودێریی هەرێمە، تائێستا بۆ ئەو مەبەستە کۆنەبووەتەوە.

هاوکات ڕۆژی یەکشەممە (٨/٨) هەرسێ فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) داواکارییەکیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرد، کە بەزووترین کات پەرلەمان کۆبوونەوەیەکی نائاسایی گرێبدات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلەی ناردنەدەرەوەی نەوت.

سەروەر عەبدولڕەحمان وتیشی: «پێویستە لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خولی نوێی پەرلەماندا، سەرجەم ئەو شتانەی ناڕوونن ئاشکرابکرێن، ئاخۆ نەوت دەبرێتە دەرەوە، ئایا ئەو نەوتە چ جۆرێکە، هەروەها پێویستە هەموو ئەو گرێبەستانەی کە لە بواری نەوتدان ڕوونبکرێنەوەو داهاتی نەوت بۆ کوێ دەچێت، ئێمە لەم مەسەلەیە کۆڵنادەین».

لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەی نەزاهە لە (٢) پەرلەمانتاری یەکێتی، (٣) پەرلەمانتاری پارتی، (٣) پەرلەمانتاری گۆڕان، (١) پەرلەمانتاری یەکگرتوو، (١) پەرلەمانتاری تورکمان) پێکهێنرا، ئەو هەنگاوەش بووە جێی ئومێدی هاوڵاتییانی کوردستان، بەڵام وەکو ئەندامێکی لیژنە ئاماژەی بۆ دەکات، لە ماوەی ساڵێکی تەمەنیدا تائێستا هیچی نەکردووەو نەبوونی لە بوونی باشترە.

سەرهەنگ فەرەج، ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: تائێستا لیژنەی نەزاهە هیچ کۆبوونەوەیەکی لەسەر داهاتی نەوت نەکردووەو قسەی لەسەر نەکردووە، لیژنەکە هیچ چالاکییەکی نەبووەو ئەم لیژنەیە نەبوونی لە هەبوونی زۆر باشترە، چونکە ساڵێکە ئەم لیژنەیە دروستبووە، بەڵام تائێستا بچووکترین کاری نەکردووە، هیچ کەسو لایەنێک تەنانەت سەرۆکایەتی پەرلەمان هاوکاریی ناکات.

ناوبراو بە پێویستیشی دەزانێت، لیژنەی نەزاهە بەزووترین کات کۆبوونەوە ئەنجامبداتو قسەی لەسەر مەسەلەی داهاتەکانی نەوت هەبێتو خەڵکی لێ ئاگاداربکرێتەوە.



## ڕاوێژکاری یاسایی سەرۆکی هەرێم: ئاگام لەو مەسەلەیە نییە

# کێ جێگری سەرۆکی هەرێمە؟

ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

تائێستا نازانرێت پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم چی لێبەسەرهاتووە، هەرچەندە بەپێی ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی تائێستاش کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، لەو پۆستەدا ماوەتەوە، بەڵام ئەندامێکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانیش دەڵێت: «ئەو ناوهێنانە هەڵەیەو پێچەوانەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمە».

بەپێی هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی تایبەت بە سەرۆکایەتی هەرێم، «سەرۆکی هەرێم جێگرێکی دەبێت هاوکاریی دەکات لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیو لەکاتی ئامادەنەبوونیدا جێگەی ئەو دەگرێتەوەو هەر خۆشی جێگری فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەیە، کە سەرۆکی هەرێم هەندێک لە ئەرکو دەسەڵاتەکانی خۆی بەجێگرەکەی دەدات».

بەوپێیەش لە ساڵی (٢٠٠٦)دا کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، وەک جێگری سەرۆکی هەرێم بۆ ئەو پۆستە دانرا (کە بەپێی ڕێکەوتنی نێوان یەکێتیو پارتی ئەو پۆستە پشکی یەکێتییە)، بەڵام لە هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەمموزی ساڵی ڕابردوودا بە هەڵبژاردن سەرۆکی هەرێم دووبارە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرا، بەوپێیەش دەبوو جێگرەکەشی دابنرێتەوە، بەڵام تائێستا نازانرێت، ئایا ئەو پۆستە چی لێبەسەرهاتووەو ئایا بەفیعلی کۆسرەت ڕەسوڵ لە پۆستەکەی ماوەتەوە، یان نا؟

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو لە هەردوو ڕۆژنامەی کوردستانی نوێو ئاسۆوە ڕوونکردنەوەیەک لە سکرتێری ڕۆژنامەوانی جێگری سەرۆکی هەرێمەوە بڵاوکرایەوە بە وێنەی کۆسرەت ڕەسوڵەوە، ئەمەش ئەوەی دووپاتکردەوە، کە تائێستاش یەکێتی سوورە لەسەر ئەوەی کە کۆسرەت ڕەسوڵ لە پۆستەکەیدا ماوەتەوە.

بەڵام ئازاد عیزەدین، ڕاوێژکاری یاسایی سەرۆکی هەرێم، لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئاگام لەو مەسەلەیە نییەو وەک ئێوە دەزانم، کە ئەو جێگری سەرۆکە، یان نا، ئەوە ئیشێکی ئیدارییە من یاساییمو هیچ زانیارییەکم لەوبارەیەوە نییە.

مەسەلەی بێئاگابوونی ڕاوێژکاری یاسایی سەرۆکی هەرێم لە دانانەوەی جێگری سەرۆکی هەرێم، گومان دەخاتە سەر مانەوەی کۆسرەت ڕەسوڵ لە پۆستەکەیدا، بەوپێیەی لە خولی ڕابردووی سەرۆکایەتی هەرێمدا، ئەو جێگرە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دانراو سەرۆکی هەرێمیش بۆ کاروباری یاسایی پرس بە ڕاوێژکارەکانی دەکات.

بەڵام سەرچاوەیەکی ئاگادار لە سەرۆکایەتی هەرێم ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ئاشکراکرد، کە کۆسرەت ڕەسوڵ تائێستاش وەک جێگری سەرۆکی هەرێم دەستبەکارەو هەموو ئەو سەڵاحیەتانەی کە هەیبووە هەر ماویەتیو نووسینگەو فەرمانبەرەکانی وەک جاران کاردەکەن، ئاماژەشی بەوەکرد کەهەر نوسراوێک کە بویسترێت وێنەیەکی بۆ جێگری سەرۆکی هەرێم ڕەوانە بکرێت، دەنێردرێت بۆ کۆسرەت ڕەسوڵ، ئەو سەرچاوەیە هۆکارەکەی گەڕاندەوە بۆ لاستیکیی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کە لە هەموارەکەیدا بەهیچ جۆرێک باس لەکاتی دیاریکراوی جێگری سەرۆکی هەرێم ناکات.

سەبارەت بە پرسی دانانی جێگری سەرۆکی هەرێم، د.زانا ڕەئوف، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بۆ ڕۆژنامە وتی: «لە هەمواری یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمدا، کە جێگری پێ دانراوە وردەکاریی باسنەکراوە، ئایا ئەو جێگرە کێ هەڵیدەبژێرێتو چۆن دادەنرێت؟ هەربۆیە ڕەنگە بۆ ئەمجارە پەرلەمان بێئاگابێت لە دانانەوەی».

لە خولی ڕابردووی سەرۆکایەتی هەرێمدا، جێگری سەرۆکی هەرێم دوای دانانی لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە لەبەردەم پەرلەماندا سوێندی یاسایی خوارد، کە بە وتەی د.زانا، ئەمە یاسایی نەبوو، چونکە «هیچ یاسایەک نییە ئەوە دیاری بکاتو لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمو هەموارەکەشیدا شتێکمان نییە بەناوی متمانە بەخشین بە جێگری سەرۆکی هەرێم، هیچ دەقێکمان نییە کە باس لەوە بکات بە هەڵبژاردن بێت، یان پەرلەمان متمانەی پێببەخشێت، کە ئەمەش کەموکوڕییە لە یاساکەدا».

کەموکوڕییەکانی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم بەجۆرێکە، کە باس لە چوار ساڵی بەردەوامبوونی جێگرایەتی جێگری سەرۆکی هەرێمیش نەکراوە، بەڵام بە وتەی د.زانا، ئەمە لەڕێی ڕاڤەکردنی یاساکەوە هاتووەتەدی «بەجۆرێک بوونی جێگری سەرۆک پەیوەستە بە بوونی سەرۆکی هەرێمەوە، هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ سەرۆک هەڵبژێردراوەتەوە، بۆیە دەبێت جێگریش دووبارە دابنرێتەوە، چونکە ناکرێت سەرۆک بۆ چوار ساڵ بێتو جێگرەکەی بۆ شەش ساڵ، جێگریش هاوکاتە لەگەڵ ئەو کاتە یاساییەی کە سەرۆکی هەرێم تێیدا سەرۆکایەتی هەرێم دەکات».

هاوکات ناوهێنانی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، بە جێگری سەرۆکی هەرێم لەلایەن ڕاگەیاندنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، بە بڕوای د.زانا، «هەڵەیەو پێچەوانەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمە».

لەلایەکی ترەوە بەپێی ڕوونکردنەوەکەی سکرتێری ڕۆژنامەوانی جێگری سەرۆکی هەرێم، کە سەبارەت بە مووچەو میزانییەی جێگری سەرۆکی هەرێم بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە، کە (١٠٠) هەزار دۆلار سەڵاحیەتی سەرفی جێگری سەرۆکی هەرێمە، ئەویش بەگوێرەی یاساو موستەنەداتی بەشی ژمێریاریی نووسینگەی جێگری سەرۆکی هەرێم بە پسوڵەی جێگر سەرف دەکرێت.

بەڵام لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمدا هیچ بڕگەیەک باس لە سەڵاحیەتی سەرفی هیچ بڕە پارەیەک نەکراوە، بەوپێیەش کە جێگری سەرۆک لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی سەرۆکدا هەمان شت پیادە دەکات، کەواتە ئەویش بەپێی یاساکە سەڵاحیەتی سەرفی هیچ بڕە پارەیەکی نابێت.

بەپێی مادەی (١١) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی سەرۆکایەتی هەرێمیش، مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێم بە یاسایەک دەردەکرێت، بەڵام دوای (٥) ساڵ تائێستا بە یاسا مووچەو دەرماڵەو بودجەی سەرۆکی هەرێم ڕێکنەخراوە.

هەربۆیە پەرلەمانتارەکەی گۆڕان، ئاماژە بەوە دەکات: ئەمانە هەموویان کەموکوڕین، هەم لەیاساکەو هەم لەسیستەمەئیدارییەکەش، هەربۆیە فراکسیۆنەکەیان لە کۆتایی مانگی نیسانی ڕابردوودا پرۆژەیەکیان بۆ هەڵوەشانەوەی جێگری سەرۆکی هەرێمو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێشکەشی پەرلەمان کردووە، «چونکە پێمانوایە، بەردەوامبوونی ئەو جێگرانە قۆناغی دووئیدارەیی دەگەیەنێت لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام تائێستا پەرلەمان پرۆژەکەمانی نەخستووەتە بەرنامەی کارەوە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەیەوە».

ڕۆژنامە چەندینجار پەیوەندیی کرد بە سکرتێری ڕۆژنامەوانی جێگری سەرۆکی هەرێم سەبارەت بەو پرسانەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا ورووژێنراون، بەڵام مەریوان مەسعود، وتی: «ئامادەنیم لەوبارەیەوە هیچ لێدوانێک بدەم».



حکومەت دوو پرۆژەی (٣٦) ملیاری کارەبا شکست پێدێنێت 6

## گۆڤاری لڤین: هەڕەشەمان لەسەرە

# ئومێد خۆشناو: بەیاننامەکەی (خەبات) ڕەنگدانەوەی ناخی لاوانو کادیرانی پارتییە

دلێر عەبدولخالق
ئاوارە حەمید

بڵاوکردنەوەی بەشێک لە تێزی دکتۆرای قانعی فەرد، لەسەر مەلا مستەفای بارزانی، گۆڤاری لڤینی دووچـاری تـرسو هێرشی بەرفراوانی پارتی دەکاتەوە، بەشێوەک لاوانی پارتیش ڕایدەگەیەنن: «ئەو گۆڤارە مێژووی چەواشە کردووەو مەلا مستەفا هێڵی سوورە بەلای ئەوانەوە»، سەرنووسەری گۆڤاری لڤینیش سکاڵای یاسایی لەسەر مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی تۆمار دەکات.

ژمارە (١٣٤)ی گۆڤاری لڤین، کە لە ڕۆژی (٢٠١٠/٨/١) بڵاوکرایەوە، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ عیرفان قانعی فەرد، خوێندکاری دکتۆرا لە زانکۆی هارڤاردی ئەمریکی ئەنجامداوە، تێیدا باسی بەشێک لەتێزی دکتۆراکەی، تایبەت بە مێژووی هاوچەرخی کورد دەکاتو لەو ناوەشدا لەسەر سەرکردە سیاسییەکانی کوردو بەتایبەت ڕۆڵی مەلا مستەفای بارزانی وەستاوە.

ڕووداوە مێژووییەکانی ئەو چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییە، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بە سوکایەتی بەرامبەر پیرۆزییەکانی ئـەو سەرکردەیەو ڕەمـزە سیاسییەکانی تەماشاکراوەو جگەلەوەی مامۆستایانی ئایینی سنووری پارێزگاکانی هەولێرو دهۆک هێرشێکی توندیان کردە سەر گۆڤاری لڤین، لە ژمارە (٣٥٤٢)ی ڕۆژی (٢٠١٠/٨/٥) ڕۆژنامەی خەباتی ئۆرگانی پارتیش بەیاننامەیەکی بەناوی گەنجانی داکۆکیکار لە سەروەریی‌و پیرۆزییەکانی کوردستان بڵاوکردووەتەوەو دەڵێن: «چیتر چاوەڕوان نابن».

لە بەشێکی ئـەو بەیاننامەدا هاتووە: «داوا لە گەنجانی هاوخەباتو هاوبیرمان دەکەین دەنگیان بەرز ڕابگرنو چیتر ڕێگە نەدەن یاریی‌و گاڵتە بە خوێنی شەهیدانو سەرکردەکانی وەک پێشەوا قازی محەمەدو ژەنەراڵ مستەفا بارزانی بکرێتو ئەو خەڵکانەی بەو کارە هەڵدەستن ڕیسواو شەرمەزار بکرێن، لای خۆشمانەوە بە هەموو شێوازێک ئامادەین گیانفیدا بکەینو دەست لە هیچ کەس ناپارێزین، کە سنووری ڕێزو ئازادیی خۆی‌و خەڵکی دیکە نەزانێت».


مەسعود بارزانی


ئەحمەد میرە

هاوپەیوەند بەم باسە، شەوی ڕابردوو لە هەندێک لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر بەیاننامەی «هۆشدارینامە» خراوەتە زۆربەی ماڵەکانەوەو وەک هاوڵاتییان خۆیان دەڵێن، ترسو دڵەڕاوکێی لەناو خێزانەکانی هەولێردا دروستکردووە.

محەمەد سلێمان، یەکێک لە دانیشتووانی هەولێر، بە ڕۆژنامەی وت: «بە شەو ئەو هۆشدارینامەیەیان خستووەتە ماڵەکەمانەوەو تێدا ڕەخنەی توند لە گۆڤاری لڤین گیراوە، کە باسی لە پەیوەندیی کەسایەتی مەلا مستەفا بارزانی‌و قازی محەمەد کـردووە، هەڕەشەی تێدا هاتووە ئەگەر سنوورێک بۆ ئەم سووکایەتیانە دانەنرێت، دەست لە کەس ناپارێزین».

بۆ وەرگرتنی زانیاریی لەسەر ئەو کەسانەی ئەو بەیاننامەیان بە هەولێردا بڵاوکردووەتەوە، «ڕۆژنـامـە» پەیوەندیکرد بـە ئاسایشی هەولێرەوە، بەڵام ئامادە نەبوون هیچ لێدوانێک لەوبارەیەوە بدەن.

لە کاردانەوەی ئەو بەیاننامانەدا، دوێنێ گۆڤاری لڤین لە بەیاننامەیەکدا مەترسی ژیانی خۆیانی بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانو ناوەندە میدیاییەکانو لایەنە بەرپرسەکانی هەرێم خستووەتە ڕوو، کە لە بەشێکیدا هاتووە: «چەند ڕۆژێکە پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵمەتێکی پڕ لە توندوتیژیی‌و تەشهیرو تۆقاندنیان بەرامبەر بە گۆڤاری لڤین دەستپێکردووەو بە چەند شێوازی جیاواز هەڕەشەی کوشتنو تۆڵەکردنەوە دەکەن».

لڤین، هۆشیاری ئەوەشدەدات بەهۆی ئەو بارودۆخەی پارتی دروستی کردووە ئازادیی ڕادەربڕینو ڕاگەیاندنی ئازاد لە مەترسیدایەو ڕۆژنامەنووسانی لڤینیش لەبەردەم هەڕەشەی ئەو هەڵمەتە نادیموکراتییەی پارتیدان.

لەو بارەیەوە، ئەحمەد میرە سەرنووسەری گۆڤاری لڤین بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە مامەڵەیەکی ڕۆژنامەوانیمان لەگەڵ ئەو بابەتە کردووەو لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا ڕێگە بەهەموو کەس دەدرێت قسەی خۆی بکات، بەڵام کاردانەوەی پارتی دوورە لە هەموو بنەمایەکی ڕۆژنامەوانی‌و یاسایی بەناوی پیرۆزییەکانی نیشتمانو نەتەوەوە پەلاماری گۆڤاری لڤین دەدەن».

سەرنووسەری لڤین، ئاماژەی بەوەشکرد: بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی هەڕەشەئامێز لە ڕۆژنامەی (خەبات)ی زمانحاڵی پارتی سەلماندی پارتی لەپشت ئەو هەڕەشانەوەیە، هەربۆیە ڕۆژی (٨)ی مانگ بەتۆمەتی هاندانی خەڵک بۆ تیرۆرکردنمان لە بنکەی پۆلیسی سەرا داوای یاسایمان لەسەر سەرۆکی پارتی تۆمار کردووە.

وتیشی: «ژیـانـمـان لـە مەترسیدایەو پاراستنمان لە ئەستۆی حکومەتو ئاسایشدایە، چونکە حیزبێک هانی مامۆستایانی ئایینی بدات لە مزگەوتەکان هێرش بکرێتە سەرمان، دەبێت ئێمە پەنا بەرینە بەر یاساو دادگا، ئەوانیش شتی نایاسایی‌و تیرۆر».

لەبەرامبەر قسەکانی ئەحمەد میرەدا، بەرپرسی یەکێتی لاوانـی پارتی ئاماژەی بەوەکرد: وەکچۆن لڤین لای ئاساییە مێژوو چەواشە بکاتو سوکایەتی بە ڕەمزەکانی کورد بکات، دەبێت چاوەڕێی هەڵوێستی توندی کادیرانی گەنجو لاوی پارتیش بکات.

ئومێد خۆشناو، بەرپرسی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان کە ڕێکخراوێکی سەر بە پارتییە، بە ڕۆژنامەی وت: «ئەو بەیاننامەی بڵاوکراوەتەوە پەیوەندیی بەخودی ڕێکخراوی یەکێتی لاوانـی دیموکراتی کوردستانەوە نییە، بەڵام هەڵویستمان دیارە کە ئێستا لە کوردستاندا فەوزایەکی ئیعلامیی گەورە هەیە، ئەوانەی دەست دەبەن بۆ پیرۆزییەکانی میللەت، دەبێت چاوەڕێی کاردانەوەی کۆمەڵێک گەنجیش بکەن».

بەرپرسی لاوانی پارتی ئاماژەی بەوەشکرد: گۆڤاری لڤین هێرشێکی ناڕەواو مەبەستدارو ئاراستەکراوو چەواشەکارییانەی بەرامبەر پارتی کردووە.

لە بەرامبەر بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی ئەو کۆمەڵە لاوە لە ئۆرگانی فەرمیی پارتیدا، ئومێد خۆشناو ڕایگەیاند: «گۆڤارێک بەو شێوازە مێژوو چەواشە بکاتو خەباتی پڕ سەروەریی سەرکردەیەکی وەک بارزانی، کە هێڵی سوورە بۆ کادیرانی پارتی، ئاوەژوو بکاتەوە، دەبێت بزانێت ئەو بەیاننامەیە ڕەنگدانەوەی ناخی تەواوی کادیرانی پارتی‌و لەناویشیاندا کادیرانی گەنجو لاوی ئەو پارتەیە».

## کارمەندەکانیان فێری تەقەکردن دەکرێن

# بـەرگـریـی شـارسـتـانـی بـێ کـەلـوپـەلـن

ڕاپۆرتی: سیروان عەول

زۆربــەی کـارمـەنـدانـی بنکەکانی ئـاگـرکـوژێـنـەوە بـێـزاریـی لـە بەرامبەر کەمیی خزمەتگوزارییەکانیان دەردەبڕنو نەبوونی پێداویستییەکانیان وایان لێدەکات دەستلەکاربکێشنەوە.

نەبوونی بینای تایبەت بە بنکەکان، نەبوونی پەیژە، کەمیی بتڵی ئۆکسجین، جزمەو دەستکێشو جلوبەرگی ئاگرکوژاندنەوە، کڵاوی گلۆپی تایبەت بە ئاگرکوژێنەوە، لەو کەلوپەلانەن کە بوونەتە هۆی سەرنەکەوتنی بەشێک لە تیمەکانی ئاگرکوژاندنەوە لە کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکاندا.

یـەکـێـک لـە کـارمـەنـدەکـانـی بنکەی ئاگرکوژێنەوەی بەختیاری کە نەیویست ناوی بهێنرێت بۆ ڕۆژنامە وتی: «کێشەکانمان تەنیا لە یەک ڕووەوە خۆی نابینێتەوە، بەڵام کێشەی سەرەکی ئێمە نەبوونی بینایەکە بۆ بنکەکە، ئەمەش کێشەی هەموو بنکەکانی ئاگرکوژاندنەوەیە».

بینای بنکەی ئاگرکوژاندنەوەی بەختیاری لە ئێستادا دەکەوێتە گەڕەکی ڕزگارییەوەو بە وتەی ئەو کارمەندە: «لەتەنیشت دوو موەلیدەی کارەبای ئەو گەڕەکەوەیەو تەوالێتێکی باشی تێدا نییە، لەبری زێراب بیریان هەڵکەندووەو ئاوەڕۆی ئەو بیرەش دەچێتە بەردەم ماڵەکانی ئەو گەڕەکەوە».

ئەو کارمەندە، وتی: «لەکاتی گرتنەوەی فۆمەکان دەبێت ئاو لە ماڵەکانەوە بهێنین».

سووتانی ئوتێل سۆما لە ناوەڕاستی مانگی تەمموزی ڕابـردوودا، جارێکی تر ئاشکرای کرد کە تیمەکانی ئاگرکوژاندنەوە کەمترین لەو کەرەستانەیان لەبەردەستدایە کە پێویستن بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکان، ئەم ڕاستییەش لە کەوتنەوەی ئاگری دارستانەکانی هەرێمدا زیاتر ڕوونبووەوە.

کارمەندێکی دیکەی ئاگرکوژاندنەوە زۆر بە ڕاشکاویی ئاشکرای دەکات: تەنیا دوو بنکە لە سلێمانیدا تانکەری ئاوی هەیە، سەرەڕای ئەوەی بە هەموو بنکەکان یەک ئۆتۆمبێلی پەیژەیان هەیە.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە، کارمەندانی ئاگرکوژاندنەوە هیچ زەمانەتێکی ژیانیان نییە، تەنیا خانەنشینیی‌و دەرماڵەی مەترسی نەبێت، کە ئەمەش ناتوانێت ژیانی ئەو کارمەندانە مسۆگەر بکات، لەکاتێکدا کە جەستەیان دەسووتێتو لە کارکردن دەکەون.

کارمەندێکی بنکەی ئاگرکوژاندنەوەی چوارباخ، کەنەیویست ناوی بهێنرێت بۆ ڕۆژنامە وتی: «بە نووسراوی ڕەسمیی بەڕێوەبەرێتی بەرگریی شارستانی، کە نێردراوە بۆ هەموو بنکەکانی ئاگرکوژاندنەوە، ئاگادارکراونەتەوە لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ڕووداوێکی ئـاگـردا، کە ڕووبــەڕووی ئۆتۆمبێلەکانی ئاگرکوژاندنەوە دەبێتەوە، زیانەکانی ئەو ئۆتۆمبێلە بە شۆفێرەکەی دەبژێردرێت».

ئەو کارمەندە ئەوەشی بە نموونە هێنایەوە، یەکێک لە شۆفێری بنکەکەیان لەکاتی چوونی بۆ کوژاندنەوەی ئاگرێک لە ئۆتۆمبێلێکی جۆری ئۆپڵ دەدات، لەپاشاندا داوای لێکراوە ئەو ئۆتۆمبێلە خۆی چاکی بکاتەوە.

ئـەو کـارمـەنـدە ئـەوەشـی خستەڕوو؛ کارمەندەکانیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەر سووتانێک لەکاتی ئاگرکەوتنەوەکاندا لەلایەن پزیشکەوە مۆڵەتی ڕەسمییان پێدەدرێت، بەڵام ئەو چەند ڕۆژەی مۆڵەتی کردووە تا چاک دەبێتەوە غەرامە دەکرێت، واتە لەو دەرماڵەیەی کە بۆی سەرف دەکرێت بۆ هەر ڕۆژێک بڕی (١٢) هەزار دیناری لێدەبڕدرێت.

سەرەڕای کەمیی خزمەتگوزارییەکانیان، کارمەندانی بەرگریی شارستانیی جەخت لەوە دەکەنەوە، کە لەمانگێکدا (٣٦٠) سەعات دەوام دەکەن، ئەمەش دوو هێندەی دەوامی پۆلیسی پاسەوانی سنوورو پۆلیسی شارەوانی‌و پۆلیسی بەرگریی فریاکەوتن، کە لەماوەی مانگێکدا ئەوان کەمترین مووچەیان لە (٥٠٠) هەزار دینار کەمتر نییە، بەڵام کارمەندانی بـەرگـریـی شارستانی کەمترین مووچەمان بە دەرماڵەشەوە ئینجا دەگاتە (٤٥٠) هەزار دینار.

کارمەندانی بنکەکانی ئاگرکوژێنەوە داوا لە وەزارەتی ناوخۆ دەکەن تا ئەوان جیابکەنەوە لە بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسو ئاسایشی ناوخۆو دەڵێن: «بەرگریی شارستانی پەیوەندیی بە چەکو تەقەمەنییەوە نییە، ئێمە لەبری ئەوەی دەوراتی تایبەت بە بەرگریی شارستانیمان پێبکرێت، دەمانبەن لە فەرماندەیی خولی شێوازی دەمانچە تەقاندنو کڵاشینکۆف تەقاندنمان پێ دەبینن».

لەبەرامبەر ئەو هەموو کەموکوڕییانەی تیمەکانی ئاگرکوژاندنەوە، بەڕێوەبەری گشتیی بەرگریی شارستانی، بێدەنگیی هەڵبژاردو ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک بدات بۆ ڕۆژنامەو وتی: «لە سەرووی خۆمەوە پێمڕاگەیەندراوە کە هیچ لێدوانێک سەبارەت بەو کەموکورتییانەی هەیە، نەڵێم».

نەریمان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ناوخۆ لە پەرلەمانی کوردستان، باس لەوەدەکات، لیژنەکەیان ڕاپۆرتێکی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەرزکردووەتەوەو تیایدا داوایـان کـردووە، بەڕێوەبەرێتیی بەرگریی شارستانێتی بکرێت بە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی هـەرێـم، بۆ ئـەوەی هـەوڵ بدرێت هەموو پێداویستییەکانیان بۆ دابینبکرێتو پێداچوونەوەیەکی سەرتاسەریی بکرێت بە سیستمی ئاگرکوژێنەوەدا، لەبەرئەوەی ئەوسیستمەی ئێستا جێبەجێ دەکرێت، لە ئاستی ئەم وڵاتەی ئێمەدا نییەو زیانی گەورەی لێدەکەوێتەوە.



# گۆڕانکاریی لەشوێنی هەردوو وێستگەی سەنگەسەرو بازیان دەکرێت



مەحەویلانەی لـــەسەر شەقامەکە هەن هەموویان (١١kv)ن، بۆیە دەبێت سەرجەم تۆڕو محەویلەکانی ئەو شەقامە کە دوو ساڵە نوێکراونەتەوە، دووبارە دەبێت بگۆڕرێنەوە بە (٣٣kv)، کە ئەویش زۆرترین زیانی هەیە، چونکە ناکرێت کارەبای ئەو هێڵە پاڵەپەستۆ بەرزە بە عەمودو تاوەر بگوازرێتەوەو دەبێت بەژێر زەویدا رابکێشرێتو هەموو شەقامی سالم هەڵبکەنرێت، هـــەروەک بودجەیەکی زۆر زۆری دەوێتو ئەوەش لەئێستادا لە توانای حکومەتدا نییە».

وێستگەی گۆڕینی بازیان کە بڕیارە ببرێتە رزگـاری، تەنیا (٢٤) فیدەری (٣٣ کەیڤی) هەیەو بەهیچ شێوەیەک هاوڵاتییان لێی سوودمەند نابن، لەکاتێکدا وێستگەی گۆڕینی کـارەبـای رزگـــاری، خـۆی (٤) فیدەری بەتاڵی (٣٣ کەیڤی)ی یەدەگی هەیە کە بەکار نەهاتوونو دەتوانرێت هێڵی (٣٣)ی لێدەربکرێتو بەشی هەموو شەقامی سالم دەکات کە پێویستی بە (١٠٠) مێگاوات هەیە، پێشتریش بەڕێوەبەرێتیی گواستنەوەی وزەی کارەبای سلێمانی، داوای نوێکردنەوەی وێستگەی رزگاری کـردبـوو، بـەڵام وەزارەت بە بیانووی نەبوونی بودجەوە، ڕەزامەندیی پیشان نەداوەو ئێستا هێنانی ئەو وێستگەیە دەکەنە بیانوو، هەروەک هەریەک لە وێستگەکانی باشوورو ئەزمەڕو زەرگەتە لە شاری سلێمانی هێڵی (٣٣ کەیڤی) بەتاڵیان هەیەو دەتوانرێت بەکاربهێنرێن.

### وێستگەکەی بازیان

وێستگەی گۆڕینی بازیان، بڕی (٢١) ملیارو (٣٤٦)ملیۆنو (٧٠٩)هەزارو (٨٠٤) دیناری بۆ تەرخانکراوە.

بۆ دروستکردنی وێستگەی کارەبای بـازیـان، پێشتر لە رێـگـای وەزارەتـــی کشتوکاڵو کارەباو ناحیەی بازیانەوە، هەموو ڕێوشوێنە یاساییەکان تەواوکراونو زەوییەکەی بۆ بەڕێوەبەرێتیی کارەبای سلێمانی وەرگیراوەو تەنانەت گرێبەستی دوو جوتیاری لەسەربووەو قەرەبوو کراونەتەوە.

پارچە زەوییەکەی دەکەوێتە کەرتی (٨)ی بازیانەوەو بە بڕیاری ژمارە (٨١٣) لە ڕۆژی (٢٠١٠/١/١٩)ی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی گـەشـتـوگـوزار کـە ئاراستەی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کشتوکاڵی سلێمانی کـراوە، ڕەزامەندییان لەسەر نیشانداوە بۆ تەرخانکردنی ڕووبەری (١٧/١٩)دۆنم زەوی لەسەر پارچە زەویی ژمارە (٦/١) بۆ بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کارەبای سلێمانی بە مەبەستی وێستگەی گۆڕینی کارەبا لە (١٣٢ کەیڤی)یەوە بۆ (٣٣کەیڤی)، ئەمەش لە وەڵامی نووسراوی ژمارە (٣٧٤) لە (٢٠١٠/١/١٢) کە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کشتوکاڵی سلێمانی ئاراستەی وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاوو بەڕێوەبەرێتیی گشتیی زەویوزاری کردووە.

دواتر بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کشتوکاڵی سلێمانی، بە نووسراوی ژمارە (٩٣٣)لە (٢٠١٠/١/٢٧) ئاراستەی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی باجەکان/ خانووبەرەی میری کـردووە لەگەڵ نووسراوەکەدا نەخشەو کۆنووسو گشت بەراییەکانیان ئاراستە کردوون، ڕەزامەندیی نیشانداوەو پارچە زەوییەکە وەرگیراوە بۆ بەڕێوەبەرێتیی گواستنەوەی وزەی کارەبای سلێمانی بە مەبەستی دروستکردنی وێستگەکە.


### وێستگەکەی سەنگەسەریش، ئیفلیجکرا

لەهەمان (قـۆنـاغ) ستەیجی پێنجی پڕۆژەکانی بەڕێوەبەرێتیی گواستنەوەی وزەی کارەبای سلێمانیدا، دروستکردنی وێستگەی کارەبای سەنگەسەر بوو کە بـڕی (١٥)ملیارو (٦١٤)ملـیـۆنو (٤٧٥) هەزارو (٤٤)دیناری بۆ تەرخانکراوە، بۆ گۆڕینی هێڵی (١٣٢) بۆ (٣٣-١١کەیڤی) دواتر گوازراوەتەوە بۆ قەڵادزێ، لەکاتێکدا قەڵادزێ هێڵی (١٣٢کەیڤی) پێنەگەیشتووەو زیاتر لە (١٢) کیلۆمەتر لەو هێڵەوە دوورە، بۆیە دەبێت هێڵی (١٣٢)ی بۆ رابکێشرێتو دووبارە (٣٣-١١کەیڤی) لێوەربگیردرێتەوە، ئەمەش دووجار بەهەدەردانو بەفیڕۆدانی سامانی وڵاتە.

وەزیری پێشووی کارەباش لە کابینەی پێنجەم، بڕیاریدابوو کە وێستگەی گۆڕین لە هیچ شوێنێک دروســت ناکرێت کە هێڵی (١٣٢ کەیڤی) نەبێتو بەگوێرەی سەرچاوەکەی ڕۆژنامە، لەگواستنەوەی وێستگەی سەنگەسەر بۆ قــەڵادزێ، نە حسابی پارەو بودجە کراوە، نە پلاندانان، لەکاتێکدا بەدروستکردنی ئەو وێستگەیە لە سەنگەسەر، هەموو کێشەی ناوچەی پـشـدەری چـارەسـەر دەکـرد، بـەڵام لە گواستنەوەی بۆ قــەڵادزێ سوودێکی ئەوتۆی نابێت، بەڵام لەبەرئەوەی پێشتر سەرۆکی حکومەت بەڵێنی دروستکردنی ئەو وێستگەیەی بە قەڵادزێ دابوو، ئێستا وێستگەکەی سەنگەسەر گوازراوەتەوە.

سەرەڕای ئەوانەش ئەو بودجەیەی کە بۆ پڕۆژەکانی قۆناغی پێنجەم (ستەیج٥) تەرخانکراوە، کە بەهاکەی دەگاتە (٧٦) ملیارو (١٩٧) ملیۆنو (٧٣٣) هـەزارو (٢٣٤) دینار، هیچ پارەیەک بۆ سپێرپارت (کەلوپەلی یەدەگ) دانەنراوە، کە دەبوایە ٢٠٪ی ئەو بودجەیەی بۆ مەوادی یەدەگ تەرخان بکرایە، بەڵام وەزارەتـی کارەبا ئەم مەسەلە گرنگەشی فەرامۆشکردووەو بەو هۆیەشەوە ئەگەر لە ئایندەدا هەر کێشەیەک تووشی ئەو وێستگانە ببێت، لە کاردەوەستنو چارەسەر ناکرێن، بۆیە بە پێویست دەزانرێت ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەکانیدا ئەو بابەتە باس بکاتو لە ڕاستیو دروستی ئەو زانیارییانە بکۆڵنەوەو داواکـاری گشتیش بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە بکات.

**ڕۆژنـامـە سـەرجـەم بـەڵـگـەو دۆکیۆمێنتەکانی پەیوەست بەم بابەتەی لەلایە.**




حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو
حكومة اقليم كوردستان
وزارة الزراعة والموارد المائية
بۆ/ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی وزار/ تەرخان کردن
بابەت/ وێستگەی گۆڕینی کارەبا


حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەقلیم کوردستان - العراق
Kurdistan Regional Government
بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان/ خانووبەرەی میری
بابەت/ وێستگەی گۆڕینی کارەبا


هەرێمی کوردستان - عێراق
اقليم كوردستان - العراق
ئەنجومەنی وەزیران
مجلس الوزراء
Kurdistan Regional Government
Council Of Ministers
Ministry Of Electricity
General Directorate of Transmission
بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی
ب/ گۆڕانکاری لە وێستگەکانی قۆناغی (٥)ی سلێمانی

فەیلییەکان داوای گەرەنتی دەستووریی دەکەن 8

# حکومەت دوو پرۆژەی (٣٦) ملیاریی کارەبا شکست پێدێنێت

بەدواداچوونی: ڕۆژنامە

لەبەر بەرژەوەندیی دووکارگەی چیمەنتۆ، وەزارەتی کارەبا، وێستگەیەکی گۆڕینی کارەبای (١٢٣-٣٣ کەیڤی) لە بازیان دەگوازێتەوە بۆ ڕزگاری، کە هیچ سوودێکی بۆ دانیشتووانی شاری سلێمانی نییەو بەهۆی دروست نەکردنی ئەو وێستگەیەشەوە، کارگەکانی چیمەنتۆی بازیانو ماس، ڕاستەوخۆ لە هێڵی (١٣٢ کەیڤی)یەوە کارەبا وەردەگرن بەبێ ئەوەی وەزارەتی کارەبا هیچ کۆنترۆڵێکی بەسەر ئەو بڕە کارەبایەدا هەبێت کە کارگەکان بەکاریدەهێنن، کە نزیکەی (١٠٠)مێگاواتەو دەکاتە (٤/١)ی بەشە کارەبای سلێمانی.

وێستگەی گۆڕینی کارەبای بازیان کە بڕیاربوو ساڵی (٢٠٠٩) دروستبکرێت بە بڕی زیاتر لە (٢١)ملیار دینار، بۆ دابینکردنی کارەبا بۆ کارگەکانی سنووری بازیان، بە بڕیارێکی کتوپڕ دەگوازرێتەوە بۆ وێستگەی ڕزگاری لە سلێمانی، بەبێ ئەوەی هیچ سوودێکی ڕاستەوخۆی بۆ هاوڵاتییان هەبێت.

ڕۆژی پێنجشەممە(٢٠١٠/٨/٥)، یاسین ئەبوبەکر، وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە سلێمانی ڕایگەیاند: بەهۆی ئەوەی لۆدی کارگەکانی چیمەنتۆ بەرزدەبێتەوە، بڕیاریانداوە کە کارەبای ئەو کارگانە لە هێڵی (١٣٢ کەیڤی) ببەستن.

ئەوەش لە کاتێکدایە، ئەگەر ئەوە بیانووەکە بێت، دەتوانرێت بە دانانی فیدەرێکی دیکەی (٣٣ کەیڤی) ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، بەڵام لەبەر خاتری کارگەکان، ئەوە ناکرێت، لەکاتێکدا هێڵی (١٣٢ کەیڤی) تەنیا بۆ گواستنەوەی کارەبا لە نێوان شارەکاندا بەکاردێت، نەک بەو شێوەیە بدرێت بە کارگەو شوێنی دیکە، چونکە هێڵی (٣٣ کەیڤی) تایبەتە بە کارگەو هێڵی (١١ کەیڤی)یش بۆ کارەبای ماڵان بەکاردێت.

وەزیری کارەبا، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: پاش لێکۆڵینەوەو دیراسەکردنی ورد، بڕیاریانداوە کە وێستگەیەکی (٢٤)فیدەری (٣٣ کەیڤی) لە تەنیشت وێستگەی ڕزگاری دروست دەکەن، بۆ ئەوەی بۆ ماوەی (٧) ساڵی داهاتوو کارەبای بیناکانی شەقامی سالم دابین بکەن.

بەگوێرەی سەرچاوەیەکی بەڕێوەبەرێتیی کارەبای سلێمانیش، لە ئێستادا لە وێستگەی ڕزگاری، (٩)فیدەری کارەبای (٣٣ کەیڤی) هەیە، بەڵام تەنیا (٥)فیدەریان لە کاردانو (٤) فیدەرەکەی دیکەی یەدەگەو دەتوانرێت بۆ ئەو شەقامە بەکاربهێنرێن، چونکە کەمترین توانای ئەو (٤)فیدەرە (٣٣ کەیڤی)یە بریتییە لە بڕی (١٠٠)مێگاوات کارەباو بە ئاسانی دەتوانن ئەو پێداویستییانەی شەقامی سالم بۆ چەند ساڵێک دابین بکەن کە وەزیر باسی دەکات، چونکە وەک سەرچاوەکەی ڕۆژنامە باسی دەکات، لە ئێستادا هەموو پێداویستیی ئەو شەقامە، لە (١٥)مێگاوات تێپەڕ ناکاتو بەم پێیەش، بە هێنانی ئەو وێستگەیە ژمارەی فیدەرە (٣٣ کەیڤی)یە کارپێنەکراوەکانی وێستگەی ڕزگاری دەبنە (٢٨)فیدەری یەدەگ بەبێ ئەوەی هیچ سوودێکیان لێوەربگیرێت.

### کارگەکانی چیمەنتۆ، بەبێ کۆنترۆڵ کارەبا وەردەگرن

ئەو سەرچاوەیە زیاتر ڕوونی کردەوە کە هێڵی (١٣٢ کەیڤی) بۆ ئەو کارگانە سوودی زۆری هەیە، بەو پێیەی کوژاندنەوەو ئیشپێکردنی لەژێر کۆنترۆڵی وێستگەکانی تایبەت بە خۆیاندایەو دوور لە دەسەڵاتی حکومەتو لە هەمانکاتدا بە درێژایی هەبوونی کارەبا، ئەوان کارەبایان دەبێت، ئەوەش بە زیان بۆ سەر بەشە بڕی کارەبای پارێزگای سلێمانی کۆتایی دێت، بۆیە دانانی ئەو وێستگەیە لە بازیان، سوودی زۆری دەبێت بۆ حکومەتو هاوڵاتییانو ڕێگەش لە بەهەدەردانی ئەو بڕە کارەبایە دەگرێت کە ئەو کارگانە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بە شێوەیەکی بەردەوام بەکاریدەهێنن، چونکە ئێستا ئەو ناوچەیە(بازیان) بەرەو ئەوە دەچێت کە ببێتە ناوچەیەکی پیشەسازیی، بەوپێیەی ژمارەیەک کارگەی چیمەنتۆو کارگەی دیکەی تێدایەو لە ئایندەشدا کارگەی ئاسن تواندنەوەی لێدروست دەکرێت.

بۆیە، گواستنەوەی ئەو وێستگەیە زیانی دەبێتو سوودمەندی یەکەم، کارگەکانی چیمەنتۆی ماسو بازیانن، نەک هاوڵاتییان، بۆیە دانانی وێستگەکە لە بازیان، ئەو کارگانە ناچار دەکات کە کارەبا لەو وێستگەیەوە وەربگرنو حکومەتو بەڕێوەبەرێتیی کارەباش، دەسەڵاتی کۆنترۆڵو ئیشپێکردنی ئەو کارەبایەیان دەبێتو بە پێچەوانەشەوە هێنانی وێستگەکە بۆ ڕزگاری هیچ سوودێکی ئابووریی نابێت.

سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرێتیی کارەبای سلێمانی کە لەبەر هەستیاریی دۆسیەکە، نەیویست ناوی بهێنرێت، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ساڵی (٢٠٠٨)، داوا لەکارەبای سلێمانی کراوە کە لیستێک ئامادەبکەن بۆ ئەو پرۆژانەی کە ئەولەویەتنو پێویستیان بە جێبەجێکردنە، دوای ئامادەکردنی پرۆژەکەو گفتوگۆکردن لەگەڵ وەزارەتی کارەبا، ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە (٨) وێستگەی نوێ دابنرێتو نوێکردنەوە لە (٢) وێستگەی تردا بکرێتو ئەو پرۆژانە خرانە قۆناغی (٥)ەوە».

یەکێک لەو پرۆژە گرنگانە، دروستکردنی وێستگەی گۆڕین (١٣٢- ٣٣ کەیڤی)ی بازیان بوو، بە سێ محەویلە وێستگەیەکی (١٣٢-٣٣-١١ کەیڤی)، بۆ ئەوەی ئەو وێستگەیە سوودی بۆ کارگەکانو ماڵانیش هەبێتو دواتر وەزارەتی کارەبا ئەوەی فەرزکرد کە ئەو وێستگەیە تەنیا (١٣٢-٣٣) بێتو (١١ کەیڤی)یەکەی لێدەرکاتو بوو بە سێ محەویلە کە توانای هەریەکێکیان (١٢٥mva)یە، واتە بە هەرسێکیان (٣٧٥mva)ە، بەو پێیە ئەو ناوچەیە دەبێتە ناوچەیەکی پیشەسازییو چەندین کارگەی تێدا دروستدەکرێت.

کاتێک بڕیاریاندا لەو پرۆژەیە، کۆمپانیای چیمەنتۆی ماس تەواو نەکرابوو، کارگەی چیمەنتۆی بازیانیش بە موەلیدە کارەبایان بۆ خۆیان دابین دەکردو لە ڕۆژی (٢٠٠٩/١٠/٥)ەوە هەموو پرۆژەکانی قۆناغ (ستەیجی٥) دەستبەکاربوون، بەڵام تائێستا هیچ کارێک لەسەر وێستگەی بازیان نەکراوە، لەبەرئەوەی وەزارەتی کارەبا دەیەوێت ئەو وێستگەیە بگوازێتەوەو بەهۆی دروست نەکردنی هیچ وێستگەیەکی گۆڕینەوە، ئێستا ڕاستەوخۆ لە هێڵی (١٣٢)ەوە کارەبا دەدرێتە کارگەی چیمەنتۆی ماسو کارگەکە وێستگەیەکی گۆڕین (١٣٢-٣٣ کەیڤی) لەناو کارگەکەی داناوەو بە بەردەوامی کارەبا لەو هێڵەوە وەردەگرێت.

### (١٣٢) بۆ دابەشکردن نییە

لەکاتێکدا هێڵی (١٣٢ کەیڤی) تەنیا بۆ گواستنەوەی کارەبایە بۆ شوێنە دوورەکان بە ڤۆڵتیەیەکی بەرز، بۆ ئەوەی کەمترین لەدەستچوون هەبێت، نەک بۆ دابەشکردن، واتە کاری ئەو هێڵانە گواستنەوەی کارەبایە لە سەرچاوەی بەرهەمهێنانەوە بۆ وێستگەکانی گۆڕینو ئێستا ئەو کارەبایەی دەدرێتە کارگەی چیمەنتۆی ماس، لەژێر کۆنترۆڵی کارەبای سلێمانیدا نییەو خۆی مامەڵەی پێوە دەکات، لەکاتێکدا ئەو کارەبایەی وەریدەگرێت، هی وێستگەی (٧٥٠)مێگاواتی چەمچەماڵە کە موڵکی هەمان وەبەرهێنەرەو خۆی بۆ هەر کیلۆواتێک، تەنیا (٢٠)دینار دەداتە حکومەت، لەکاتێکدا لە وێستگەی کارەبای چەمچەماڵەوە هەر کیلۆواتێک کارەبا بە (٣٥)دینار دەفرۆشێتەوە بە حکومەتو لەگەڵئەوەی حکومەتی هەرێم بێ بەرامبەر سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا دابین دەکات.

لەئێستادا کۆمپانیای چیمەنتۆی بازیانیش، داوای کارەبا دەکات، ڕاستەوخۆ لە هێڵی پاڵەپەستۆ بەرزی (١٣٢ کەیڤی)یەوە، سەرچاوەکەی ڕۆژنامە جەختی کردەوە: «ئەو کارگەیەش، هەموو مامەڵەکانی تەواوکردووەو وەزارەتی کارەباش ڕەزامەندیی لەسەر ئەوە نیشانداوە کە کارەبا بەهەمان شێوە بدرێتە کارگەی چیمەنتۆی بازیانو بۆ هەر کارگەیەکی تریش کە لەو ناوچەیە دروست بکرێت، وەزارەتی کارەبا ناچارە بەهەمانشێوە کارەبایان پێبداتو بەگواستنەوەی وێستگەی کارەبای بازیان بۆ ڕزگاری، حکومەت دەیەوێت ئەو هەڵەیەی خۆی بە هەڵەیەکی گەورەتر پینە بکات».

بەو بڕیارەش، نزیکەی (١٠٠)مێگاواتی کارەبای خەڵکی شاری سلێمانی دەڕوات بۆ سێ کارگەی چیمەنتۆ(ماس-بازیان-تاسڵوجە)، کە دەکاتە (٤/١)ی پێویستیی شاری سلێمانیو بە گەڕانەوەی ئەو بڕە کارەبایە نزیکەی ٤-٦ سەعات کارەبای سلێمانی زیاد دەکات، لە کاتێکدا هەموو شاری سلێمانی پێویستی بە (٤٠٠)مێگاوات کارەبایەو ئەو کارەبایەشی دەدرێتە ئەو کارگانە، لەژێر کۆنترۆڵی کارەبای سلێمانیدا نییە، هەروەک ئەو کارگانە جگە لە چەند بازرگانێک، سوودی بۆ کەس نییەو دەبوو ئەو کارگانە خۆیان کارەبا بۆ خۆیان دابینبکەن، چونکە ئەو کارەبایەی دەدرێتە ئەوان، لە بەشی هاوڵاتییانەو کارگەکانیش خاوەنداریێتی ئەهلیین.



بەپێی ئەو زانیارییانەش گواستنەوەی وێستگەی گۆڕینی (١٣٢-٣٣ کەیڤی) بازیان بۆ ڕزگاری، چەندین گرفت بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لەوانە: لە دووریی تەنیا (٣٠٠مەترەوە) وێستگەیەکی تری گۆڕین هەیە لە گەڕەکی ڕزگاری شاری سلێمانی.

### شەقامی سالم، ئەو کارەبایەی ناوێت

سەبارەت بە بیانووی حکومەت بۆ ئەوەی کە پێداویستیی باڵەخانەکانی سلێمانی پڕدەکاتەوە، سەرچاوەکەی کارەبای سلێمانی، وتی: «دانانی سێ محەویلەی (١٢٥mva) بۆ شەقامی سالم، ڕێژەیەکی زۆر زۆرەو پێویستی بەو بڕە کارەبایە نییە، ئەوەش بەبێ هیچ دیراسەو لێکۆڵینەوەیەک کراوەو ئێستا بەڕێوەبەرێتی گواستنەوەی وزەی کارەبای سلێمانیش، بە گواستنەوەی ئەو وێستگەیە ڕازی نییەو داوا دەکات کە وێستگەکە لە شوێنی خۆی لە بازیان دابنرێتو داوادەکەن کە لەسەر بودجەی ساڵی (٢٠١١) وێستگەیەکی گۆڕینی (١٣٢-٣٣-١١ کەیڤی) لە بازیان دروستبکرێتەوە ئەگەر وەزارەت سوربوو لەسەر گواستنەوەی وێستگەی بازیان بۆ ڕزگاری».

سەبارەت بە لێدوانەکەی وەزیری کارەبا سەبارەت بە پێداویستیی شەقامی سالم بۆ کارەبای (٣٣ کەیڤی)، سەرچاوەکەی ڕۆژنامە وتی: «بەرپرسانی کارەبا، دەڵێن کە شەقامی سالم پێویستی بە (١١٣mva) کارەبا هەیە بەخەتی (٣٣ کەیڤی)، کە دەکاتە نزیکەی ٩٠ مێگاوات، لەکاتێکدا هەموو ئەو




هەرێمی کوردستان- عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو
بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی وزار
بەڕێوەبەرایەتی تەرخان کردن

اقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الزراعة و الموارد المائية
المديرية العامة للاراضي
مديرية التاجير

بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی/ زەوی وزار / تەرخان کردن
ب/ وێستگەی گۆڕینی کارەبا

لەگەڵ ڕێزدا...

گەلاوێژ محی الدين شێخۆ
بەڕێوەبەری گشتی زەوی و زار



KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
Ministry of Electricity


SUMMARY OF PRICES

| Ref | Description | Price (ID) |
|---|---|---|
| 5 | Contract Price Sulaimaniyah Substations Stage 5 | [illegible] |
| | TOTAL PRICE | [illegible] |

SUMMARY OF PRICES FOR Sulaymaniyah

| Ref | Description | Deliveries (ID) | Civil Works (ID) | Services (ID) | Total Price (ID) |
|---|---|---|---|---|---|
| S1 | Sangasar Substation | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| S2 | Bazian Substation | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| S3 | Dokan Extension Substation | [illegible] | - | [illegible] | [illegible] |
| S4 | Darbandikhan Extension Substation | [illegible] | - | [illegible] | [illegible] |
| S5 | Dokan Tourist Town Substation | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| S6 | Qyga Substation | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| S7 | Qaradagh Substation | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| S18 | Agh Jalar Substation | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| S9 | Arbat Substation | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| S10 | Taq Taq Substation | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| S11 | Testing Equipment | [illegible] | N/A | N/A | [illegible] |
| S12 | Training | N/A | N/A | [illegible] | [illegible] |
| S13 | Spare Parts | - | N/A | N/A | - |
| | Sulaimaniyah Substations Stage 5 | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |

Summary Schedule of Prices 5



# ڕزگار عەلی: هەندێک بڕیار لە بەرپرسانی هەرێمەوە دەدرێن و بەرپرسانی کورد لە کەرکوک دەسەڵاتیان تیایدا نییە

سازدانی: ئارام جەمال

**ڕزگار عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە دیداری ڕۆژنامەدا تیشک دەخاتە سەر کێشە هەنووکەییەکانی ئەمڕۆی پارێزگای کەرکوک، پێیوایە: «هەڵێکی زێڕین بەهۆی بودجەی بەشە نەوتو هەرێمەکانەوە لەبەردەم ئیدارەی کەرکوکدایە، ئەگەر بە ژیرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت».**
**ڕزگار عەلی، لەگەڵ ئەوەدایە کە هیچ بەرپرسێک بۆ ماوەیەکی درێژ لە پۆستەکەیدا نەمێنێتەوەو سەبارەت بە کێشەی ئەنجومەنی ئیدارەی کەرکوکیش دەڵێت: «کێشەی نێوان ئێمەو ئیدارەی کەرکوک ئەوەیە لە کارەکانیان ڕازی نین»**

**ڕۆژنامە: لە حەوت ساڵی دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە لە کەرکوک لە پۆستی جیاوازدا بوویت، پێشکەوتن لەم شارە بەدی دەکرێت؟**

* لەم حەوت ساڵەدا من لە پۆستی ئەندامی ئەنجومەنو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا دەستبەکار بووم، زۆرکاتیش لەدوای دەوامە حکومییەکەم بەوپێیەی کادیری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووم، یان کاری حیزبی خۆم ڕاپەڕاندووە، یان بە هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان لە گفتوگۆی بەردەوامدا بووین لەسەر کێشەو پێشهاتە سیاسییەکانی ئەم شارە، ئەوەی لەدوای پرۆسەی ئازادیی لە کەرکوک بەدەستهاتووە گرنگترینیان پێکەوە ژیان لەم شارە پارێزگاری لێکراوە، لەگەڵ ئەوەی کە کێشەی سیاسیی بوونی هەیە، هەروەها لەبواری خزمەتگوزاریشدا کۆمەڵێک پرۆژەی باش ئەنجامدراون، چ لە بودجەی حکومەتی هەرێم، یان ئەو بودجەیەی لە بەغداوە بۆ کەرکوک هاتووە.

**ڕۆژنامە: بەڵام کێشەی کەرکوک بەردەوام بەرەو گەورەبوون چووە؟**

* لە عێراقدا دەستوور هەیەو کێشەی کەرکوکو ناوچەدابڕاوەکان بەپێی مادەی (١٤٠) چارەسەری بۆ دانراوە، هەر لایەنەو خوێندنەوەیەکی جیاواز بۆ ئەم مادەیە دەکات، هەندێکیش لە وەزارەتو دەزگا حکومییەکان خۆیان لە جێبەجێکردنی دەدزنەوەو کێشەی بۆ دروستدەکەن، بەڵام بێگومان دەستی ناوخۆییو دەرەکیش لەم مەسەلەیەدا هەیە، چونکە کەرکوک ناوچەیەکی گرنگە چ لەڕووی سیاسیی، یاخود ئابووریی‌و بازرگانییەوە.

**ڕۆژنامە: لەدوای پرۆسەوە کورد لە هەرەمی دەسەڵاتە گرنگەکانی کەرکوکە، نەدەکرا کێشەکە بە قازانجی خۆی چارەسەر بکات، بەتایبەت کە هەندێک دەسەڵاتی کورد بە کەمتەرخەم دەزانن؟**

* ڕاستە، کورد لە هەرەمی دەسەڵاتە لەم شارە، سەرۆکی ئەنجومەنو پارێزگار کوردن، بەڵام شارەکە کورد بەتەنیا بەڕێوەی نابات، جێگری پارێزگار عەرەبەو زیاتر لەنیوەی فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی شارەکە لە نەتەوەکانی دیکەن‌و هەموو فەرمانگەکانیش بەڕەهایی لەژێر دەسەڵاتی ئیدارەی کەرکوکدا نییەو ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە وەزارەتە جیاوازەکانی بەغداوە هەیە، ڕاستە بەرپرسانی کورد هەڵەو کەموڕیان هەبووە، بەڵام ناکرێت تەنیا کوردو بەرپرسانی تاوانبار بکرێت، ئایا ئەوان مامەڵەیان باش بووە لەگەڵ کورد؟ هەندێک لایەن هەن بەتایبەت لەناو عەرەبەکاندا دان بە هەرێمی کوردستاندا نانێن‌و مادەی (١٤٠) بەهەموو شێوەیەک ڕەتدەکەنەوە، هەندێکیان بڕوایان بەم دەستوورە هەر نییەو داوای گەڕانەوەی سیستمی مەرکەزییەت دەکەن، ئایا دەکرێت بەتەنیا تۆ مامەڵەت لەگەڵیان باش بێت، زۆربەی بەرپرسانی شارەکەش کە کوردن ڕێنمایی لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستانەوە وەردەگرن‌و هەندێک بڕیار کە دەدرێن لە کوردستانەوە دەدرێن‌و بەرپرسانی کورد لە کەرکوک دەسەڵاتیان تێدا نییە.

**ڕۆژنامە: لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەراندا لیستی عێراقییە دەنگی یەکەمی هێنا، ئەم هاوکێشە نوێیە کاریگەریی لەسەر ئایندەی کەرکوک دەبێت؟**


* بەداخەوە بۆچی ڕاگەیاندنەکان نایانەوێت هەندێک ڕاستی بڵێن، ئێستا بە عەرەبو تورکمان لە چوارچێوەی لیستی عێراقییەدا بەرامبەر بە کوردن‌و خاوەنی شەش کورسین، لیستی عێراقییە نەیتوانی هیچ جۆرە تەزویرێکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە کەرکوک دەربخات، لە بەرامبەردا لیستی هاوپەیمانیی تەزویراتێکی زۆری عێراقییەی ئاشکراکردو بەهۆی کێشە سیاسییەکانەوە هاوپەیمانیی دەستی لە سکاڵاکانی هەڵگرت، کە بەداخەوە نەدەبوو وابێت، بەڵام ئەگەر بەراوردی ئاستی بەشداریی کورد بکەیت لە هەڵبژاردنەکاندا، بە بڕوای من ئەگەر تەزویراتەکانی حەویجەی لێدەربکەیت، بەشداریی کورد دوو هێندەی عەرەبو تورکمانە، لە ئێستادا بەگشتیی خەڵکی لە سیاسەتو دەسەڵات بێزارەو ئەو بێزارییە کوردیشی گرتووەتەوە، بە بڕوای من هێشتا لە عێراقدا کورد زیاتر بەپیری پرۆسە چارەنووسسازەکانەوە دەچێتو زیاتر درک بە مەترسییەکان دەکات.

هیوادارم ڕۆژنامەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەسانی پسپۆڕو شارەزا بنێرن بۆ هەر بابەتێک کە بەدواداچوونی بۆ دەکەن، بۆ نموونە ڕۆژنامەنووسێک ئەندازیار بێت باشتر دەتوانێت بەدواداچوون بۆ پرۆژەو ئاستی باشییو خراپیی بکات، واتە گرنگیی بدرێت بە ئاستی پرۆفیشناڵیو پیشەیی ڕۆژنامەنووس، نەک ڕۆژنامەنووسێکی سیاسیی بەدواداچوون بۆ کێشەی خزمەتگوزاریی بکات.

**ڕۆژنامە: هەمیشە ئەمریکاو یۆنامی نوێنەرایەتیان لەم شارە هەبووە، ئەوان ڕۆڵیان لە چارەسەری کێشەکاندا چی بووە؟**

* یۆنامیو ئەمریکا بەردەوام لەگەڵمان بوون بۆ چارەسەری کێشەکان‌و ڕۆڵیان ئیجابی بووەو جێگەی سوپاسە، ئەو ڕاپۆرتانەش، کە نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر کەرکوکو ناوچەجێناکۆکەکان بڵاویان کردووەتەوە پێشنیازی باشی تێدابووە بۆ چارەسەر، لە ئێستاشدا بۆ چارەسەری کێشەی موڵکایەتی هاوکاریمان دەکەن، کە بەهۆی ئەو کێشانەوە ناتوانرێت زۆر پرۆژەی گرنگو وەبەرهێنان لە کەرکوک ئەنجام بدرێت.

**ڕۆژنامە: هاوڵاتییانی کورد لەم شارە نیگەرانن لە دەسەڵاتی کوردی، بەوپێیەی بە دەسەڵاتی خۆیانی دەزانن‌و لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەماندا ئاستی بەشداریی هاوڵاتییانی کورد لە دابەزینێکی مەترسیداردا بووە، ئەگەر ئەدای بەرپرسانی کورد گۆڕانکاریی بەسەردا نەیەت، مەترسیدارتر نابێت؟**



* بە تەنیا هاوڵاتییانی کورد نیگەران نین، بەڵکو تەواوی گەلانی عێراق نیگەرانن لەو دۆخەی ئێستای عێراق، دۆخی سیاسییو دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت زۆر کاریگەریی خراپی هەیە بەسەر کەرکوکو پارێزگاکانی دیکەی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، کە حکومەت نەبێت، پەرلەمان نەبێت، ئەو کاتە ژیانی سیاسییو خزمەتگوزاریی دووچاری ئەستەمیی دەبێت، ئەمە وایکردووە ئاستی بەشداریی هاوڵاتییان، نەک تەنیا کورد بەڵکو نەتەوەکانی دیکە زیاتر لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا کەمتر بووەتەوە، بەڕای من کارێکی دروست نییە هیچ بەرپرسێک بۆ ماوەیەکی درێژ لە هیچ پۆستێکدا بمێنێتەوە.

**ڕۆژنامە: ئاستی مامەڵەی بەغدا لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا چۆنە، لەکاتێکدا بە بەردەوامیی لێرەو لەوێ لێدوانی جیاوازو دژ بەیەک هەیە؟**

* مامەڵەکان دوو جۆرن لەسەر ئاستی بەغدا بەرامبەر ئێمە، جۆرێکیان ئارەزووی بوونی هیچ پەیوەندییو هاوکارییەک ناکەن، جۆرێکی دیکەیان بەپێچەوانەوە هاوکاریی باشی کەرکوک دەکەن، بابەتەکەش دژایەتی نییە کە زۆرجار وتوومە عێراق وڵاتێکی لاوازەو ئەو جۆرە مامەڵانەش دەچنە بواری گەندەڵییەوە، کە وەزارەتێک مامەڵەی تایبەت لەگەڵ پارێزگایەکو هیچ مامەڵەیەک لەگەڵ پارێزگایەکی دیکە ناکات.

**ڕۆژنامە: تاچەند حکومەتی هەرێم هاوکاریی کەرکوک دەکات لە گەیاندنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، لەئاستی ئەو هاوکارییانە ڕازین؟**

* حکومەتی هەرێم هاوکارییەکی زۆرباشی کردووین، هەریەک لە دکتۆر بەرهەم، نێچیرڤان بارزانی، عومەر فەتاحو عیماد ئەحمەد، پرۆژەکانیشیان پرۆژەی باش‌و دیارن ئاستی جێبەجێکردنیشیان زۆر باشترە لەوەی کە لەلایەن عێراقەوە دەکرێت.

**ڕۆژنامە: ئاستی خزمەتگوزاریی لە کەرکوک لە ئاستێکی خراپدایەو تەنیا لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا شەش خۆپیشاندان ئەنجامدراون، ئەو پارەیەی بۆ کەرکوک خەرجدەکرێت چارەسەری کێشە سەرەتاییەکانی هاوڵاتییانی پێ ناکرێت؟**

* ئێمەش ڕەخنەمان هەیە لە ئاستی جێبەجێکردنی پرۆژەکان، ئەو ڕەخنەو نیگەرانیانەمان بە ڕاپۆرت بۆ حکومەتو دەزگا پەیوەندیدارەکان بەرزکردووەتەوە، بەڵام هیچیان وەڵاممان نادەنەوە، خۆپیشاندانیش کارێکی دیموکراسییەو تکام لە خەڵک ئەوەیە خۆپیشاندان بەشێوازی شارستانی بێتو دووربێت لە توندوتیژییو تایە سووتاندن‌و بەردبارانکردن، ئەو بودجەیەشی کە بۆ کەرکوک دێت ئەگەر بەژیرانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت بەشی چارەسەری کێشە سەرەتاییو خزمەتگوزارییەکان دەکات.

**ڕۆژنامە: بڕێکی زۆر پارە لە بودجەی ئەمساڵ بۆ پاککردنەوەی شار تەرخانکراوە کە نزیکەی (١٢) ملیار دینارە، لەکاتێکدا زبڵو خاشاکێکی زۆر لە شاردا کۆبووەتەوە، بۆ ئەو پرۆژەیە ناخەنە بواری جێبەجێکردنەوە؟**

* ساڵی ڕابردوو لەکاتی پەسەندکردنی بودجە لە ئەنجومەن کردمانە مەرج، کە دەبێت پاککردنەوەی کەرکوک لەڕێگەی کەرتی تایبەتەوە بێتو بۆ ماوەی یەک ساڵ بدرێت بە کۆمپانیا، کە (٤٣) مەرجیشمان هەبوو بۆ لایەنی جێبەجێکار، دوای پەسەندکردنی پرۆژەکە بڕیارەکەی ئەنجوومەنمان نارد بۆ جەنابی پارێزگار، لە سەرەتاوە ماوەی (٤٥) ڕۆژ دیاریکرا بۆ پێدانی پرۆژەکە بە کۆمپانیا، بەڵام هیچکام لەو کۆمپانیایانەی داواکارییان پێشکەشکردبوو تایبەتمەندی ئەو بوارە نەبوون، جگە لەوەش هەندێک گەندەڵییو هەوڵی بەرتیل وەرگرتنی تێدا بوو لەلایەن چەند فەرمانبەرێکەوە، دواتر جارێکی دیکە لەگەڵ پارێزگار دانیشتینەوەو ئێستا تەندەر بە کۆمپانیاکان دەدرێتو من دڵنیاتان دەکەمەوە، کە پرۆژەکە ئەمساڵ جێبەجێ دەکرێت.

**ڕۆژنامە: تۆ سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگایت کە دەزگایەکی تەشریعییە، تاچەند لە ئەدای کاری دەسەڵاتی جێبەجێکار ڕازین، تاچەند ئێوەش بە ئەرکی خۆتان هەستاون؟**

* ڕاستە ئەنجومەن دەسەڵاتێکی تەشریعییە، بەڵام تەشریعی یاسا ناکات، هەندێک حاڵەت هەیە تەشریعی دەکات، تاکو پارێزگارو لایەنی جێبەجێکار جێبەجێی بکات، بەشێکی ئەو یاسایانەی دەرکراون لە بەغداوە بێت، لە ئەنجومەنەوە نێردراون بەشێکیان جێبەجێ نەکراون‌و بەشێکی دیکەشیان جێبەجێکراون، کورد وتەنی: کەس بەدۆی خۆی ناڵێت ترشە، ئەوەی پێمان کرابێت کردوومانەو بە ئەرکی خۆمان هەستاوین.

**ڕۆژنامە: ناوبەناو لێدوانی دژبەیەک لەنێوان بەرپرسانی ئەنجومەن‌و ئیدارەدا بەدی دەکرێت، ئەو کێشانەی لەنێوان ئێوەو ئیدارەدا هەیە چین؟**

* من لەگەڵ ئەو جۆرە لێدوانانە نیم، کە بەبێ بەڵگەن، بەداخەوە هەندێک ڕۆژنامە کە بەرپرسێکیان خۆش دەوێت لە بەرژەوەندیی ئەو بەرپرسە دەنووسن، بەکورتی کێشەی نێوان ئێمەو ئیدارە ئەوەیە، وەک پێویست لە کارەکانیان ڕازی نین.

**ڕۆژنامە: ساڵی ڕابردوو کەرکوک لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق دابڕێنرا، ئەمە چ زیانێکی بە ئەنجومەن‌و ئیدارەی کەرکوک گەیاندووە؟**

* دواخستنی هەڵبژاردن کێشەیەکی زۆری بۆ ئێمە دروستکردووە، بەتایبەت کە دەسەڵاتی دەستووریمان نییەو کار بە یاسای دەسەڵاتی کاتی سەردەمی پۆڵ بریمەر دەکەین، زیانەکان زۆرن‌و بەتایبەت زیانی ئیدارییو سیاسییو ئەو دەسەڵاتەی بە یاسا دراوە بە (١٤) پارێزگاکەی دیکەی عێراق، بە کەرکوک نەدراوە، هەروەها درێژیی ماوەی کارکردن لە هەر دەزگایەکدا ساردییو بێتاقەتی دروستدەکاتو حەوت ساڵ کارکردن لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکەوە بێتاقەتیو سستیی لەلایان دروستکردووەو پێموایە: ئەو گەرموگوڕییو چوستو چالاکییانەی جارانیان نەماوە، هەموو جاریش لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەندا جەخت دەکەینەوە، کەچارمان نییە دەبێت گوڕ بەخۆمان بدەینەوەو ئاسۆیەکی وا لەبەرچاو نییە تاکو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاری هەڵبژاردن لە کەرکوک بدات، چونکە ئەو ئەنجومەنە هێشتا خۆی لە قەیراندایەو سەرۆکو دوو جێگری هەڵنەبژاردووە، بڕواشم وایە چەندێک هەڵبژاردن لە کەرکوک دوا بکەوێت، ئەوەندە زیانی سیاسییو ئیدارییو ئابووریی بەر کەرکوک دەکەوێت.

**ڕۆژنامە: گەندەڵیی ئیداریی لە کەرکوک لەچی ئاستێکدایە؟**

* عێراق لە بواری گەندەڵیدا لە ڕیزی پێشەوەی وڵاتانی جیهانە، عێراقیش لە پارێزگاکان پێکدێت، من پێموایە: لەو ئاستەی عێراق هەیەتی لە گەندەڵیدا کەرکوکیش بێبەش نییە لێی.

**ڕۆژنامە: تاچەند لە کەرکوک یاسا سەروەرە؟**

* لەسەدا سەد نا، بەڵام پێموایە: قۆناغی باش بڕاوە، دەزگا ئەمنییەکان ئەرکی خۆیان ڕاپەڕاندووە، بەڵام لە بواری مەدەنیدا پێموانییە یاسا توانیبێتی زاڵبێت بەسەر کێشەکاندا.

**ڕۆژنامە: پێشبینی دەکەن کێشە سیاسییو خزمەتگوزارییەکانی کەرکوک چەند ساڵی دیکەی بوێت تا چارەسەر دەبن؟**

* بۆ چارەسەری کێشە خزمەتگوزارییەکان، پێموایە کەرکوک هەلی زێڕینی لەبەردەستدایە، بودجەی گەشەپێدانی هەرێمەکان، بودجەی بەشە نەوتی شارەکە، بەڵام ئەگەر ئاستی جێبەجێکردنی پرۆژەکان وەک ئێستا بن، پێموایە ناتوانین سوود لەو دوو بودجە گرنگە وەربگرین.

**ڕۆژنامە: لە بەرنامەتدا هەیە بۆ خولێکی دیکەی هەڵبژاردن لە کەرکوک خۆت هەڵبژێریتەوە، قسە هەیە بەنیازی پۆستی پارێزگاریت تا چەند ڕاستە؟**

* بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی پارێزگا بەنیاز نیم خۆم کاندید بکەمەوە، بۆ وەرگرتنی پۆستیش من کادیری یەکێتیمو یەکێتی بڕیار دەدات من پۆستی حیزبیی، یان حکومیم پێ بدرێت.

> ئێمەش ڕەخنەمان هەیە لە ئاستی جێبەجێکردنی پرۆژەکان، ئەو ڕەخنەو نیگەرانیانەمان بە ڕاپۆرت بۆ حکومەتو دەزگا پەیوەندیدارەکان بەرزکردووەتەوە، بەڵام هیچیان وەڵاممان نادەنەوە

«دەبێت کورد باز نەدات بەسەر هیچ ئەزموونێکی سەرکەوتووی دیموکراسی ناوەندا» 10



# فەیلییەکان داوای گەرەنتی دەستووریی دەکەن

## لێکۆڵەر، ریاز جاسم فەیلی: پرۆژەی دەستووری هەرێم خۆی لە مافی کوردە فەیلییەکان دزیوەتەوە

سازدانی: ڕۆژنامە

**ڕۆژنامە: لە سەرەتادا دەکرێت کورتەیەکمان لەسەر ڕاگواستنی کوردە فەیلییەکان و دوورخستنەوەیان بۆ دەرەوەی وڵات و بێبەشکردنیان لە ناسنامەی عێراقی پێبڵێیت؟**

* مەینەتیی کوردە فەیلییەکان لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردووەوە دەستیپێکردووەو تائێستاش بەردەوامە، ڕاگواستنیان لەساڵانی (١٩٤٠-١٩٩١) دەستیپێکردو ئەویش بەهۆی بەشداریی کارایان لە بزووتنەوەی عێراقیو کوردی لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی نوێو لەدایکبوونێکی شێواو لەژێر ئینتیدابی بەریتانیادا.

یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی ژمارە (٤٢) لەساڵی (١٩٢٤) بە چوونە نێو ڕێکەوتننامەی لۆزان، لە ١٩٢٤/٨/٦ کەوتەکار، وەک بەهەندوەرگرتنی بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی باوی ئەوکاتەو بەشێوەیەکی دژ بە مافی هاوڵاتیبوون، کە لە دەستووری سەردەمی پاشایەتی (١٩٢٥)دا هاتووە، ئەمەش بووە هۆی ڕەخساندنی تەفرەقەو جیاوازیی لەنێوان پێکهاتەکانی گەلی عێراقدا، وەک (دواکەتەیی بیانی، یان ڕەسەنی بیانی، ڕەگەزنامەی عوسمانی)، ئەمەش بووە هۆی دابەشکردنێکی ڕەگەزپەرستانەی هاوڵاتییان بۆ پلە یەکو پلە دوو.

لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی لە فەیلییەکان بە ناهەقو لەبەر هۆکاری سیاسی، نەتەوەیی، ڕەگەزپەرستی، ئیتنی، مەزهەبیو تایفیی، لەلایەن حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی سەر دەسەڵات، کە لە ڕێگەی مەرسومو بڕیارە فەرمییەکانیانەوە، کە هێزی یاسایی هەبوو، ئەگەرچی دژ بە مافی مرۆڤی نێو دەستوورەکانی عێراقو بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی بوون، فەیلییەکان هەستیان بە ئازادییو سووککردنی واقیعی جیاکاریی لە دژیان نەکرد، تەنیا لەماوەیەکی دیارکراوی سەردەمی یەکەمی کۆماریی لەدایکبووی شۆڕشی (١٤/تەمموزی ١٩٥٨) دەستوورە کاتییەکەی نەبێت، کە جەختی لەسەر شەراکەتی ڕاستەقینەی نێوان کوردو عەرەب دەکردەوە، بەڵام ئەوە زۆری نەخایاند بەهۆی تیرۆرکردنی ئەو شۆڕشە گەورەیە لەسەر دەستی پیلانی ڕەشی ١٩٦٣/٢/٨، کە فەیلییەکان بوێرانە بەرەوڕووی وەستانەوەو بەرگرییەکی خۆکوژییانەیان لێکرد تا دواسات لە ناوچەکانیاندا وەکو (باباشێخو کازمیەو نەهزەو عقەدو ئەکراد).

یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی ژمارە (٤٣)، کە لە یاساکانی پێشتر قورسترو توندتر بوو بۆ تۆڵەکردنەوە لە فەیلییەکانو سەرەتایەک بوو بۆ دەرکردنی زنجیرەیەک لە یاسای نەشیاو بۆ لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە بەشێوەیەکی هەڕەمەکیو بێ چاودێریی دادگا لە فەیلییەکانو بەرفراوانکردنی چوارچێوەی دەرکردنی زۆرەملێ بۆ دەرەوەی وڵات، کە بووە بەشێک لە تاوانی نێودەوڵەتی، بەتایبەت لەگەڵ گەیشتنی حیزبی بەعس بە دەسەڵاتو بەهۆی کودەتای (١٧ی تەموزی ١٩٦٨)، کە بناغەی دەستپێکی پاکتاوی خوێناوییو ترسێنەری ڕکەبەرو ئۆپۆزسیۆن بوو.

حیزبی بەعس بەرگریی فەیلییەکان لە دژی کودەتای (١٩٦٣)ی لەیادنەکردو بەرنامەیەکی ڕێکخراوی گرتەبەر بۆ دەرکردنیان لە ساڵەکانی (١٩٦٩-١٩٧٠-١٩٧١)، کە بە هۆیەوە (٧٠)هەزار کەس بوونە قوربانیی، سەرەڕای ئیمزاکردنی ڕێکەوتنی (١١ی ئازاری ١٩٧٠) لەنێوان بزووتنەوەی کوردیو حکومەتی بەعس.

دانوستانی نێوان ئەم دوولایەنە پەلی نەکێشا بۆ چارەسەرکردنی دۆسیەی کوردە فەیلییەکان، لەدوای هەرەسی بزووتنەوەی کوردی(١٩٧٥)بەهۆی ڕێکەوتنامەی جەزائیر لەنێوان عێراقو ئێراندا، ڕژێمی حیزبی بەعس، کوردە فەیلییەکانی لە ناوچەکانیان دەرکرد (ڕاگواستنی ناوخۆیی)، وەک سزایەکی بەکۆمەڵ بۆ باشووری عێراقو خۆرئاوا، بەهۆی پشتگیریو قوربانیدانیان بۆ شۆڕشی ئەیلولی (١٩٦١)، ئەم هەنگاوەی حیزبی بەعسیش بە ئامانجی گۆڕینی سروشتی دیمۆگرافی دانیشتووانو پارێزگا هاوسنوورەکانی ناوچە کوردییەکانو هێڵی سنووریی ئێران، وەک ئامادەکارییەک بۆ بەرپاکردنی شەڕێک لە دژی ئێران، کە سووتەمەنییەکەی پرۆسە بەرفراوانەکی ساڵی (١٩٨٠) بوو، کە بەهۆیەوە بە یەکجار ڕەگەزنامە لە (٥٠٠) هەزار کوردی فەیلی وەرگیرایەوە بێ هیچ پاڵپشتێکی یاساییو بە پاساوی ئەوەی ڕەگەزیان بیانییە، سەرجەم ماڵو موڵکە گواستراوو نەگواستراوەکانیان دەستی بەسەردا گیرا بێ قەرەبووکردنەوەو سەرجەم بەڵگەنامە ڕەسمییەکانیان لەناوبرانو (١٥-٢٠) هەزار گەنجیشیان برانە گرتووخانەکانەوە، کە تائێستاش چارەنووسیان نادیارە، پرۆسەی دەرکردنی زۆرەملێی کوردە فەیلییەکان نەوەستا تا دوای داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە لەساڵی (١٩٩١)و دەرکردنی بڕیاری نەتەوەیەکگرتووەکانی ژمارە (٦٨٨)ی ساڵی (١٩٩١) تایبەت بە بارودۆخی مرۆیی لە عێراقدا، گوشاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕاگواستنی زۆرەملێی فەیلییەکانی لەلایەن بەعسەوە کۆتکرد، بەڵام بەشێوەیەکی یەکجارەکی ڕاینەگرت، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣/٤/٩، ئەوا حەوت ساڵ تێپەڕیوەو ستەمکاریی کەڵەکەبووی (٨٠) ساڵە لەسەر کوردە فەیلییەکان تائێستا لانەبراوە.

**ڕۆژنامە: بەپێی ئەو ئامارانەی لاتانە، ژمارەی کوردە فەیلییەکان لەعێراقدا چەندن؟**

* ئامارێکی ورد لەبەردەستدا نییە بۆ زانینی ژمارەی کوردە فەیلییەکان لە عێراقدا، بەهۆی شاردنەوەی ڕاستییە مێژووییەکان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، بەڵام دەتوانرێت بەڵگە لەسەر قەبارەی کوردە فەیلییەکان بهێنرێتەوە لە ڕێگەی ئەو ڕۆڵە کاریگەرەیان کە هەیانبووە لە گەشەکردنی ئابووریی عێراقو بوونی چڕوپڕییان لە خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە بە درێژایی پارێزگاکانی (کەرکوک، سلێمانی، دیالە، واست، عەمارە، بەسرەو بەغدا)، هەروەها بوونیان لە ناوچەی فوراتی ناوەڕاستو باشوور بەشێوەیەکی جیاواز لە پارێزگاکانی (بابل، کەربەلا، نەجەف، دیوانییەو ناسرییە)، زۆربەی ئەو یاسایانەی کە ڕژێمی پێشوو بۆ پاکتاوکردنی کوردە فەیلییەکان دەریکردبوون، کە زیاتر لە (٣٠) بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی حیزبی بەعسە، تائێستا کاری پێدەکرێت، ئەو بڕیارانەش قەبارەی کوردە فەیلییەکان دەسەلمێنێت، ئەگەر بچووکو کەمبوونایە حکومەتی بەعس پێویستی نەدەکرد ئەو هەموو یاساو بڕیارەی بۆ دەربکات، بەپێی ئەو داوایەی بەرزیانکردووەتەوە بۆ بەردەم دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقو تۆمارکردنی قوربانیی کوردە فەیلییەکان لە هەردوو دامەزراوەی شەهیدانو زیندانییە سیاسییەکانو وەزارەتی کۆچو کۆچبەرانو ڕێژەی عێراقییە ڕاگوێزراوەکان بۆ ئێران، کە زۆربەیان کوردی فەیلین لەنێوان (١٩٨٠/٤/٤بۆ ١٩٩٠/٥/١١) بەپێی ئامارەکانی خاچی سووری نێودەوڵەتیو مانگی سوورو کۆمسیۆنی پەنابەرانی جیهانیی گەیشتووەتە (١) ملیۆن کەس.

**ڕۆژنامە: بۆچی نەچوونە ناو لیستە کوردییەکان لە بەغداو ئەو پارێزگایانەی کە کوردی فەیلی تێدایە، قسەیەک هەیە لەسەر ئەوەی کە کوردە فەیلییەکان ئینتیمای مەزهەبییان لە نەتەوەییان بەهێزترە، تێڕوانینت لەوبارەیەوە؟**

* دەمەوێت ئەوە ڕوونبکەمەوە، کە ناتوانرێت فەیلییەکان فەرامۆشبکرێن لە پرۆسەی سیاسیی لەبەر یەک هۆکاری ئاسان، ئەویش ئەوەیە کە عێراقی ئەمرۆ وڵاتی هەمووانو فرەییو فیدراڵییەو موڵکی تاکەکەسێک نییە، ئەو فەرامۆشکردنە دەبێتە کێشەیەکی قووڵ لە بونیادی سیستمی سیاسیی نوێدا.

بەوپێیەی کە پێگەی جوگرافی کوردە فەیلییەکان لە دەرەوەی کوردستانە، پێویستە هەڵگری ڕەهەندێکی سیاسیی گەشەکردوو بن، کە گوتاری پێکهاتەکانی دیکەی عێراقیش لەخۆبگرێت، بەوپێیەی لە ناوچە فرە ئیتنییەکانی ناوەڕاستو باشووری عێراقدان، بەپێچەوانەی هەرێمی کوردستانەوە، کە لە یەک نەتەوەی سەرەکیو کەمینە نەتەوەییو دینی پێکهاتوونو بەوپێیەش گۆڕەپانی کاری سیاسیی ئەوان بریتییە لە بەشداریکردن لە حیزبی نەتەوەیی، دینی، عەلمانییو تێڕوانینی سەربەخۆدا.



فەیلییەکان بەجیاوازی تیڕوانینەکانیانەوە بەدرێژایی مێژووی خەباتیان سەلماندوویانە کە خیانەتیان لە دۆسیەی کورد نەکردووە، سەرکردایەتی باڵای هەرێمیش گەواهییان لەسەر ئەوە داوە بەپێچەوانەی ئەو پڕوپاگەندانەوەی کە لەلایەن هەندێکەوە بۆیان هەڵدەبەسترێت، کە ئەوەیان لەبیرچوو یان دەیانەوێت لە بیری خۆیانی بەرنەوە، کە هەندێک لە کوردەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە فەیلی نەبوونو هەندێکی دیکە لە کوردەکانی ناو هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای مەزهەبەکەیان دەنگیان داوە، نەک بنەمای نەتەوەییان، ئەی بۆ لۆمەیان دەکەن.

ناکرێت فەیلییەکان ناچار بکەین کە دەنگ بۆ بەرژەوەندیی حیزبێک بدات بە ئامانجی سەلماندنی ئینتیمای نەتەوەیی وەک جێبەجێکردنێک بۆ مەبدەئی ستالینی (ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبێت دژمانە)، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو تۆمەتە پووچەڵە، دەپرسم کوا ئەو گەرەنتیانەی کە پرۆژەی دەستووری هەرێم خۆی لێ دزیوەتەوە، لەوانە سڕینەوەی کۆمسیۆنی تایبەت بە مافی کوردە فەیلییەکان لە دوا ڕەشنووسی پرۆژەکەدا، ئایا فەیلییەکان بەشێک نین لە نەتەوەی کورد، کە دەبێت لانیکەم دان بە تایبەتمەندییە مەزهەبیو جوگرافیەکانیاندا بنرێت، ئەی بۆ لە ڕووی نەتەوەییەوە پشتگوێخراون پێش مەزهەبیان، ئایا دابینکردنی ژمارەیەک کورسی پەرلەمانو پۆستی وەزاریی بۆ فەیلییەکان لە حکومەتی هەرێمدا کێشەیەکی ئەستەمە، پێدانی پارچە زەویو یەکەی نیشتەجێبوونو هاندانیان بۆ پەیوەندیکردنیان بە زانکۆکانی هەرێمەوەو دابینکردنی زەماڵەی خوێندنو دەستەبەرکردنی دەرفەت لە بواری وەبەرهێنانو بازرگانیو پیشەسازییو مومارەسەکردنی هەمان مافی هاوڵاتییەکی کوردستانی ئەستەمە، یان تەنیا زیادکردنی ژمارەیەک لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، ئەی ڕۆڵیان لە پرۆسەی سیاسیدا چییە؟


ئەمە لەکاتێکدایە کە نوێنەرایەتی کوردی فەیلی لە ڕووی نەتەوەییەوە تەنیا ئەوانە بوون لەسەر هاوپەیمانیی کوردستان، کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندیی شەخسیو حیزبییان دەکرد، تیشکی بێهێزیشیان لەسەربوو، ئەم ژمارانەش شرۆڤەی دۆخی هاوپەیمانیی کوردستان لە بەغدا دەکات، بەوپێیەی لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥/١/٣٠ (٤٥) هەزار دەنگیان بەدەستهێنا، ئەو ڕێژەیەش لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥/١٢/١٥ بۆ (٢٣) هەزار کەمبووەوەو زیاتریش لە هەڵبژاردنی (٣/٧)دا دەنگەکانی لیستی هاوپەیمانیی لە بەغدا کەمبووەوە بۆ (٢٠)هەزار، جگە لەوەی لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/١/٣١ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا تەنیا (١٨) هەزار دەنگیان بەدەستهێنا، ئاماژەکانی دابەزینی ڕێژەی دەنگی کورد لە بەغدا، ئاوێنەی شکستو پشتگوێخستنی بەدەستهێنانی دەنگو قاعیدەی جەماوەرییە، باشە کێ بەرپرسە لەم کەمتەرخەمییە؟، کوردی فەیلییە، کە ماندووبووە لە پاکتاوی ڕەگەزییو داواشی لێدەکرێت کە وەلائی خۆی بسەلمێنێت یان ئەو هێزە سیاسییانەو ڕێکخستنەکانیان بەرپرسن، کە بە دانپێدانانی بەرپرسەکانیان هیچیان بۆ کوردی فەیلی نەکردووە؟



بۆیە لەپێناو بونیادنانی پردی متمانەو هاوەڵایەتی دوور لە موزایەدات و دروشمو گرەو، پێویستە کوردە فەیلییەکان هەست بە هاوڵاتیبوونی ڕاستەقینەی خۆیان بکەن، کە ئەمەش تائێستا بەدینەکراوە، هەموولایەک بەبێ جیاوازی کەمتەرخەمن، لەدوای هەڵبژاردنی ئەمجارەش یەک کوردی فەیلی نەیتوانیوە بچێتە ناو پەرلەمانەوە، لەکاتێکدا کە (٢٠٠) پاڵێوراوی کوردی فەیلی لە بەغدا هەبووە، کە (١٣٢) لە لیستی هاوپەیمانییو (٦٨) لە گۆڕان، جگە لە لیستەکانی دیکە، کە ئەمەش ڕۆڵی گێڕا لە پەرتەوازەبوونی دەنگی کوردە فەیلییەکان، کە ئەو لیستانە بەرپرسیارێتی لە ئەستۆدەگرن، لەکۆتاییدا ماف وەردەگیرێتو نادرێت، ئەگەر فەیلییەکان تەمومژی ڕابردوویان بەدەستی خۆیان لانەبەن، کەس ئەو کارە لەبری ئەوان ناکات، لە هەرێمی کوردستان یاسای مافو ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان تەنیا ئاماژەی بەو تاوانە کۆمەڵکوژییانە کردووە کە لە هەرێمدا ئەنجامدراون، وەک ئەوەی فەیلییەکان قوربانییان لەپێناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا نەدابێت لە سەرەتای دەستپێکردنییەوە.

**ڕۆژنامە: ڕۆڵی حیزبە کوردستانییەکان لە یەکخستنی کورد لە بەغداو پارێزگاکانی دیکەی عێراق چۆن بووە؟**

* ڕۆڵی حیزبە کوردییەکان لە بەغدا لە سنووری یەکخستنی ئەو ڕەوتو بزووتنەوانە بوو، کە لایەنگرو دواکەوتەی ئەو حیزبانە بوون، بۆیە زۆرجار ئەم هەوڵانە شکستدەهێنێت، بەهۆی دوورخستنەوەی ڕەگەزی کاریگەرو کادیری سەربەخۆو نوخبەی ڕۆشنبیرو کەسانی ئەکادیمی، جگە لەوەی ئەو هەوڵانە بۆ چارەسەرکردنی کێشە کوردی فەیلی نین، کە لە سووچێکی ڕەفەکاندا هەڵگیراون، ئەگەر کێشەی کوردە فەیلییەکان وەکو مادەی (١٤٠)و دابەشکردنی داهاتە فیدراڵییەکانو بودجەو نەوتو گازو دابەشکردنی پۆستە حکومییەکانو هتد... بەلای حیزبە کوردییەکانەوە ئەولەویات نەبێت، لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتەپێشەوە، ئایا پرسی کوردە فەیلییەکان لە ڕیزبەندی کاری پرسە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمو ناوەندا بوونیان هەیە؟، هەمیشە کاتێک پرسی کوردە فەیلییەکان دەورووژێنرێت، کە ڕکەبەری هەڵبژاردن لەنێوان لیستە سیاسییەکاندا هەیەو کە بە دروشمو بەرنامەکانیاندا ئیدیعای نیازپاکی بەرامبەر بە فەیلییەکان دەکەن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئیدانەی ئەو لایەنانە دەکات، بەوپێیەی تووشی شکستێکی گەورە بوون لە بەدیهێنانی مافی کوردە فەیلییەکانو گەڕاندنەوەی بەها بۆ قوربانییانی پاکتاوی حزبی بەعس، بەتایبەت لەسەر فەیلییەکان، باشترین نموونەش لەسەر ئەوە، کۆنگرەی کوردە فەیلییەکان بوو لە شاری هەولێر بەر لە (٩) ڕۆژ لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥/١٢/١٥، کە ئەمەش ئامانجی ڕاستەقینەو ڕوونی پشت ئەنجامدانی ئەم کۆنگرەیەی ڕوونکردەوە، کە زۆرێک لە کوردە فەیلییە ڕۆشنبیرو سەربەخۆکانی لێ بێبەشکرابوو، کە چەند ڕاسپاردەیەکی لێدەرچوو تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەزبوو، ئەو کۆنگرەیەش بە مردوویی لەدایکبوو، ئەوەش کە سەرنج ڕادەکێشێت لە دوا بڕگەی ئەو ڕاسپاردەیەدا هاتووە: (داوا لە فەیلییەکان دەکات لە بەغداو ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم پشتی لیستی هاوپەیمانیی بگرنو دەنگی پێبدەن)، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە ئەگەر بڕیارەکانی ئەو کۆنگرەیە جێبەجێ نەکرێت، ئەگەر ئەو مەرجە جێبەجێبکرێت کە پێشتر باسکرا، ئەوەش بە ڕاستی ڕوویدا.



# ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دانوستان دەباتە قۆناغێکی ترەوە



مالیکی و عەلاوی

**رۆژنامە**

شاندی کوردی لە بەغدا دانوستان لەگەڵ ئەو پاڵێوراوانە ئەنجامدەدات کە چانسی بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک وەزیرانیان هەیە، هاوکات ئەندامێکی لیستی عێراقییە ئاماژە بە نزیکی کوردو لیستەکەی دەکات‌و پەرلەمانتارێکی کوردیش پێیوایە: لەو لیستەدا کەسانێک هەن مادەی (١٤٠) یان پێ مردووە».

پاش ئەوەی هەفتەی رابردوو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمدا کۆبوونەوە، بڕیاردرا کە شاندی دانوستکاری خۆیان رەوانەی بەغدا بکەنەوە تا لەم هەفتەیەوە لەبەر رۆشنایی لیستێکی (١٦) خاڵی دانوستان لەگەڵ لایەنە عەرەبەکان دەست پێبکەن‌و بەپێی ئەو زانیارییانەی رۆژنامە، لەم قۆناغەدا ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەگەڵ ئەو پاڵێوراوانە گفتوگۆ دەکەن کە چانسی وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیرانیان زۆرە.

لەوبارەیەوە نەجیب عەبدوڵڵا، ئەندامی شاندی دانوستکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەم چەند رۆژەی داهاتوودا شاندەکەمان لە بەغدا کۆبوونەوەیەک ئەنجام دەدات‌و بڕیار دەدرێت لەپێشدا گفتوگۆ لەگەڵ کام پاڵێوراودا ئەنجام بدرێت».

ئەمە لەکاتێکدایە پێشتر دوو قۆناغی گفتوگۆ ئەنجامدرا، سەرەتا کورد لەسەر ئاستی شاندەکەی گفتوگۆیکردو قۆناغی دووەمیش لەسەر ئاستی لیژنە لاوەکییەکان دانوستانیان ئەنجامداو لە ئێستاشدا بەرەو قۆناغی دانوستان دەڕوات لەگەڵ پاڵێوراوی خاوەن چانسەکانی پۆستی سەرۆک وەزیران، کە بەپێی تێڕوانینەکان لەنێوان ئەیاد عەلاوی، سەرۆکی لیستی عێراقییەو نوری مالیکی، سەرۆکی دەوڵەتی یاسا دەرناچێت.

چوارچێوەی گشتیی (١٦) داواکارییەکەی کورد بۆ بەردەم پاڵێوراوەکانی پۆستی سەرۆک وەزیران لە دوو تەوەر پێکدێت، یەکەمیان: تایبەتە بە داواکارییەکانی کوردەوە، لەوانە، جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم‌و حکومەتی ناوەندو تەوەری دووەمیشیان: پەیوەستە بە سیستمی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقییەوە، لەوانە، پابەندبوون بە دەستوورو پێکهێنانی حکومەتی بنکەفراوان‌و گەڕانەوە بۆ دەستوور لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا.

ئەندامەکەی شاندی دانوستکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئاشکرایکرد: «لە دانوستانیاندا لەگەڵ لایەنەکان داوای هەڵوێستی روونیان لێدەکەین لەسەر ئەو (١٦) داواکارییە، ئەوکات هەڵوێستی خۆمان وەردەگرین‌و پشتگیریی لەو پاڵێوراوەش دەکەین، کە ئەو داوایانە جێبەجێ دەکات».

هاوکات د.مەحمود عوسمان، پەرلەمانتاری کورد لە بەغدا پێیوایە: هیچکام لە پاڵێوراوەکان نوێنەرایەتی لیستەکانیان ناکەن‌و بۆ رۆژنامە وتی: «ئەیاد عەلاوی، نوێنەرایەتی لیستەکەی ناکات‌و لە چەند لایەنێک پێکهاتوون‌و هەندێک لە ئەندامانی ئەو لیستەش مادەی (١٤٠)یان پێ مردووەو بڕوایان پێی نییە».

د.مەحمود، بە گرنگی زانی لەگەڵ لیستی پاڵێوراوەکاندا گفتوگۆ بکرێت، رێکەوتنی ئیمزاکراو نووسراو هەبێت لەنێویاندا بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کوردو کامیان بەو داواکارییانە رازی بوون کورد بەلای ئەودا بکەوێت‌و پێویستە ئەم شتە لەم قۆناغەدا ساغبکرێتەوە».


لەگەڵ هاتنەکایەی ئەم قۆناغە نوێیە لە دانوستان، لەماوەی هەفتەی رابردوودا هەریەک لە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان‌و جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆمار لە دوو کۆبوونەوەی جیادا لەگەڵ نوری مالیکی، ئەوەیان رەتکردەوە کە هێڵی سووریان بەرامبەر بە مالیکی هەبێت، کە ئەمەش بە جۆرێک لە پشتگیریکردنی ناوبراو لێکدرایەوە، بەڵام بەڕای ئەندامێکی لیستی عێراقییە هێشتا نزیکی لەنێوان کوردو عێراقییەدا هەیە.

جەمال بەتیخ، ئەندامی لیستی عێراقییە بە رۆژنامەی راگەیاند: «پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کورددا باشەو لێکگەیشتنیش لەنێوان عێراقییەو هێزە کوردییەکاندا هەیە، بەڵام لە سیاسەتدا هەموو شتێک روودەدات».

## ئەندامێکی سەدرییەکان: کار وابڕوات هەڵدەوەشێینەوە

# پۆست، ناکۆکیی دەخاتە نێو شیعەکانەوە

**راپۆرتی: کاروان عومەر**



سووربوونی مالیکی لەسەر خۆکاندیدکردنەوە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران، ناکۆکیی لەنێون شیعەکاندا قووڵتردەکات‌و هاوپەیمانێتییەکەیان بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەبات. پسپۆڕێکی ئیسلامی سیاسیش دەڵێت: «شتێک نییە بەناوی هاوپەیمانیی نیشتمانییەوەو پێکهاتەکانی بەجیا دانووستان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە ئەنجامدەدەن».

لەپاش ئەوەی هەفتەی رابردوو ئیئتیلافی نیشتیمانیی دانووستانەکانی لەگەڵ لیستی دەوڵەتی یاسا راگرت، تا ئەو لیستە لە دووبارە کاندیدکردنەوەی نوری مالیکی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران وازبهێنێت.

بە رای چاودێران بەهۆی سووربوونی مالیکی لە وەرگرتنەوەی پۆستەکەی ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانیی نیشتمانیی لێدەکەوێتەوە، کە هەردوو لیستەکە وەک گەورەترین هاوپەیمانێتی نێو پەرلەمان پێکیانهێنا، بەڵام هێشتا ئەو لایەنانە هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانێتی شیعەکان رەتدەکەنەوە.

خالید ئەسەدی، سەرکردەی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، پێیوایە: تائێستا هاوپەیمانیی نیشتمانی ماوەو ئەوان پابەندن بەو هاوپەیمانێتییەو رێگا نادەن هەڵبوەشێتەوە.

ئەسەدی بە رۆژنامەی راگەیاند؛ پەیوەندییەکانی نێوان پێکهاتەکانی ئەو هاوپەیمانێتییە ستراتیژیی‌و بەهێزە، بوونی ناکۆکیی لەنێوانیاندا نیشانەی لاوازیی هاوپەیمانێتییەکە نییە».

ناوبراو بوونی کێشەی نێو هاوپەیمانیی نیشتیمانیی نەشاردەوەو وتی: «جێگای داخە کە سووربوونی هەندێک لایەن لەسەر داخوازییەکانیان بووەتە هۆی دروستبوونی ناکۆکیی لەسەر پرسی کاندیدی ئەو هاوپەیمانێتییە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران».

هەرچەندە خالید ئەسەدی ئەوەی رەتکردەوە، کە ئەو هاوپەیمانێتییە لەژێر کاریگەریی وڵاتانی دراوسێ، بەتایبەت ئێران، پێکهێنرابێت، بەڵام زۆربەی ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە لە یەکەم هەڵبژاردنی دوای رووخاندنی رژێمی بەعسەوە ئیئتیلافی شیعەکان بەجۆرێک لە کاریگەریی‌و فشاری ئێران پێکهێنرا بۆ بەهێزکردنی ریزی شیعەکان‌و گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسیی لە عێراق، کە بەدرێژایی مێژووی نوێی عێراق لێی بێبەشبوون.

هۆکاری سەرەکیی کێشەکانی نێو هاوپەیمانێتیی شیعەکان پۆستی سەرۆک وەزیرانە؛ لەلایەک دەوڵەتی یاسا سوورە لەسەر کاندیدکردنەوەی مالیکی بۆ ئەو پۆستە، ئیئتیلافی نیشتمانیی داوا دەکات ئەو پاڵێوراوە بگۆڕن. لەهەمانکاتیشدا خۆیان دوو پاڵێوراویان هەیە، کە بریتین لە عادل عەبدولمەهدی‌و بەیان جەبر.

لەوبارەیەشەوە جەلالەدین سەغیر، سەرکردەی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی، بە رۆژنامەی رایگەیاند: «هاوپەیمانێتییە شیعەکە شکستی نەهێناوەو تەنیا پێکهاتەکانی ئەو هاوپەیمانێتییە نەیانتوانیوە کاندیدێک دەستنیشان بکەن بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران».

بەڵام خالید ئەسەدی، ئاماژە بە کێشەکانی دوای رێکنەکەوتنیان لەسەر کاندیدی پۆستی سەرۆک وەزیران دەکات‌و دەڵێت: «ئەو کێشەیە ئەنجامدانی دانووستانی هاوبەش بەناوی هاوپەیمانیی نیشتمانیی زەحمەت دەکات».

هاوپەیمانێتیی نیشتمانیی شیعەکان لە مانگی حوزەیرانی رابردوو پێکهێنرا، کە پێکدێت لە ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، خاوەن (٩١)کورسی، کە لە (٥٠) حیزب‌و لایەن پێکدێت‌و ئیئتیلافی نیشتمانیش کە (٧٠) کورسی بەدەستهێناوە، لە سەدرییەکان‌و حیزبی فەزیلەو سەربەخۆکان‌و رەوتی چاکسازیی‌و رێکخراوی بەدر بە ئەنجومەنی باڵاو کۆنگرەی نیشتمانیی پێکدێن.

باسم شەریف، وتەبێژی حیزبی فەزیلە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە کێشەی کاندیدکردنەوەی مالیکی بووەتە هۆی دروستبوونی دووبەرەکیی لەنێوان پێکهاتەکانی هاوپەیمانیی نیشتمانیدا، بەڵام پێکهاتەکانی سوورن لەسەر مانەوەی ئەو هاوپەیمانێتییە.

شەریف بە رۆژنامەی راگەیاند؛ دەبوایە پێش پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکە رێکەوتنێک هەبووایە لەسەر کاندیدەکان بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران‌و پەیڕەو و پرۆگرامەکانی پێش پێکهێنانی بەشێوەیەکی روون دابنرایە».

یەکێک لە دەرهاویشتەکانی کێشەی نێو هاوپەیمانێتیی شیعەکان، ئەنجامدانی دانوستانە لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بەجیا، کە هەر لایەنێک بەناوی خۆیەوە دانوستان ئەنجام دەدات بەبێ گەڕانەوە بۆ هاوپەیمانێتییەکە.

هەرچەندە باسم شەریف ئەنجامدانی ئەو جۆرە دانووستانانە بە کارێکی ئاسایی دەزانێت، بەڵام پێیوایە؛ «دەبێت ئەو دانووستانە لە بەرژەوەندیی ئیئتیلافەکەیاندا بێت».

ئەندامێکی رەوتی سەدریش، کە بە کوتلەی (ئەحرار) ناسراون، دان بە لاوازبوونی هاوپەیمانێتیی شیعەکاندا دەنێت‌و ئاماژە بە چەند هۆکارێکی دیکەی ئەو لاوازبوونە دەکات.

موشریق ناجی، پەرلەمانتاری ئەحرار، بە رۆژنامەی راگەیاند؛ هۆکاری لاوازبوونی ئەو هاوپەیمانێتییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تائێستا پێکهاتەکانی رێکنەکەوتوون لەسەر بەرنامەیەکی کارو سەرجەم دانوستانەکانی نێوانیان لەسەر بەرنامەکانی ئەو هاوپەیمانێتییە نەبووە، «بەڵکو لەسەر کەسایەتییەکان بووەو تائێستا سەرۆکێک بۆ ئەو هاوپەیمانێتییە دەستنیشان نەکراوەو پەیڕەوو پرۆگرامیشی نییە».

موشریق ناجی، ئاماژەی بەوەشدا: کاردەکەن بۆ هەڵنەوەشاندنەوەی ئەو هاوپەیمانێتییە، بەڵام ئەگەر کێشەکانی نێوان پێکهاتەکان بەوشێوەیە بڕوات، ئەوا هەڵدەوەشێتەوە».

هاوکات د.حەمید فازڵ، مامۆستای کۆلێژی زانستە رامیارییەکان، کە پسپۆڕە لە بواری ئیسلامی سیاسیی، پێیوایە؛ کاندیدی ئەو هاوپمانێتییە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران لەمپەرێکی گەورەیە لەبەردەم بەردەوامبوونی ئەو هاوپەیمانێتییەو خاڵە هاوبەشەکانی نێوان پێکهاتەکانی ئەو هاوپەیمانێتییە زاڵ نەبووە بەسەر ئەو پرسەدا.

د.حەمید بە رۆژنامەی راگەیاند؛ «شتێک هەیە بە ناوی هاوپەیمانی نیشتمانیی، بەڵام لە رووی واقیعییەوە بوونی نییەو پێکهاتەکانی بەجیا دانووستان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە ئەنجام دەدەن‌و بۆچوونەکانیشیان جیاوازە».

فەرید ئەسەسەرد: شەقام رابەرایەتی ئۆپۆزسیۆن دەکات 12



## بەڕێوەبەری ناوەندی عێراقی بۆ لێکۆڵینەوە:

# دەبێت کورد، باز نەدات بەسەر هیچ ئەزموونێکی سەرکەوتووی دیموکراسی ناوەندا

سازدانی: هەستیار قادر

**د. نیعمە عەبادی، بەڕێوەبەری ناوەندی عێراقی بۆ لێکۆڵینەوە پێیوایە: هەر ئاماژەیەکی کورد بۆ جیابوونەوە بارودۆخی نێوان هەولێرو بەغدا ئاڵۆزتر دەکاتو بە گرنگی دەزانێت، کورد باز بەسەر هیچ ئەزموونێکی سەرکەوتووی دیموکراسیدا نەنێت کە بەغدا دەیبێتو دەڵێت: «کار گەیشتووەتە ئەوەی کە ناوەند وا سەیری هەرێم بکات، سەرجەم مافەکانی دەباتو بەبێ ئەوەی پەیوەست بە یاساکانی عێراق بێتو سەرکردایەتی هەرێمیش ڕێیان نەداوە، وەزارەتە سیادییەکان لە هەرێمدا بونیادیان هەبێت».**

**عەبادی، لە دیمانەیەکی رۆژنامەدا، رەخنە لە سەرکردایەتی سیاسیی کورد دەگرێتو پێیوایە: «کارێکی باشیان نەکردووە بۆ فەراهەمکردنی پەیوەندییەکی روونو ئاشکرا لە نێوان ناوەندو هەرێمدا».**

**رۆژنامە: سەرەتا لە کێشەی پێکنەهێنانی حکومەتی عێراقییەوە دەستپێدەکەین، چییە کە لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا روودەداتو ڕێک ناکەون لەسەر پێکهێنانی حکومەت؟**

* گۆڕانکاریی بارودۆخی عێراقو پاشماوەی سیستمی پێشوو کە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتی وشککردەوەو کەشوهەوای بێ متمانەییش کە باڵی بەسەر ئەو پرۆسەیەدا کێشا، لە دوای ساڵی(٢٠٠٣) هاتەکایەوەو دەرەنجامی ئەمەش، کاردانەوەی لەسەر دەستوورو بونیادنانی دامەزراوەکانی دەوڵەتو یاساکان هەبوو، لە نێویاندا یاسای هەڵبژاردنو ئەو دەستانەش کە سەرپەرشتی هەڵبژاردندیان دەکرد، ئەمە جگە لە دەرکەوتنی ناسنامەی لاوەکی وەلائی مەزهەبیو نەتەوەیی لە غیابی گەلاڵە نەبوونی ناسنامەی نیشتیماندا، ئەمەش وایکرد کە دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانیش دابەش ببن لەسەر بنەمای سێ پێکهاتەکەی عێراقدا (کورد، شیعەو سوننە)، لە سایەی لیستە نزیکەکان لە روانگەی دەرنجامەکانو مادەدەستوورییە لاستیکییەکانیو کارکردنی سەرکردە سیاسییەکان بۆ بەرژەوەندیی گرووپیو حیزبیو دەستێوەردانی سلبیی دەرەکیی، بارودۆخێکی کێشەدار لە عێراق هاتەکایەوە، کە وایکرد پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت بۆ ماوەی چوار مانگ لە شوێنی خوی بخولێتەوەو گرێی سەرەکی ئەم کێشەیە دیاریکردنی سەرۆک وەزیرانە کە سەرجەم لایەنەکان هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن، بەوپێیەی کە ئەزموونی پێشوو قورسایی زۆری دا بەو پۆستەو میحوەری سەرەکیی چالاکی دەوڵەت بوو و سەرجەم پێکهاتە دەستوورییەکانی تری بچووک کردەوە، ئەمەش وایکرد کە هەموو لایەنەکان بیر لە پۆستی سەرۆک وەزیران بکەنەوە، وەک ئەوەی کە تاکە کلیلی دەسەڵاتی راستەقینەی سیاسییە لە عێراقدا.

گەمەی دووڕوویی سیاسییو گاڵتەکردن بە خەمی خەڵکو پێداویستییەکانیانو هەڵوێستی کۆنکرێتی لە ویستی کەسیو حیزبیدا، متمانەی لەنێو هاوڵاتییانو لیستەکانی هەڵبژاردنو نوێنەرەکانیان لە پەرلەمان نەهێشتووەو کێشەکە گەیشتە ئەوەی کە بیر لە بێهودەیی خودی پەرلەمانیش بکرێتەوە، بەتایبەت لە باسکردنی ئەڵتەرناتیڤی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، هەربۆیە ئەزموونی سیاسیی عێراقو کارەکتەرەکانیشی لە سەنگی مەحەکو لێواری مەترسی بێبەهابوونیانن لەبەرچاوی جەماوەر. گرنگ ئەوەیە سنووری ئەداو سیفەتەکانی سەرۆک وەزیران دیاریبکرێتو دەرفەتی زیاتر بۆ زیاد لە کەسایەتییەک برەخسێنرێت کە ئەو سیفەتانەی تیایەو رێگە بە پەرلەمان بدرێت کە بێلایەنانەو بابەتییانە ئەو کەسە دیاریبکات کە شیاوترینە، بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی عێراقو دواتر دەتوانین لەم تونێلە بەرتەسکەو ئەم دیالۆگە بێهودەیە دەربچین، ئەگەرنا پێشێلکردنی دەستوور بەردەوام دەبێتو دامودەزگاکانی دەوڵەت پەکدەخاتو کاریگەریی لەسەر بارودۆخی ئاسایشیش دەبێت، کە ئەمەش کۆمەڵە رووداوێکن کە هاوڵاتییانی عێراق ناتوانن بەرگەی بگرن.

**رۆژنامە: لەو روانگەیەوە، ئایا عێراق بەرەو دیموکراسی دەڕوات، یان بەرەو دیکتاتۆرییەتی شەرعی، کە کەسانێک لە رێگەی هەڵبژاردنەوە دەسەڵات وەردەگرن، بەڵام دیکتاتۆرانە مامەڵە دەکەن؟**

* چەند بونیادێکی یاسایی و دەستووریی هەن کە دیموکراسییەتیان لەسەر بونیاد دەنرێت، کە ئەوانیش (جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو هەڵبژاردنی خولیو دادگای سەربەخۆو یاسای بێ جیاوازییەکان)ن، ئەمانە لە عێراقدا هەن، بەڵام کێشەی سەرەکی لە ناوەڕۆکی کلتوورییە کە ئەو چوارچێوەیە پڕدەکاتەوەو هانی جێبەجێکردنی دەدات. دیموکراسی پێویستی بە چوارچێوەی سیستمی یاساییو کلتوورێکی بڕوا هەبووە بە دیموکراسی، حیزبەکان پاشماوەییو تاکڕەویی سەرکردایەتینو سەرکردەکانیشمان ئالودەی تاکڕەویی دەسەڵاتنو رای گشتیش هێشتا پەیوەستە بە سیمبولو پەروەردە، رۆشنبیریی گشتیش توندوتیژییو دیکتاتۆرییەتو روحی هەیمەنە هاندەدات، بۆیە هەر مومارەسەکردنێکی دیکتاتۆریی لە عێراقدا، بە خێرایی سەرکەوتن بەدەستدەهێنێتو هاوکات ئاکاری دیموکراسیش رێیەکی دووررودرێژی لە بەردەمدایە لە گۆڕانکاریی بەتایبەت لە سیستمی بەهای حاکمێتی ئاکاری سیاسییو کۆمەڵایەتی بەگشتیی، سەرەڕای ئەمانەش، دەرفەتەکانی هەنگاونان بەرەو دیموکراسی بوونیان هەیە، بەتایبەت لەگەڵ بوونی گوشاری خەڵکو سەرهەڵدانی نوێبوونەوە جێگۆڕکێ لە ژیانی سیاسییو دەرکەوتنی سەرکردەی گەنج.

**رۆژنامە: هەندێک پێیانوایە کە کورد وەک ساڵانی پێشوو، رۆڵیان نەماوە، رات لەو بارەیەوە چییە؟**

* پێموایە، کورد هێشتا یەکگرتوونو پێگەشیان لە پرۆسەی سیاسیدا بەهێزە، بەڵام ئەم قۆناغە ئیستیحقاقی تایبەتی خۆی هەیەو دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان یەکلاییکەرەوەن بۆ دیاریکردنی رۆڵی هەر پێکهاتەیەکو ئەوەش کە پێویستە کورد لەم قۆناغەدا بیکات، ئەوەیە کە هەر گۆڕانگارییەکی پرۆسەی سیاسییو بونیادنانی دەوڵەت، لەسەر بنەمای رێکوڕەوانی خۆی لە عێراقدا دەبێتە پشتیگریی بۆ پێکهاتەی کوردو دەرفەت دەداتە گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، هەمیشە ئەم هاوکێشەیە راستە کە بەهێزکردنی عێراقێکی سەربەخۆو سەقامگیر، مانای بەهێزییو رۆڵی کاریگەری سەرجەم پێکهاتەکانێتی.

**رۆژنامە: لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا، کێشەی زۆر لەنێوان هەرێمو بەغدا هەبوون، هۆی ئەو کێشانە چینو هەڵەکانی کورد لەبەردەوامی ئەو کێشانەدا چی بوون؟**

* پاشماوەیەکی قورسی کێشەیی لە نێوان کوردو دەسەڵاتی ناوەندا بەجێماوەو ئەم بارەش بێمتمانەیی دروستکردەوەو هەستکردنیشی بە هاوبەشی راستەقینە لەلای کورد بێهێزکردووەو لەبەرامبەریشدا مەترسیی لای حکومەتی ناوەندی بەرامبەر بە نییەتەکانی کورد دروستکردووە، پێویستە هەردوولا لەوە تێبگەنو واقیعییانە بیربکەنەوە، ئەوە دەستکەوتانەی کورد کە بەدەستی هێناون بیۆیێنەن لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام هەر ئاماژەیەک بۆ جیابوونەوەو بەرکاهێنانی گوشار، بارودۆخەکە بە ئاڵۆزیی دەهێڵێتەوە، پاشان سەرکردایەتی سیاسیی کورد کارێکی باشیان نەکردووە بۆ فەراهەمکردنی پەیوەندییەکی روونو ئاشکرا لەنێوان ناوەندو هەرێمدا لەسەر بنەمای دواکەوتەیی یاساییو رەسمییو کار گەیشتووەتە ئەوەی کە ناوەند وا سەیری هەرێم بکات کە هەرێم سەرجەم مافەکانی دەباتو بەبێ ئەوەی پەیوەست بە یاساکانی عێراق بێتو سەرکردایەتی هەرێمیش رێیان نەداوە، وەزارەتە سیادییەکانی عێراق لە هەرێمدا بونیادی یاساییو سروشتییان هەبێت تا متمانەو دڵنیایی لەنێوان هەردوولادا دروستبکات، پێویستە کورد گوتاری سیاسیی خۆی بگۆڕێت کە سنووردارە لە چوارچێوەی خاڵەکێشەدارەکان لەگەڵ ناوەندو پێوێستە پەیوەندیی ناوەند لەگەڵ هەرێمدا لە رووی عەمەلییەوە برەوی پێبدرێت تا دەسەڵاتی سیاسیی لەبەغدا هەست بەوەبکات کە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە خاکی عێراقو لە ژێر دەسەڵاتی یاسایی ئەودایە، ئەمەش کلیکی گۆڕانکاریی هەڵوێستە توندەکانە بەرامبەر بە داواکارییەکانی کوردو پێویستیشە کورد چاو بە هەندێک لە داواکارییەکانیدا بخشێنێتەوە لەسەر بنەمای ئەوەی کە واقیع هێناوێتییە کایەوەو ئاستی توانای چارەسەرکردنی هەیە لە پێش هەمووشیانەوە، کێشەی کەرکوک.

**رۆژنامە: چارەسەرکردنی کێشەی کورد، لە عێراقدا چییە؟ فیدراڵی، کۆنفیدراڵی، یان سەربەخۆیی؟**

* پێموایە، کورد هیوایەکی بەهێزیان لە ناخدایە بۆ پێکهێنانی کیانێکی تایبەت بە خۆیان کە مافی خۆشیانە، بەڵام بارودۆخی جوگرافیو سیاسیی هاوکاریان نییە بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە، لانیکەم لەم قۆناغەدا دەوڵەتێکی کوردی چۆن دەژی کە ئابلۆقەدرابێت بە چوارلایەن کە لە رووی مێژووییەوە دوژمنی بووبن؟

بۆ کۆنفیدراڵیش، پێموایە کە کورد لە نەتەوەی عەرەب دووردەخاتەوەو قەبارەی کێشەکانی نێوانیشیان لەگەڵ ناوەندا زیاد دەکات، هەربۆیە فیدراڵییەکی رێکوپێک لەسەر بنەمای بەدەستهێنانی مافو پەیوەستبوون بە ئەرکەکانییەوە، رێگای راستی کوردەکانە لە عێراقدا. بۆ سەربەخۆییش، پێموایە کە پەیوەست نەبوونی کورد بە عێراقیبوونیان، چارەسەری کێشەکان ناکات، بەڵکو زیاتر لەوەش پێویستە زیاتر لەگەڵ هەرێمی عەرەبی عێراق نزیک ببێتەوە، بەتایبەت لە رووی کلتوورییەوە، ئەگەر لەنێو سەرکردە سیاسییەکاندا هەندێک هەبن تێڕوانینێکی سلبییان بەرامبەر بە مافی کورد هەبێت، پێموایە کە گەلی عێراق بەدرێژایی مێژوو، پشتگیریی کوردو خواستەکانیان کردووە.

**رۆژنامە: دوای رووخاندنی رژێم، چاوەڕوان دەکرا لە زۆر بارەدا، بەغدا چاو لە هەرێم بکاتو ئەزموونی لێوەربگرێت، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت لە چەند پرسێکی وەک دەستەی نەزاهەو لیستی کراوە...هتد، هەرێم پاش بەغدا کەوت، هاوکێشەکە بەو شێوەیەیە؟**

* پرۆسەی سوودمەندبوونو رۆشنبیرکردنی یەکتری لەنێوان دەوڵەتو پێکهاتەکاندا، ئاڵۆزو پێکداچووە، جیاکردنەوەی تۆڕە کاریگەرەکانی ئاسان نییەو گومانی تێدا نییە کە لەنێوان هەرێمو ناوەندا، ئاڵوگۆڕی ئەزموونی سلبییو ئیجابیش هەیە، بواری خزمەتگوزاریی لە هەرێمدا جێگەی تێڕوانینی ناوەندە، ئەوەش کە پەیوەندیی بە ئەزموونی دیموکراسی هەرێمەوە هەیە، هێشتا لە هەرێمو ناوەندداکەموکورتەو پێویستی بەگەڵاڵەکردنی یاسای زیاترەو پێویستە هەرێم باز بەسەر هیچ ئەزموونێکی سەرکەوتووی دیموکراسی ناوەندا نەنێتو ئەو دامەزراوە چاودێرییانەی کە لە ناوەندیش هەن، پێویستە لە هەرێم بکرێنەوە تا رۆڵی خۆیان ببینن لە بونیادنانی دیموکراسیو دەوڵەتی یاساییدا لە هەرێم.

**رۆژنامە: کێشەی ناوچەدابڕاوەکان، لە مادەیەکی دەستووریدا قەتیس دەکرێت، دەبێت کورد چی بکات، ئەو ناوچانە بخاتە سەر هەرێم، یان ببنە هەرێمێکی سەربەخۆ، یان وەک خۆیان بیانهێڵێتەوە؟**

* پرسی ناوچەدابڕاوەکان، لە سنووری مادەی(١٤٠) گەورەترەو جێبەجێکردنی ئەم مادەیە لە تێڕوانینی کوردەوە کێشەکان چارەسە دەکات، بەڵام لە تێڕوانینی ناوەندو لایەنەکانی تری غەیرە کوردەوە، ئەو ناوچانە ئاڵۆز دەبێت، هەربۆیە دەبێت دووبارە ئەو پرسە بە هاوبەشی لەنێوان هەرێمو ناوەند بە شێوەیەکی بابەتییانە تاوتوێ بکرێتەوەو ویستێکی راستگۆیانە هەبێت بۆ چارەسەرکردنیو هەموو ناوچەویەکیش وەک تایبەتمەندی خۆی چارەسەر بکرێتو پێویستە هەرێمو بەغداش پشتگیریی لە سەقامگیرییو فەراهەمکردنی خزمەتگوزاریی ناوچەکێشەدارەکان بکەنو پێویستە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە وەڵامی پرسیارێکی گرنگ بێت، ئەویش ئەوەیە کە ئایا بارودۆخو باری هاوڵاتییانی ئەو ناوچانە چین لە رووی خۆشگوزەرانیو ئازادییەوەو پێویستە ناوەندیش لەوە دڵنیا بکرێتەو کە هەر ناوچەیەک چووە سەر هەرێم، مانای دەرچوون نییە لە دەسەڵاتی، ئەگەر نا ئەم هەستە ئەوەندەی تر هەڵوێستی ناوەند توند دەکات بەرامبەر بە داواکاریی کورد.

سەبارەت بە کەرکوکیش، پێموایە کە باشترین چارەسەر ئەوەیە، دەسەڵاتی کەرکوکییە راستەقینەکان بەهێز بکرێت لەسەر شارەکەیانو چارەنووسیانو پشتگیریی بونیادنانی بکرێت لە لایەن هەولێرو بەغداوە.

**رۆژنامە: بەر لە زیاد لە ساڵێک، بزووتنەوەی گۆڕان لە هەرێم سەریهەڵداو بەشداریی هەڵبژاردنی کرد، بە رای تۆ، کام بارودۆخ وایکرد ئەو بزووتنەوەیە لەدایکبێت؟**

* دوو حیزبە سەرەکییەکەی کوردستان، نوێنەرایەتی خەباتی کوردیان کردووە، بەڵام دەرەنجامێکی سروشتییە کە رەخنە لە ئەدای حیزب هەبێت، کاتێک لە ئۆپۆزسیۆنەوە دەبێت بە دەسەڵاتو تێڕوانینی گەلی کورد بۆ دەستکەوت لە سنووری شەڕو رووبەڕووبوونەوەی چەکداریدا نەماوە، بەڵکو تێڕوانینیان بەرەو دادپەروەریی دەسەڵاتدارێتی ئەو دوو حیزبەو ئەدایان لە بونیادنانی دەوڵەتداو بەجێگەیاندنی حزمەتگوزاییەکان، سەرەڕای سەرکەوتنی کورد لە بونیادنانی ئەزموونی حکومرانی لە دوای ساڵی (١٩٩١)ەوە، بەڵام ژیانی حیزبیی باڵی بەسەر دەوڵەتدا کێشا تا وای لێهات، حیزب بووە دەوڵەتو لەسەر ئەو بنەمایەش دەستکەوتو پلەکانی هاوڵاتیبوونیش دابەشکران، لەلایەکی تریشەوە، چەندین گرووپو کۆمەڵە هەن کە هیواو خواستیان هەیە کە لە تێڕوانینی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمدا، جێگەیان نییە، هەربۆیە رەوتی نوێی وەک بزووتنەوەی گۆڕان دروست بوو. بزووتنەوەی گۆڕان توانی گوتارێکی سەرنجڕاکێشی هەبێت بۆ راکێشانی جەماوەرێکی زۆر، بەڵام دەرفەتی بەدەستهێنانی کورسی لە پەرلەمانی ئێستادا، بە تەنیا بەس نییەو تاقیکردنەوەی قورسی بەردەم ئەو بزووتنەوەیە پارێزگاریکردنە لە جەماوەرەکەی کە ئێستا هەیەتی.

> **بزووتنەوەی گۆڕان توانی گوتارێکی سەرنجڕاکێشی هەبێت بۆ راکێشانی جەماوەرێکی زۆر، بەڵام دەرفەتی بەدەستهێنانی کورسی لە پەرلەمانی ئێستادا، بە تەنیا بەس نییە**




hewal.rozhnama@gmail.com

## ئۆپۆزسیۆنبوون

**بەپێی پێناسەکان، ئۆپۆزسیۆنی تەندروست لە سیستمێکی دیموکراتی تەندروستدا سەرهەڵدەدات، بۆیە دەکرێت بپرسین، ئایا ئۆپۆزسیۆنی کوردیی هەیە؟ پێش ئۆپۆزسیۆن ره… ئینجازەکانی چین؟، حکومەتی سێبەر لەکوێی ئۆپۆزسیۆندایە، ئایا ئۆپۆزسیۆن تەنیا موزایەدەی سیاسیی‌و ڕاگەیاندنی کردووە یان ئەرکەکانی لە پەرلەمان بەجێهێناوە، بۆ لەلایەن دە… چاوەڕێی فەرمووی دەسەڵات بکات؟... ئەمانەو چەندین پرسیاری تر کە جێگەی مشتومڕی خەڵکە لەم تەوەرەدا شرۆڤە دەکرێن.**

# فەرید ئەسەسەرد: شەقام ڕابەرایەتی ئۆپۆزسیۆن دەکات



**فەرید ئەسەسەرد، لەو بڕوایەدایە کە هەمیشە پەیوەندیی نێوان ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵات، گرژەو گرژییەکە بنەمایە، نەک پەیوەندییە دۆستانەکەی نێوان هەردوولا. بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی، لەم چاوپێکەوتنەدا، ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە ئۆپۆزسیۆنی سلبی‌و ئیجابی هەبێت‌و دەڵێت: هەڵویستی ئیجابی‌و سلبی هەیەو بەپێی کات‌و مەسەلەکانیش دەگۆڕێت. هەروەک گەشبینە بە بەرەوپێشچوونی دیموکراسی لە هەرێمدا کە پێشکەوتنی ئۆپۆزسیۆنیش لەو ڕوانگەیەوە تەماشا دەکات.**

**ڕۆژنامە: هەڵسەنگاندنی بەڕێزتان، بۆ پەیوەندیی نێوان ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵات چییە؟**

* زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە پەیوەندییەکی نادروست لە نێوان ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵاتدا هەیە، جۆرێک لە ڕەخنەشی لێدەگیرێت، بەوە نابێت کە گرژی لە نێوانیاندا هەبێت، من دەمەوێت بڵێم، لە سەرانسەری دنیادا پەیوەندیی نێوان ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵات، گرژەو گرژییەکە بنەمایە، نەک پەیوەندییە دۆستانەکەی نێوان هەردوولا.

لە هەر وڵاتێکدا دیموکراسی هەبوو، دەرفەتێکی زۆر بۆ ئەو پەیوەندییە دروست دەبێت، بەڵام نەک پەیوەندییەکی دۆستانە، چونکە لە سایەی دیموکراسیدا، مەسەلەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات دێتە پێش کە ئەمە بە پەیوەندیی نێوان ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵات دروست دەبێت.

ئەگەر ئێمە وای دابنێین کە لە هەرێمی کوردستاندا، پەیوەندییەکی گرژ لە نێوان دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆندا هەیە، ئەوا هەمان پەیوەندیی لە وڵاتان، تەنانەت لە ئەمریکاو بەریتانیاو فەڕەنساش هەیە کە ئەم سێ وڵاتە لە ڕووی دیموکراسییەوە پێشکەوتوون.

**ڕۆژنامە: دەتوانیت، ئەو گرژییە ڕوونتر بکەیتەوە؟**

* نزیکتر دەبمەوە بۆ وڵاتانی ناوچەکەو دراوسێمان، پەیوەندیی نێوان ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵات لە تورکیا، ئێران، ئوردن، کوەیت کە چوار وڵاتن تا ئەندازەیەک دیموکراسییان تێدایە، لە هەر چوار وڵاتەکەدا پەیوەندییەکی گرژ لەنێوان ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵاتدا هەیە، ئیتر بە پێی وڵاتەکان، گرژییەکە کەم‌و زیاد دەکات، لە کوردستانیش بەهەمان شێوەیە، لەبەرئەوە، زۆرجار لام سەیرە کە باسی ئەوە دەکەن، پەیوەندییەکی ناتەندروست لەنێوان ئەم دوو لایەنەدا هەیە، چونکە لە بنەمادا پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای گرژیی دادەمەزرێت.

**ڕۆژنامە: بۆچوونت بەرامبەر بەو دەستەواژەیە چییە، کە دەڵێت: ئۆپۆزسیۆن دان بە هیچی خێری دەسەڵاتدا نانێت؟**

* ئەمە بەشێکە لە چوارچێوە گشتییەکەی نێوانیان کە لە ناوەڕۆکدا گرژە، لە زۆربەی وڵاتان، ئۆپۆزسیۆن ئەو ڕۆڵە نێگەتیڤەی گێڕاوەو هەمیشە ڕەخنەی لە حکومەت گرتووە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا، لەو مەسەلانەی کە پەیوەندییان بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەبووە، ئۆپۆزسیۆن توانیویەتی بۆچوونێک گەڵاڵە بکات کە زۆر نزیکبووە لە بۆچوونی دەسەڵاتەوە.

**ڕۆژنامە: کەواتە گرژییەکە حاڵەتێکی تەندروستە؟**

* پێموایە، چەمکە گشتییەکە پشت بە گرژیی دەبەستێت، نەک بە دۆستایەتیی هەردوولا.

**ڕۆژنامە: لە وڵاتێکی وەک ئەمریکادا، بەرژەوەندییە گشتییەکان پشتبەستوون بە دەستووری نووسراو، بەڵام لە هەرێمدا دەستوورمان نییەو خوێندنەوەی جیاوازیش بۆ بەرژەوەندیی گشتیی دەکرێت.**

* لە هەموو شوێنێک وایە، سیاسەتی حکومەت پشت بە یاساو دەستووری نووسراو دەبەستێت، بەڵام ئەوەش بۆچوون‌و دیدی جیاواز هەڵدەگرێت، هەریەک لە گۆشەنیگای خۆیەوە بەرژەوەندییەکان دەخوێننەوە.

لە ئەمریکا، حکومەت دیدی خۆی بۆ بەرژەوەندیی گشتیی لەوەدا دەبینێت کە پشتگیریی دۆستەکانی خۆی لە ڤێتنام بکات‌و کار لەسەر ئەوە بکات کە ڤێتنام نەکەوێتە دەست کۆمۆنیستەکان، بەهۆی ئەوە قەیرانی گەورە ڕووی لە حکومەتی ئەو سەردەمەی ئەمریکا کرد، بەرەیەکی زۆر بەرهەڵستکاری بەهێز لەناو دەستەبژێری سیاسیی‌و ڕۆشنبیریی‌و شەقام هاتە کایەوە، بەڵام بۆچوونی حکومەت ئەوە بووە کە ئەمە بەرژەوەندیی نەتەوەییەو ناتوانێت دەستبەرداری ئەوە ببێت.

**ڕۆژنامە: لە هەرێمی کوردستاندا، دەسەڵات دابەشکاریی کردووە بۆ ئۆپۆزسیۆن‌و ناوی سلبی‌و ئیجابی لێناوە، ئەو دووجۆرە لە ئۆپۆزسیۆن، هەن؟**

* ئۆپۆزسیۆن، دابەش ناکرێت بەسەر سلبی‌و ئیجابیداو ئۆپۆزسیۆن، لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا، دەتوانێت هەڵوێستی زۆر ئیجابی بنوێنێت‌و لە هەلومەرجێکی تردا هەڵوێستێکی سلبی هەبێت سەبارەت بە مەسەلەیەکی تر.

هەلومەرجەکە، هەڵوێستەکە دیاریدەکات‌و دەمێنێتەوە سەر دەسەڵات، ئایا ئەم هەڵوێستە بە ئیجابی دادەنێت، یان بە سلبی. لەگەڵ ئەوەم، ئۆپۆزسیۆن ماف بداتە دەسەڵات کە ئەم دیدەی هەبێت، چونکە ئەمە بەشێکە لە دیدی دەسەڵات بۆ مەسەلەکە، بەڵام دەبێت دەسەڵاتیش ئەو مافە بداتە ئۆپۆزسیۆن کە دیدی جیاوازی هەبێت.

لەوبڕوایەدام، لای ئێمە لێک تێنەگەیشتنێک بۆ مەسەلەکان هەیە، دەسەڵات پێیوایە کە دەبێت چوارچێوەیەک بۆ ئازادیی ڕادەربڕین هەبێت، ئۆپۆزسیۆنیش پێیوایە، پێگەی خۆی ئەو دەرفەتەی دەداتێ کە هیچ چوارچێوەیەک بۆ بیروڕای ئازاد نەبێت‌و نەتوانراوە لەنێوان ئەم دوو بۆچوونەدا، هاوسەنگییەک دروست بکرێت.

> **له سەرانسەری دنیادا پەیوەندیی نێوان ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵات، گرژەو گرژییەکە بنەمایە، نەک پەیوەندییە دۆستانەکەی نێوان هەردوولا**

**ڕۆژنامە: ژینگەی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی هەرێم، گونجاوە بۆئەوەی ئۆپۆزسیۆن تێیدا گەشە بکات؟**

* ئەمە ئەمانباتەوە سەر پێشینەیەکی مێژوویی، ئێمە ئەزموونی ئۆپۆزسیۆنمان هەیە، بەڵام چەکدارانەیە، ئەوەش کورد هانای بۆ بردووە لە دژی زۆربەی ئەو حکومەتانەی دیکتاتۆر بوون، بەڵام ئەم ئەزموونە ئەوەندە گەشەی نەکردووە کە لە کۆتاییدا دۆخێکی پێشکەوتووتر پێشکەش بکات.

بۆنموونە، هەر هێزێکی چەکدار کە پێکهاتووە، لە کۆتاییدا بەو سەرەنجامە گەیشتووە کە وتووێژ لەگەڵ بەغدا بکات‌و واز لە ئۆپۆزسیۆنی چەکدار بهێنێت‌و لە چوارچێوەی هەوڵدانی بۆ بەدەستهێنانی هەندێک لە مافە نەتەوەییەکانیدا، هەندێک پۆست لە ڕژێمی سیاسیی حکومڕان وەربگرێت‌و ببێت بە بەشێک لەو ڕژێمە، ئەوەش وایکردووە کە نەیتوانیوە لەسەر ئاستی عێراق ببێتە ئۆپۆزسیۆن بەرامبەر بەغدا، لە سەر ئاستی ناوخۆش، لەبەرئەوەی یەک حیزب زاڵبوو بەسەر ئاستی سیاسیدا، دەرفەتێکی کارا بۆ ئۆپۆزسیۆن لەئارادا نەبوو.

لە ڕووی ئەو سەردەمەوە، دیموکراسی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ئەوەیە کە هاوڵاتی داهاتێکی جێگیرو دیاریکراوی هەیە، بەو هۆیەشەوە توانیویەتی سەربەخۆیی ئابووریی بۆخۆی دابین بکات، ئەو وڵاتانەش کە هاوڵاتیی داهاتی سەقامگیری نییەو داهاتەکە هەمیشە لەژێر هەڕەشەدایە، ئەو هاوڵاتییە ناتوانێت بەشداریی کارای هەبێت لە دروستکردنی دیموکراسی لە وڵاتەدا.

تا لە هەرێمی کوردستاندا هاوڵاتی داهاتێکی جێگیرو سەبەرخۆی نەبێت، ناتوانێت ڕۆڵی پۆزەتیڤی هەبێت لە پێشخستنی دیموکراسی لە وڵاتەکەماندا.

**ڕۆژنامە: بەشێکی زۆر لە حیزبەکانی ئێمە، لەسەر بنچینەی چەکداریی دامەزراون‌و ئێستاش بەناوی خەڵکەوە بڕیاردەدەن‌و شتەکان قەدەغە دەکەن، ئایا لەم ژینگە حیزبییەدا کە حیزبی قائید هەیە، ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت؟**

* ئەو حیزبانەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەن، هەمیشە ڕووخسارێکی پۆپۆلیستییان هەیەو لەوانەن کە لە فەنزویلا، یان لە نیکاراگوا هەن، بەڵام بە بەراورد بەوانەی ئێمە، ئەوان پێشکەوتووترن، چونکە دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەئارادایە، بەڵام پێموایە، ئێستاش دەرفەتێک هەیە بۆئەوەی ئۆپۆزسیۆن بتوانێت ئەرکەکانی خۆی جێبەجێبکات، لەڕاستیشدا ئۆپۆزسیۆن ئەرکەکانی خۆی جێبەجێکردووە، لە ڕەخنەگرتن لە حکومەت‌و دەربڕینی ڕای خۆی، ئەوە بەشێکە لە ئەرکەکانی.

**ڕۆژنامە: لە هەرێمی کوردستاندا، تا چەند کلتووری یەکتر قبووڵکردن پێشکەوتووە؟**

* ئەم مەسەلەیە پەیوەندیی بە گەشەکردنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، زیاتر پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە ئەو کۆمەڵگایەی ئێمە، مەدەنییە یان عەسکەرتارە. ئەوەی من دەیبینم، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی گەشەیان کردووە، بەڵام ئەو شێوەیەی نییە کە زاڵبێت بەسەر بنەماکانی کۆمەڵگەی عەسکەرتارییدا.

ئێستا، لە قۆناغێکی گواستنەوەداین، لەنێوان بەهاو چەمکە عەسکەرتاریی‌و چەمکە مەدەنییەکاندا، لە نێوان بۆچوونە تازەکان‌و بۆچوونە کۆنەکاندا. پێموایە، ئایندە ئەم مەسەلەیە ڕوون دەکاتەوە.

**ڕۆژنامە: کلتوور کە چەسپا، دەرنگ گۆڕانی بەسەردا دێت، چی بکەین بۆئەوەی گۆڕانەکە خێراتر بکەین؟**

* بۆچوونم ئەوەیە کە لەمبارەیەوە هیچ ناکرێت، چونکە ئەم شتانە پەیوەندییان بە سیاسەت‌و ئیرادەی تاکەوە نییە، ئەمە پەیوەندیی بە هەموو کۆمەڵگەکەوە هەیە، ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین کە بۆنموونە، بەشداریی ژن بەرامبەر بە پیاو زۆر لەدواوەیە، ئێمە هەرچەند هەوڵی پشتگیریی ژن بدەین کە بچێتە پێشەوە، تا کۆمەڵگە قۆناغێک نەبڕێت، هیچمان پێناکرێت.

لە مەسەلەی دیموکراسیشدا وایە، بۆچوون‌و بەها هاوچەرخەکان لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا سەبارەت بە مەسەلەی دیموکراسی، مافی مرۆڤ‌و ئازادیی ڕادەربڕین، لەچاو (٢٠)ساڵ لەمەوبەر گەشەکردووترە، بەرەو پێشتریش دەڕوات، بۆیە ئایندە بۆ بەها تازەکانەو لەناوچوونیش بۆ بەها کۆنەکانە.

**ڕۆژنامە: وەک کەسێک کە حیزبەکەی بەڕێزتان بەشدارە لە دەسەڵاتدا، پێتوایە، ئۆپۆزسیۆن لەسەر بەرنامە ئیش دەکات؟**

* پێموایە، ئۆپۆزسیۆن بەرنامەیەکی دیاریکراوی نییەو جۆرێک لە فەوزاو هەڵەشەیی بە هەڵوێستییەوە دیارەو هۆکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئۆپۆزسیۆن لە شەقامەوە نزیکترە تا لە دەسەڵات‌و یەکێک لە ڕووخسارەکانی شەقامیش ئەوەیە کە هەمیشە پاشاگەردانی‌و شێواویی زاڵە بەسەریدا، لەبەرئەوە ئۆپۆزسیۆن دوای شەقام کەوتووە لە جیاتی ئەوەی بێتە ڕابەری شەقام، شەقامی کردووە بە ڕابەری خۆی، ئەمەش وایکردووە کە ئەو بەرنامەیەی لەسەرەتاوە دیاریکردبوو، نەیتوانوە جێبەجێی بکات.

**ڕۆژنامە: تا چەند گەشبینیت بە گەشەکردنی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کورستاندا؟**

* گەشبینم بە گەشەکردنی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان کە مەسەلە پەیوەندیدارەکانی وەک ئۆپۆزسیۆنیش دەگرێتەوە.

**ڕۆژنامە: ئەوەی باست کرد، لە ڕۆژنامەی ئەهلیدا دەردەکەوێت کە هەمیشە لە شەقامەوە نزیکەو دەنگی شەقام دەگەیەنێت، لێرەوە ڕات لەسەر پەیوەندیی ڕۆژنامەی ئەهلی‌و ئۆپۆزسیۆن چییە؟**

* جیاوازیی هەیە لەنێوان ئەو دووانەدا، ڕۆژنامەی ئەهلی گوزارشت لە بۆچوونی شەقام دەکات، زۆرجار بۆچوونەکان دیدی سیاسییان پێوە دیار نییە، ناشیەوێت گوزارشت لە بۆچوونێکی سیاسیی دیاریکراو بکات.

ئۆپۆزسیۆن، ناتوانێت بەبێ ئامانجی سیاسیی کاربکات، لەکاتێکدا ڕۆژنامەی ئەهلی دەتوانێت بەبێ ئامانجی سیاسیی کاربکات، ئەوەی بەسەر ڕۆژنامەی ئەهلیدا زاڵە، پەیوەندیی بە هەندێک مەسەلەوە هەیە، لەوانەش پەیداکردنی داهات‌و ڕیکلام، بەڵام مەرج نییە ئۆپۆزسیۆن ئەوەی بەسەردا زاڵ بێت، چونکە ئامانجی ئۆپۆزسیۆن هەوڵدانە بە گەیشتن بە دەسەڵات بەو شێوازەی کە خۆی بە پەسەندی دەزانێت، بەڵام ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت سوودی زۆر لە ڕۆژنامەی ئەهلی ببینێت.

ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان ئۆپۆزسیۆن‌و ڕۆژنامەی ئەهلیدا هەیە، پتەوترەو لەنێوان ڕۆژنامەی ئەهلی‌و دەسەڵاتدا نییە، لەبەرئەوە زۆرجار هەماهەنگی بە مەبەست‌و بەبێ مەبەست لە نێوان ڕۆژنامەی ئەهلی‌و ئۆپۆزسیۆندا دروستدەبێت.

**فەرید ئەسەسەرد**
**لەدایکبووی ساڵی (١٩٥٦)ە لەهەولێر.**
**بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی کوردستانە.**
**سەرنووسەری گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژییە.**
**چەندین کتێبی هەیە، لەوانە:**
**-اصول الثقافة البارزاني.**
**-اتجاهات السياسة الكردية بعد حرب العالمية الثانية.**

# پێنجوێن داوای پشکی خۆی لە ناردنە دەرەوەی نەوت دەکات

ڕاپۆرتی: خالید مەحمود

**پەرلەمانتاران‌و ڕۆشنبیران، داوای ڕاگرتنی ناردنە دەرەوەی نایاسایی نەوت‌و ڕوونکردنەوەی داهاتەکەی دەکەن.**

سیروان عومەر مەحمود، تەمەن (٢٤) ساڵ گەنجێکی ڕۆشنبیری قەزای پێنجوێن، بە نیگەرانییەکی زۆرەوە لە ڕۆیشتنی بە لێشاوی نەوت ئاماژەی بەوەدا: کە مەرزی باشماخ هەر لە سەرەتاوە جگە لە تەپوتۆزو لێکەوتنەوەی ڕووداو هیچ سوودێکی ئەوتۆی نییە بۆ دانیشووانی پێنجوێن، ســـەرەڕای ئـــەوەی کـــە زۆرجـــار ســـامـــانـــی میللەت لێرەوە بە ناشەرعیی تاڵانفرۆش دەکرێت، وتیشی: «پێویستە خەڵکی پێنجوێن چیدی ڕێگەنەدەن کە لەناو ماڵیاندا دزی لە میللەت بکرێت!».

سیروان، بە گرنگیزانی ڕێگە نەدرێت کە نەوت‌و پێکهاتەکانی بەناو پێنجوێندا بەنایاسایی ببرێتە دەرەوە، وتی: «هەر لێرەوە حکومەت ئاگادار دەکەینەوە، کە دەبێت ڕێژەیەک لە داهاتی ئەو مەرزە بۆ پێنجوێن بێت‌و بەزووترین کات ڕێگەی (باشماخ - سیدسادق) دووساید بکرێت، بەپێچەوانەوە هەڵوێستی ترمان دەبێت‌و ڕێگە نادەین مافمان بخورێت».

هاوکات کامیل قادر، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، کە خۆی خەڵکی پێنجوێنە بە پێویستی زانی لەڕێگەی ڕۆشنبیران‌و کەسایەتییە بەناوبانگەکانی کوردستان ڕای گشتیی دروستبکرێت، تا بزانرێت داهاتی ئەم نەوتە بۆکێ؟ بۆچی؟ بەکاردێت».

ئەو ئەندامەی ئەنجومەن بۆ ڕۆژنامە باسی لەوەشکرد: کە زەرەرمەندترین شار پێنجوێنە، ئەوەندەی لێی زەرەرمەند دەبن، لێی سوودمەند نابن، لە تێکچوونی ڕێگاوبان بەهۆی کێشی ئەو تانکەرانەوە کە دروستبوونی ڕووداوی مرۆیی‌و مادیی لێدەکەوێتەوە، بۆ ڕۆژنامە وتی: «داوامان ئەوەیە کە دەســەڵات ڕوونکردنەوەمان بداتێ، بزانین کێ لە داهاتی ئەو پرۆسەیە سوودمەند بووە؟ لە کاتێکدا ئێمە وەک هاوڵاتی لێی سوودمەند نەبووین، بۆیە لـەگـەڵ خەڵکین هــەر بـڕیـارێـک بـدەن سەبارەت بە ئاشکراکردنی سەرچاوەی داهاتی نەوت، یان ڕاگرتنی ناردنە دەرەوەی ئەو نەوتە».

لای خۆشیەوە سەرهەنگ فەرەج محەمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی (گۆڕان) ئاماژە بەوە دەکات: کە ئەو نەوتە موڵکی هەموو خەڵکی کوردستانە، واتە موڵکی گشتییە، بۆیە فرۆشتن‌و ناردنە دەرەوەی پێویستە بەئاگاداریی خەڵک‌و نوێنەرەکانی بێت‌و بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە وەک ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئاگامان لە چۆنێتی فرۆشتنی نییە، لەکاتێکدا یاسایی‌و نایاساییبوونی مەسەلەیەکی دیکەیە، کە دەفرۆشرێت داهاتەکەی لەکوێیە؟ ئەمە پرسیاری سەرەکییە».

قەزای پێنجوێن، بەهۆی بە نایاسایی بردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم زیانی پێدەگات‌و زۆربەی ڕێگەوبانەکانی بەهۆی هاتوچۆی تانکەرە نەوت گوێزەرەوەکانەوە تێکچوون، سەرهەنگ فەرەجی پەرلەمانتاریش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ناردنە دەرەوەی نەوت بەوشێوەیە کێشەو گرفتی زۆری بۆ هاتوچۆو ڕێگەوبانەکانی دروستکردووە، لـەکـاتـێـکـدا ئـــەو نـاوچـــەیـــە لـــەڕووی خزمەتگوزارییەوە زۆر لەدواوەیە، کە تائێستا نزیکەی دووهەزار کەلاوەی کاتی ساڵانی هەشتاکان ماوە کە چاکنەکراونەتەوە، وتیشی: «ئـەوە بەرپرسارێتی حکومەتی هەرێمە، کە زۆرترین خزمەتگوزاریی پێشکەش بکات بەخەڵکی ئەو ناوچەیە، نەک بە ناردنە دەرەوەی نەوتی قاچاخ ڕێگەوبانیان ئەوەندەی تر وێران بکات‌و خەڵکی بەتەواویی هەراسان بن، لەکاتێکدا پارەی ئەو نەوتە نە بۆ ئەوان‌و نە بۆ خەڵکی کوردستانە».

بۆ هەمان مەبەست ڕۆژنامە پەیوەندیی کرد بە ڕەزا محەمەد، قایمقامی قەزای پێنجوێنەوە وەک سەرۆکی یەکەی ئیداریی ئەو قەزایە، بەڵام ئامادە نەبوو لەسەر ئەو پرسە قسە بۆ ڕۆژنامە بکات».




## بەڕێوەبەری گشتیی سامانی ئاژەڵ‌و بەیتەرە:

# مریشکی قاچاخ لە سنووری حکومەتی عێراقەوە دێتە هەرێمی کوردستانەوە





سازدانی:
کۆسار جەلال
مەریوان مەلا حەسەن

**زیاتر لە (٨٠٠) کێڵگەی بەخێوکردنی پەلەوەر لە کوردستاندا هەیەو بەپێی ڕاپۆرتێکی بەڕێوەبەرێتی گشتیی سامانی ئاژەڵ‌و بەیتەرە لەگەڵ هەبوونی ئەو ژمارە کێڵگەیە، تائێستا هەرێمی کوردستان نەگەیشتووەتە قۆناغی بەرهەمهێنانی تەواوی خۆماڵیی‌و جوتیاران ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ جێبەجێ ناکەن‌و ئەوەش وایکردووە ڕێژەی بەرزبوونەوەی مرداربوونەوەی مریشک لە کێڵگەکان زیادبێت.**

**ڕەفعەت هیدایەت، بەڕێوەبەری گشتیی سامانی ئاژەڵ‌و بەیتەرە لە وەزارەتی کشتوکاڵ‌و سەرچاوەکانی ئاو هۆکارەکانی دواکەوتنی پیشەسازیی پەلەوەر لە کوردستان بۆ ڕۆژنامە ڕووندەکاتەوە.**

**ڕۆژنامە: کەرتی پیشەسازیی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان لە چ قۆناغێکدایە؟**

* لە سەرەتادا لە ساڵانی حەفتاکان ئەو پیشەسازییە بەرەو هەڵکشان بوو، چونکە حکومەتی عێراقی هاوکاریی دەکـردن‌و کارگەی عەلەف‌و هاوکاریی دارایی دەکران، بەڵام دواترو لە ساڵانی هەشتاکان بەهۆی شەڕی ئێران‌و عێراق پیشەسازیی پەلەوەر دواکەوت‌و دواتر بەهۆی شەڕی کوەیتەوە گوندەکانی عێراق وێـران بـوون‌و لێرەدا پیشەسازییەکە گەیشتە سفر، پاشان بڕیاری (٩٨٦) (نـــەوت- بەرامبەر خـــۆراک)، کە ڕێکخراوی فاو پشتگیریی دەکرد، دووبارە بووژانەوەی بەخۆیەوە بینی، دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس‌و ئازادیی عێراق جوتیارەکان نەکەوتنەوە سەر ئـەوەی پشت بەخۆیان ببەستن‌و جوتیارەکان وا ڕاهاتوون، کە هەر داوای پشتگیریی بکەن لە حکومەت‌و دوای ئەوەی هیچ ڕێکخراوێک نەما، حکومەت بووە بەرپرسیار لەم پیشەسازییە.

**ڕۆژنـامـە: حکومەت چی کـردووە بۆ پێشخستنی ئەو کەرتە لە هەرێمی کوردستان؟**

* ئێستا ئەو گرووپانە نەیانتوانیوە بەرەوپێش بچن لەگەڵ ئەوەی حکومەت بڕی (١٢) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکردوون، بۆ ئەوەی جوتیاران دووچاری قەرزێکی گەورە نەبنەوە، هەستاین بە گۆڕینی ڕێنماییەکانی بانک‌و ئێستا خەریکە سەرجەمیان ئەو پارەیە وەردەگـرن، ئەو پارەیەش بە دوو قیست وەریدەگرن، ئێمەو گرووپەکان زیاتر لە (٢٦) کۆبوونەوەو سیمینارمان کردو چواردە گرووپ لە کوردستان دروستکراوە، ئەو گرووپانە داوایەکیان کرد کە حکومەت چارەکێکی تێچووی هەر جوجەڵەیەک، کە بەخێوی دەکەن تا دەیفرۆشن بدەنێ، تا بتوانن عەلەف‌و دەرمـان‌و پێداویستی لە دەرەوە بێنن‌و ئەمە ببێتە هاوکارییەک بۆ ئەوان.

**ڕۆژنامە: هەوڵەکان توانیویانە کێشەکان چارەسەر بکەن؟**

* تائێستاش کێشەو گرفتمان هەیە، چونکە ئەو پیشەوەرانەی لەوبوارەدا کاردەکەن لەگەڵ یەکتر ڕێکناکەون، جاری وا هەیە نرخی هێلکەو جوجەڵەمان دەستنیشان کردووە، بەڵام هەر کێشەیەک ڕوودەدات لە باشوور بە مـاوەی (٢٤) سەعات هەرچی هێلکەو مریشکی هەرێمی کوردستان هەیە دەینێرن بۆ ناوەڕاست‌و خوارووی عێراق، بەمشێوەیە ئەزمە دروست دەکـەن، بە سەعاتێک (دە هەزار) دینار نرخەکان بەرز دەبنەوە.

**ڕۆژنامە: هاوردەکردنی مریشک، چ کاریگەرییەکی لەسەر بەرهەمی خۆماڵیی دەبێت؟**

* ئێمە بۆ هاتنی مریشک لـەدەرەوە بۆ ناو هەرێم ڕسوماتی گومرگیمان داناوە، بۆ هەر کیلۆیەک مریشک بڕی (٣٠٠) دینارمان دانـاوە لەسەر هەر تەبەقێک هێلکە (٣٥٠) دینارمان داناوە، ئەوەش بۆ بەرزبوونەوەی نرخی ئەو بەروبوومەیە کە هاوردە دەکرێن تا بەرووبوومی ناوخۆیی بفرۆشرێت، ئێمە ناتوانین بڵێین، هاوردەکردن قەدەغەیە بە جارێک، چونکە هاوڵاتییانش بەدوای شتی هەرزاندا دەگەڕێن، هەر لەبەر ئەوە ئێمە لیژنەیەکمان دروستکرد لە هەر پارێزگایەک کە مانگانە کۆدەبنەوە پێداویستی خۆیان تۆمار دەکەن‌و دەیهێنن بۆ وەزارەت، ئێمەش لەگەڵ بەرهەمی خۆمان چەند هەیە لێی دەردەکەین بۆ ئەوەی بزانین تاکە کەسی ئێمە چەند گۆشت دەخوات‌و چەند هێلکەی دەوێت، دەمانەوێت هاوسەنگیی ڕابگرین، بەڵام بەداخەوە بەڕێگەی قاچاخ مریشک دێتە ناو هەرێم‌و ناتوانین ڕێگەی قاچاخ بگرین، بەڵام توانیومانە کۆنترۆڵی سنووری ئێران‌و تورکیا بکەین، بەڵام قاچاخەکە لە حکومەتی عێراقەوە دێت، ئێمە ئەگەر بازگە بۆ ئەو شتە دابنێین لە عێراق دەڵێن خۆتان جیادەکەنەوە.

**ڕۆژنامە: کەواتە کێشەکە هێنانی مریشکە لە پارێزگاکانی تری عێراقەوە؟**

* لەگەڵ ئەوەی هەوڵێکی زۆرمانداوە کە مریشکی خۆماڵیی بفرۆشرێت‌و بەرهەمی ناوخۆیی زیاتر بکرێت، بـەڵام فشارێکی زۆرمـــان لـەســـەرە بـۆ ئـــەوەی مریشکی هاوردە بێتە هەرێمی کوردستان، تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان داوای ئەوە بکات، کە مریشکی هاوردە بهێنرێت بۆ هەرێم، حکومەتی عێراق لە ڕەبیعەوە مریشک دەهێنێت بەبێ کوالیتی کۆنترۆڵ داخڵی عێراق دەبێت، ئەوەش وایکردووە نەزانرێت ئەو مریشکەی دێت کوالیتی بەرزە، یان نا؟ لە دوایین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیاردراوە لەو سنوورانەی لەگەڵ عێراق بەیەکمان دەبەستنەوە بازگەی بازرگانی دابنرێن، بۆئەوەی بزانین ئەو خواردنانەی دێن بۆ هەرێمی کوردستان لەڕێگەی عێراقەوە مەرجەکانی تەندروستی‌و کوالێتییان بەرزە، یان نا؟ ئەگەر بەپێی ئەو مەرجانە نەبێت ڕەتیدەکەینەوە.



# ئەمریکا، وڵاتێک لە خەونی مرۆڤەکان

**ڕاپۆرتی: فرمان عەبدولڕەحمان**

«خـەون ئەم ویلایەتەی دروستکرد، خەون بە دونیایەکی جوانتر، لێوانلێو لە ئازادیی‌و دادپـەروەریـی‌و هەلی یەکسان بۆ مرۆڤەکان، بۆ ئەوەی ئازادانە بەشوێن بەختەوەریدا بگەڕێن».

ئەمە وتەی جیمس تراسلو ئادامزە، کە لەساڵی (١٩٣١) لە چوارچێوەی نووسینێکدا بە ناوی خەونی ئەمریکی بڵاویکردەوە.

مـانـگـی رابـردوو ژمـارەیـەک ڕۆژنامەنووسی عێراقی، کە ئامادەکاری ئەم راپۆرتە یەکێک بوو لە ئەندامانی وەفدەکە، بەشداریی پرۆگرامی (IVLP)یـان کرد لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وەفدەکە هێشتا لە فڕۆکەخانەی جۆن کینیدی بوون لە نیویۆرک، کاتێک ڕووخساری درەوشاوەی ئەو خەونانە دەبینران، کە دامەزرێنەرانی ئەمریکا پێش (٢٠٠) ساڵ لەمەوپێش لە خەیاڵیاندا ژیاوەو بیریان لێکردووەتەوە.

لـەو جوگرافیایەی کە پێیدەوترێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەموو شتەکان هەڵگری یەک ئاماژەن، ئاماژەی خەون یان خەیاڵێکی جوان، جوانتر لەو پرۆسانەی کە ڕەهەندی (ئێستا) کاریگەریی تێیدا هەیە، ئەو خەونانەی شارستانییەتی ئەمریکای لەسەر بینا کـراوە لە دووەم دێڕی بەڵگەنامەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکادا بەیانکراوە کاتێک دەنووسرێت: «هەموو مرۆڤێک بە یەکسانی دروستکراون‌و هەمووشیان چەند مافێکیان هەیە، کە قابیلی دەستکاریکردن نین، ئەوانیش بریتین لە مافی ژیـان‌و ئازادیی‌و گـەڕان بەشوێن بەختەوەریی‌و بەدەستهێنانی».

جیمس تراسلو ئادامز دەڵێت: «ئەمریکا ئەو ویلایەتەیە کە چانسی مرۆڤ لە ژیانیدا پەیوەستە بە تواناو بەهرەو زانینەکانییەوە، نەوەک خێزان‌و ئایین‌و نەتەوەو بیروباوەڕی سیاسیی».

خەونی دامەزراندنی وڵاتێک کە هەموو جوانییەکانی فەلسەفەو فیکری سیاسیی ئەوروپای تێدا بەرجەستە بووبێت، خەونێک بووە لەلایەن دامەزرێنەرانی ئەمریکاوە هیچ ئاست‌و کۆتاییەکی نییە، ئەمەش بە ئاشکرا لە مۆنۆمێنتی واشنتۆندا گوزارشتی لێکراوە، کە بریتییە لە هەڕەمێکی درێژکراوە بۆ ئاسمان، کە لە ناوەڕاستی شاری واشنتۆنی پایتەختی ئەمریکادایە، بەڵام ئەم هەڕەمە لە ڕاستیدا لوتکەکەی تەواو نەکراوەو لەبری ئەوە وێنەی چاوێکی کراوەی تێدایە، بەو مانایەی هەڕەمی شارستانییەتی ئەمریکا بـەردەوام لە هەڵکشاندایەو هەمیشەش چاوی لە ئایندەیە، شێوەی ئەم هەڕەمەش لە دراوی ویلایەتەکەیاندا لە جۆری یەک دۆلاریی بە ئاشکرا ئاماژەی بۆ کراوە.

هەرچەندە بەڵگەنامەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی‌و دواتر دەستووری ئەمریکا هەموارکردنە گرنگەکانی بناغەی پتەوی ئەو خەون‌و خەیاڵە سیاسییەی دروستکرد، ئـەم خـەونـە لـەسـەرەتـادا خەیاڵێکی خاکییانە بوو، بەڵام بـەردەوام لێشاوی کۆچی ئـەو مرۆڤانەی لە بێئومێدیی‌و ترس‌و ستەمکاریی‌و هەژاریی لە ناوچە جیاوازەکانی دونیا هەڵدەهاتن‌و دەهاتنە ئەمریکا پەرەیان بە فراوانکردنی ئەو خەونە داو لەو پێناوەشدا هەمیشە پشتیان بە دووەم دێڕی بەڵگەنامەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکا دەبەست، کە چەسپاندبووی هەموو کەسێک بە یەکسانی دروستکراوە، هەر بۆیە بزووتنەوەی فێمینیستەکان توانییان لە ساڵانی (١٩٢٠) مافی دەنگدان بۆ ئافرەت مسۆگەر بکەن، لە شەستەکانی سەدەی رابـردووشـدا بزووتنەوە مەدەنییەکان توانییان مافی ڕەشپێستەکان بچەسپێنن، ئەم ئەزموون‌و خەونەی ئەمریکییەکان ئێستا لە سەدەی سێیەمی تەمەنیدایەو پەرەسەندن‌و گەشەکردنیشی هەر بەردەوامە، بەشێوەیەک لە هەڵبژاردنی چل‌وچوارەمین سەرۆکی ئەمریکادا ڕەشپێستێک بووە سەرۆکی ئەو ویلایەتە.

## دامەزرێنەرانی ئەمریکا

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گۆکارێکی دەستووری فیدراڵییەو لە (٥٠) ویلایەت پێکهاتووە، (٤٨) ویلایەتیان سنووریان پێکەوەیە لەنێوان زەریـای ئەتڵەسی‌و زەریـای هێمندا، ویلایەتی ئالاسکاش لە باکووری خۆرئاوای کیشوەری ئەمریکای باکوورە، هـەروەک ویلایەتی هاوای، کە لە ژمارەیەک دوورگە پێکهاتووە کەوتووەتە ناوەڕاستی زەریای هێمنەوە.

سەرەتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە (١٣) ویلایەتی سەربەخۆ پێکهات، دوای ئەوەی توانییان سەربەخۆیی بەدەستبهێنن بە سەرکردایەتی جۆرج واشنتۆن لە دەستی بەریتانییەکان، لەساڵی (١٧٧٦)دا بەڵگەنامەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ڕاگەیەندرا، کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن تۆماس جیفەرسۆن، سێیەم سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داڕێژرا.

دامەزرێنەرانی ئەمریکا، کە بە باوکانی دامەزرێنەر ناسراون، بریتیبوون لە کۆمەڵێک سیاسیی، کە زۆر لە ژێـر کاریگەریی فەلسەفەی ڕۆشنگەریی ئەوروپادا بوون، خودی خۆشیان بەشێک بوون لە پێکهێنەرانی بیری ڕۆشنگەریی. گرنگترینیان برتین لە: جۆرج واشنتۆن، ڕابەری سەربەخۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دەستی بەریتانیا، تۆماس جیفەرسۆن، داڕێـژەری بەڵگەنامەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکاو باوەڕبوونی تـەواوی بە بنەمای «حکومەت لـە گەلەوە بۆ گەل»، هەروەها ئیبراهام لینکۆڵن، کە باوەڕی تەواوی بە یەکسانی مرۆڤ هەبووەو لەپێناو نەهێشتنی سیستمی کۆیلایەتیدا جەنگاوەو هـەر لەو پێناوەشدا بووە قوربانیی.

دەیڤید گرین، سەرۆکی پرۆژەی دەستپێشخەریی یەکەم، کە ڕێکخراوێکی ناحکومییە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: باوکانی دامەزرێنەری ئـەمـریـکـا کە سانێکی لەخۆبوردوو بوون‌و خاوەنی خەیاڵێکی مـەزن بوون بۆ دامەزراندنی وڵاتێکی دیموکراسی. دەیڤید نموونەی جۆرج واشنتۆن دەهێنێتەوە، کە گەورەترین خەباتی ئـازادیـخـوازانـەی کرد دژی هێزەکانی بەریتانیا، بەڵام تەنیا دوو خولی سەرۆکایەتی ئەمریکای گرتە دەسـت (١٧٨٩-١٧٩٧)، شەرعییەتی بـوون بە سەرۆکیشی لـە خـەبـاتـەکـەیـەوە بەدەستنەهێنا، بەڵکو بە هەڵبژاردن بـووە یەکەم سەرۆکی ئەمریکا.

دوای ڕاگەیاندنی سـەربـەخـۆیـی، حکومەتێکی فیدراڵیی پێکهێنرا لـەو (١٣) ویـلایـەتـە، دواتـر لـەسـاڵـی (١٧٨٧)دا ڕێکەوتننامەی فـیـلادلـفـیـا دەسـتـووری ئـەمـریـکـی پەسەندکرد، پاشان لەساڵی (١٧٩١) دا بەڵگەنامەی مـافـەکـان پەسەندکرا، کە بریتیبوو لە (١٠) هەموارکردنەوە بۆ دەستووری ئەمریکی‌و تیایدا بەشێوەیەکی دەستووریی هەموو ئازادییەکانی مرۆڤی چەسپاند، لە ئازادیی ئایین، قسەکردن، ڕەخنەگرتن، ڕۆژنامەگەریی، کۆبوونەوەو هەموو ئازادییەک کە مرۆڤێکی خاوەن کەرامەت پێویستییەتی.

لەساڵی (١٩٦١)دا جەنگی ناوخۆی ئەمریکا هەڵگیرسا، ئەویش لەنێوان ویلایەتەکانی باشوورو حکومەتی فیدراڵیدا، کە لە ویلایەتەکانی باکووردا بەهێزبوو، ئەویش دوای ئەوە هات کە ویلایەتەکانی باشوور لە بڕیارێکی حکومەتی فیدراڵی یاخی بوون، بە قەدەغەکردنی سیستمی کۆیلایەتی، ئەوەبوو جەنگەکە ساڵی (١٩٦٥) بە سەرکەوتنی داکۆکیکاران لە نەمانی سیستمی کۆیلایەتی کۆتاییهات.

لەسەدەی (١٩)داویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشێکی زۆر لە زەوییەکانی ئێستای بەدەستهێنایەوە لە فەرەنساو ئیسپانیاو مەکسیک‌و ڕوسیاو بەریتانیا، هەندێکیان بە جەنگ‌و هەندێکیشیان بە کڕینەوە، جگە لە تـەکـسـاس‌و هـاوای، کـە دوو کـۆمـاری سـەربـەخـۆ بـوون، بەشێوەیەکی ڕەزامەندانە پەیوەندییان بە ویلایەتە یـەکـگـرتـووەکـانـی ئەمریکاوە کرد.

ئێستائەمریکاسێیەم وڵاتی جیهانە لە ڕووی ڕووبـەرو ژمـارەی دانـیـشـتـووانـەوە، بـەشـێـوەیـەک ڕووبـەرەکـەی دەگاتە (٩) ملیۆن‌و (٨٣٠) هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەو ژمارەیدانیشتووانەکەشی بەپێی ئاماری (٢٠٠٨)، (٣٠٧) ملیۆن کەسە، هەر لە هەمان ساڵدا کۆی گشتیی داهاتی نـەتـەوەیـیـان گەیشتە (١٤,٣) ترلیۆن دۆلار.

## دەستووری ئەمریکی

لـەسـاڵـی (١٧٨٩)دا کۆنگرەی فیلادلفیا یەکەم دەسـتـووری ئەمریکی پەسەندکردو نوێنەرانی ئـەو ویلایەتانەی کە لە کۆنگرەکەدا ئامادەبوون بە باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکا دەناسرێن.

دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دیباجەیەکی سێ دێڕیی‌و (٧) مادە پێکهاتووە، بەڵام تاوەکو ساڵی (١٩٩٢)، (٢٧) هەمواری تێدا چەسپێنراوە. یـەکـەم هـەمـوارکـردن لەساڵی (١٧٩١) دا ئەنجامدرا، کـە بریتیبوو لـە زیادکردنی بەڵگەنامەی مـافـەکـان (bill of rights)، کە پێکهاتبوو لـە (١٠) هەموارکردن، لە گرنگترینیان هەمواری یەکەمە، کە بریتییە لە دەستەبەرکردنی ئازادییەکان، تێیدا هاتووە: «کۆنگرێس نابێت هیچ یاسایەکی تایبەت دەربکات، کە ئایینێک لە ئایینەکان بچەسپێنێت، یاخود ئازادیی کۆت‌و بەند بکات، یان ئازادیی قسەکردن‌و ڕۆژنامەگەریی دیاریبکات، یاخود ڕێگە لە کۆبوونەوەی ئاشتییانەی خەڵک بگرێت، یاخود ڕێگە لە هاوڵاتییان بگرێت داوای مافەکانیان لە حکومەت بکەن».

ئاری سۆگلین، لە ڕێکخراوی پاچ، کە ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیریی قازانج نەویستە، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «دەستووری ئەمریکی‌و بەڵگەنامەی مافەکان بنەمای سەرەکی دامەزراندنی ئەو خەونە بوو کە باوکانی دامەزرێنەر بیریان لێدەکردەوە»، هـــەروەک ئـامـاژەی بـۆ ئـەوەشـکـرد: دەستووری ئەمریکی، کە بووەتە پاڵپشتی سەرەکی ئازادییەکان لە ئەمریکادا، لەکاتێکدا داڕێـژرا کە ئەمریکا بە قۆناغێکی زۆر تاریکدا دەڕۆیشت، بەڵام بە بڕوای سۆگلین ئەوان ویستیان شتێک بۆ ئایندەو نەوەکانی داهاتوو دروستبکەن، نەک بۆ خۆیان.

ئـاری سۆگلین ئـامـاژەی بـەوەکـرد: مادەکانی دەستووری ئەمریکا بەشێوەیەکی سەرەکی لە فیکری هەر سێ فەیلەسوفی ئەوروپی تۆماس هۆبزو جۆن لۆگو جان جاک ڕۆسۆ وەرگیراون، بەوپێیەی ئەو بیرمەندانە بـاوەڕیـان بـەوە هەبووە کە ئیلتیزامی سیاسیی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی خودی‌و لۆژیک ڕادەوەستێت، هـەروەک چوارچێوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییان بەشێوەیەکی ئاشکرا دیاریکردووە.

دەستووری ئەمریکی، دەستوورێکی نەگۆڕەو هەموارکردنەوەی ئاسان نییە، بۆ هەر هەموارێک پێویستە سێ لەسەر چواری ویلایەتەکان ڕازی بن، دوای ئەوەی لەلایەن سێ یەکی کۆنگرێسەوە پێشکەشدەکرێت.

## سیستمی سیاسیی

سیستمی سیاسیی لـە ئەمریکادا سیستمێکی عەلمانییەو خاڵێکی زۆر ڕۆشن لە دەستووری ئەمریکیدا بریتییە لە جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکە لە یەکتر، بەشێوەیەک هەریەکە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن‌و یاسادانان‌و دادوەریـی سەربەخۆن‌و لەیەکتر جـودان، بە بڕوای چاودێرانی سیاسیش، سەربەخۆیی ئەو دەسەڵاتانە ماکی سەرکەوتن‌و بەردەوامیی خەونی ئەمریکییە، هـەروەک بنەمای سـەروەریـی یاسا یەکێکی دیکەیە لەو کۆڵەکانەی ژیانی ڕاگرتووە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، بەشێوەیەک هەموو کەسێک لەبەردەم یاسادا یەکسانە هەر لە هاوڵاتییەکی سـادەوە تا دەگاتە سەرۆکی ویلایەتەکە، هەموو کەسێکیش مافی بەرگریی لەخۆکردنی هەیە لەبەردەم دادگادا.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە کۆنترین وڵات دادەنرێت کە بەشێوەیەکی مۆدێرن سیستمی فیدڕاڵی بیناکردبێت، کە تیایدا هاوڵاتییان لەبەردەم سێ ئاستی حکومەتیدان، حکومەتی فیدڕاڵی، حکومەتی ویلایەتەکان، حکومەتی ناوچەیی، هەریەک لەم سێ ئاستە خاوەنی دەسەڵاتی تایبەتی خۆیانن، کە تیایدا بەرپرسانی دەسەڵاتی تەنفیزیی‌و تەشریعی لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە ئەنجامدەدرێت، کە بووەتە هۆکارێکی دیکەی پەرەسەندنی ئەزموونی ئەمریکی.

## ڕاگەیاندن

ڕاگەیاندن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت، بەشێوەیەکی پراکتیکی بە هاوکاری داواکاری گشتیی بووەتە دەسەڵاتی چوارەم، بەشێوەیەک هیچ بابەتێکی ڕۆژنامەوانیی نییە داواکـاری گشتیی بەدواداچوونی بۆ نەکات، ئەگەر ڕۆژنامەکە یـان ئەو دەزگای ڕاگەیاندنە دەزگایەکی لۆکاڵی زۆر بچووکیش بێت.

لە ئەمریکادا ڕاگەیاندن بە تەواوەتی سەربەخۆو ئازادە، چ لە ڕووی داراییەوە چ لە ڕووی سیاسەتی تەحریرییەوە، بەگشتیش پشت بە ڕیکلام‌و پـارەی تەبەڕوعاتی هاوڵاتییان دەبەستێت.

پـرۆسـەی تـەبـەڕوعـکـردن‌و کـاری خۆبەخش یەکێکە لە سیما کۆمەڵایەتییە گەشاوەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکی.

میشا لیکلایەر، سەرنووسەری ژووری هـەواڵ لە کەناڵی KTVU، کە کەناڵێکی تەلەفزیۆنییە لە شاری سان فرانسیسکۆ، بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: کەناڵەکەیان بەشێوەیەکی گشتیی پشت بە تەبەڕوعاتی هاوڵاتییان دەبەستێت‌و ساڵانە دوو ئاهەنگی تەبەڕوعکردن ئەنجام دەدەن.

بەشێوەیەکی گشتیی حکومەتی فیدڕاڵی خاوەنی تەنیا پێنج دامەزراوەی ڕاگەیاندنە، بـەڵام بەپێی یاسا نابێت پەخشی ئەو ڕاگەیاندنانەی حکومەتی ئەمریکی بۆ ناوخۆی ئەمریکا بێت، نەوەک کاریگەریی لەسەر ڕای گشتیی دروست بکات، بەڵکو دەبێت پەخشەکەی بۆ دەرەوەی ئەمریکا بێت، ئەو دامەزراوانەش بریتین لە: دەنگی ئەمریکا، کە بە (٤٤) زمان پەخشی هەیە، ڕادیـۆو تەلەفزیۆنی مارتی، کە بۆ وڵاتی کوبایە، ڕادیۆی ئەوروپای ئازاد، ڕادیۆی ئاسیای ئازاد، تۆڕی MBN، کە هەریەکە لە تەلەفزیۆنی حوڕەو ڕادیۆی سەواو ڕادیۆی عێراقی ئازاد دەگرێتەوە.





# تائێستا هیچ نەخۆشخانەیەک لە کوردستاندا بەپێی ستانداردە جیهانییەکان نییە

هەنگاو هاشم – هەولێر

**تا ئێستا خزمەتگوزاریی لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان هیچ پێوەرێکی نییەو بەپێی ستانداردە جیهانییەکان نییە، هەروەک شارەزایانی تەندروستیش ئاماژە بەوە دەکەن، چاودێریی نییە لەسەر ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لە هەرێمی کوردستان پێشکەشی نەخۆش دەکرێت.**



د.گۆران عەبدوڵڵا، خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە سیاسەتی تەندروستی، پێیوایە: لە سیستمی تەندروستی هەرێمی کوردستاندا نەخۆش ونکراوە، وتیشی: «پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، وەڵامدەرەوەی کێشەکانی هاوڵاتییان نییە، چونکە کەمترین رای هاوڵاتیی وەردەگیرێت».

هەڵسەنگاندنی سەرجەم سیستمە تەندروستییەکان لەبەر رۆشنایی ستانداردی جیهانییەوەن، کە ئاستی ئیجابیو سلبیی ئەو سیستمە دیاریدەکات.

د.گۆران عەبدوڵڵا، ئاماژە بەوەشدەکات: ئەو خزمەتگوزارییانەی لە نەخۆشخانە حکومییەکان پێشکەش دەکرێت لەخوار ستانداردە جیهانییەکانەوەن، هیچ بەدواداچوونێک ناکرێت دەربارەی ئەو خزمەتگوزارییانە کە تا چەند کاریگەریی هەبووە لەسەر چارەسەری نەخۆش، وتیشی: «لە وڵاتان تا دکتۆر نەخۆش چارەسەرنەکات، پاداشتی پزیشک نادرێتەوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان تاکرەوانە بڕیار دەدرێت، رای نەخۆش وەرناگیرێت لەوەی تاوەکو چەند چارەسەر کراوە».

بە وتەی ناوبراویش، «تێکەڵاوییەکی قێزەون» هەیە لەنێوان کەرتی تایبەتو کەرتی گشتیی، بەجۆرێک کەرتی گشتیی بەکاردەهێندرێت بۆ کەرتی تایبەت، بەجۆرێک پزیشکەکان هێزو توانایان لە نەخۆشخانە حکومییەکان بەکار ناهێنن، بەڵکو نەخۆش رەوانەی عیادە تایبەتییەکان دەکەن.

هاوکات د. رزگار عەلی بەڕێوەبەری خۆپاراستنی نەخۆشخانەی سلێمانی پێیوایە، سیستمی تەندروستی لە چەندین لایەنەوە بۆشاییو کەموکورتی تێدایە، تائێستا ستانداردێک نییە خزمەتگوزاریی نەخۆشخانەکان هەڵبسەنگێنێتو رێنیشاندەرێک، یان نووسراوێک نییە جۆری خزمەتگوزارییەکانی تێدا نووسرابێت، بۆ رۆژنامە وتی: «راستە لە نەخۆشخانەکان خزمەتگوزاریی پێشکەش دەکرێت، بەڵام لەسەر بنەمای هیچ ستانداردێک نییە، چاودێرییەکیش نییە لەمبارەیەوە، بۆ ئەوەی جۆری خزمەتگوزارییەکان هەڵبسەنگێنرێت».

لەلایەکی ترەوە د.خاڵس قادر، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی هەرێم، بەپێویستی دەزانێت، هەر نەخۆشخانەیەک بەپێی ستانداردە جیهانییەکان بێت، ئەوجا متمانەی پێببەخشرێت، کە ئەمەش بە وتەی ناوبراو تائێستا لە هەرێمی کوردستاندا نییە، وتیشی: «ئەگەر هاتو هەر نەخۆشخانەیەکیش متمانەی پێببەخشرێت بەجۆرێک لەئاستی ستانداردە جیهانییەکان بێت، وادەکات نەخۆش لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان، سەردانی نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان بکات، خەڵکی ناوخۆش زیاتر رازی دەبن لە نەخۆشخانەکان».

د.خاڵس ئەوەش ناشارێتەوە، کە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە ئاستێکی مامناوەند دایە، هیچ پێوەرێک بۆ چۆنێتیو جۆری ئامێرو بیناکان نییە.

ئەمە لە کاتێکدایە، کە بڕیارە ساڵی داهاتوو کۆنفرانسێک سەبارەت بەو پرسە ببەسترێت، یەکێک لە تەوەرەکانی جیاکردنەوەی کەرتی تایبەتە لە کەرتی گشتیی، وتەبێژەکەی وەزارەتی تەندروستی ئاماژە بەوەدەکات: کاری پێکهێنانی سیستمی نیمچە تایبەتیان لەبەردەستدایە، بەجۆرێکە ئەو پزیشکانەی بەیانیان لە نەخۆشخانەکانن، ئێوارانیش دەوام بکەن، پارەیەکی زیاتر وەربگرن لە بەیانیان، بەڵام د.گۆران عەبدوڵڵا، بەپێویستی دەزانێت، کەرتی گشتیی تەندروستی لە کەرتی تایبەتی جیابکرێتەوە، کە کێشەی دروستکردووە، بەجۆرێک نەخۆش چەند رۆژێکی کەم لە نەخۆشخانە تایبەتییەکان دەخەوێندرێت، دواتر رەوانەی نەخۆشخانە گشتییەکان دەکرێت، ئەمەش دیسان بەکارهێنانی کەرتی گشتییە بۆ کەرتی تایبەت».

---

# گەشتی زانستیی خوێندکارانی زانکۆی سەڵاحەدین کێشەی تێدەکەوێت

هەنگاوهاشم– هەولێر

**گەشتی زانستیی خوێندکارانی کۆلێژەکانی زانکۆی سەڵاحەدین بەهۆی کەمیی ئەو پارەیەی کە بۆیان تەرخاندەکرێت، کێشەی تێدەکەوێتو خوێندکارانی ئەو زانکۆیە نیگەران دەکات.**

هەفتەی رابردوو بەشێک لە خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی کۆلێژەکانی زانکۆی سەڵاحەدین گەشتە زانستییەکانیان دەستپێکرد، کە ساڵانە خوێندکارانی زانکۆکان لە شارەکانی خۆیانەوە ئەم گەشتە ئەنجامدەدەن بۆ شارێکی دیکە، بەڵام بەشێکی زۆر نیگەرانیی خۆیان لەسەر چۆنێتی بەڕێوەچوونی گەشتەکە دەردەبڕن.

بارزان عومەر، خوێندکاری کۆلێژی بەڕێوەبردنو ئابووریی زانکۆی سەڵاحەدین، باس لەوەدەکات: ئەوانیان بردووە بۆ هۆتێلێک ژوورەکانی جێگای چوار کەسە، هەشت کەسیان لەناو داناوە، لەگەڵ ئەوەی جۆری خواردنگەکانی کە ئەوان بۆی دەچوون شیاو نەبوون، لەهەمانکاتدا لە سێیەم رۆژی گەشتەکەیاندا پارەی نانی نیوەڕۆو ئێوارە لە ئەستۆی خۆیاندا بووە، لەکاتێکدا دەبێت خەرجیی هەر سێ رۆژی گەشتەکە لە ئەستۆی حکومەت بێت.

ئەو خوێندکارە ئەوەش دەخاتەڕوو: زیاتر لەنیوەی خوێندکاران ئامادەی گەشتە زانستییەکان نەبوون، نوێنەرایەتی یەکێتی قوتابییان سەرپەرشتی گەشتەکەی دەکرد، بەڵام خۆی بێبەریی دەکات لە کێشەکان.

هانا عەبدولڕەحمان، یەکێکی ترە لە خوێندکارانو ئاماژە بەوەدەکات: پێشتر ئاگادار کرابووینەوە گەشتی زانستیی دوو شەو و سێ رۆژ خەرجی لەسەر ئەستۆی وەزارەتی خوێندنی باڵایە، بەڵام خەرجیی دوو شەوو دوو رۆژیان بۆ کردین.

هانا ئەوەش دەڵێت: «مامۆستای سەرپەرشتیار پێیوتووین بڕی (١٠٠) هەزارتان بۆ خەرجکراوە، بەڵام کەس نازانێت ئەم پارەیە چۆن خەرجکراوە.

بە ناوی گەشتی زانستییەوە ساڵانە وەزارەتی خوێندنی باڵا پارەیەکی زۆر بۆ گەشتی خوێندکاران بۆ شارە جیاوازەکانی هەرێم تەرخاندەکات، بەڵام هیچکام لەو گەشتانە ناچنە خانەی گەشتی زانستییەوەو ئەو پارەیەش کە بۆیان تەرخانکراوە بەشێوەیەکی تەندروست خەرجناکرێت.

لەوبارەیەوە فەریدون عارف لە راگەیاندنی وەزارەتی خوێندنی باڵا، لە لێدوانێکیدا وتی: وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕێک پارەی تەرخانکردووە بۆ هەر خوێندکارێک کە بەشدار بێت لە گەشتی زانستیی، کە بڕەکەی (١٠٠) هەزار دینارە، جێبەجێکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خودی زانکۆکان، هەر نایاساییەکیش هەبێت بەدواداچوونی بۆ دەکەین.

د.ئەحمەد دزەیی، سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین، بە رۆژنامەی راگەیاند: تائێستا راپۆرتمان دەربارەی گەشتە زانستییەکانی خوێندکاران پێنەگەیشتووە، بەڵام ئەوەندەی ئاگاداربین گەشتەکان زۆر بە رێکوپێکی ئەنجامدراون.



---

# کەس نازانێت ژینگەی سلێمانی لە چ دۆخێکدایە

راپۆرتی: زمناکۆ ئیسماعیل

**بەڕێوەبەرێتیی ژینگەی سلێمانی تائێستا تاقیگەی نییە، بۆئەوەی پشکنینی ژینگەی شاری پێ بکاتو ئاستی مەترسی پیسبوونی ژینگەی پێ بپێوێت.**

ئەندازیار محەمەد مەحوی، بەڕێوەبەری ژینگەی سلێمانی، دەڵێت: «ژینگە بەبێ تاقیگە ناتوانێت کارەکانی رایی بکات، ئێمە لە بەڕێوەبەرێتییەکەماندا هۆڵێکمان ئامادەکردووە بۆئەوەی بیکەین بە تاقیگە، بەڵام تا ئێستا تاقیگەمان بۆ دانەنراوە، بە نەبوونیشی نازانین ژینگەی ئەم شارە گونجاوە یان نا».

وتیشی: «دەبێت ئامێری وەرگری نموونەیی هەواییمان هەبێت، تا شیکاری هەوا بکەینو لە ئەنجامی شیکارکردندا بۆمان دەردەکەوێت گازی ژەهراویی لە هەوای شاردا بوونی هەیە یان نا، لەوەشەوە دەزانین کە ژینگەی شار لە ئاستی مەترسیدایە یان لە خوار ئاستی مەترسییەوەیە، تەنانەت تاقیگەی شیکاریی ئاومان نییە، تا بزانین ئەو سەرچاوانەی کە ئێمە هەمانە گونجاوە بۆ خواردنەوە یان نا، بە نەبوونی تاقیگەی ژینگە، ئاستی گوزەرانی ژینگەی شارەکەمان نازانین، تاقیگەش پێویستی بە هەبوونی ئامێرەکانی کیمیاو فیزیاو بایۆلۆجی هەیە، بۆئەوەی پشکنینی تیایدا بەئەنجام بگەیەنرێت، لەمەشەوە دەرئەنجامی پشکنینەکان بڕیاری شیاو یان نەشیاویی ژینگەی ئەم شارە دەدەن».

هەرچەندە لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەزارەتی ژینگە هەڵوەشایەوەو لە پەرلەمانی کوردستان یاسای پاراستنو چاککردنی ژینگەی پەسەندکرد، تائێستا بەڕێوەبەرێتییەکانی ژینگە نەچوونەتە سەر دەستەی ژینگە.

دەربارەی نەبوونی تاقیگە لە بەڕێوەبەرێتیی ژینگەی سلێمانی، ئەندازیار فەرەیدون محەمەد محێدین، سەرۆکی ئەندازیاران لە بەڕێوەبەرێتیی ژینگەی سلێمانی، بۆ رۆژنامە وتی: «ئێمە کرێچینو تائێستا بینای بەڕێوەبەرێتییەکی سەربەخۆمان نییە، ژینگەی بەڕێوەبەرێتییەکەمان ژینگەیەکی گونجاو نییە، هەموو رۆژێکیش بگوێزینەوە، لەوانەیە نەتوانین تاقیگە دابنێین، هەندێک پارچەی تاقیگە هەیە، جێگیرە، دەتوانرێت یەکجار دابنرێت، نابێت دوای ئەوە بجوڵێنرێت، ئەمە هۆکارە بۆ ئەوەی کە تائێستا تاقیگەمان بۆ نەکردراوە».

وتیشی: «دوو شوێنی دیکە هەیە تاقیگەیان هەیە، بەڕێوەبەرێتیی تەندروستی سلێمانیو تاقیگەی بەڕێوەبەرێتیی ئاوی سلێمانی، تائێستا ئەرکی ئەوانە پشکنینی ئاوی ماڵان بووە، بەڵام ئەرکی ئێمە جیاوازە، دەبێت ئاوی خامی سەرچاوەکان بپشکنینو پشکنینی ژینگەیی بکەین».

نەبوونی تاقیگەی سلێمانی واتای ئەوە دەگەیەنێت کە نازانرێت ئاستی پیسبوونی ژینگەی شار لە چ ئاستێکدایە، بۆ ئەوەش بان موسا رەشید، مامۆستای زانکۆو شارەزا لە بواری کیمیای ژیانیی، بۆ رۆژنامە وتی: «هەرکارێک لە ژینگەدا کۆنترۆڵ نەبێتو نەزانرێت رێژەکەی چەندە، ئەوە جێگەی مەترسییە، بە نەبوونی ئەو تاقیگەیەش ئەو مەترسییە زیاتر دەبێت، چونکە نازانرێت نەخۆشیی سیو هەناسەو شێرپەنجەو زۆر نەخۆشیی دیکە رێژەی پیسبوونی لە هەوادا چەندە».

سەرەڕای ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بڕیاریداوە لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان پێداویستییەکانی تاقیگەی بەڕێوەبەرێتیی ژینگەی سلێمانی دابینبکات، بەڵام تائێستا پێداویستیو ئامێرەکانی ئەو تاقیگەیە دابیننەکراون.

دانا عەبدولکەریم، لێپرسراوی پرۆژەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، وتی: «پارێزگای سلێمانیو ئەنجومەنی پارێزگا بەڵێنی ئەوەمان داوە کە تاقیگە بۆ بەڕێوەبەرێتیی ژینگەی سلێمانی بکڕینو خستوومانەتە بەرنامەی خۆمانەوە، ئێستا ئەو تاقیگەیە تەندەرکراوە، بەڵێندەر تەندەرەکانی وەرگرتووەو گەڕاوەتەوەو چووەتە بەردەم لیژنە، ئێستا چاوەڕێی لیژنەی سپاردنین تاوەکو ئەو تاقیگەیەمان بۆ بنێرێت بۆ ئەو کۆمپانیایەی لەگەڵیدا دەگونجێت، تاوەکو ئەو تاقیگە جێگیرە دابینبکات».


وتیشی: «ئەو تاقیگەیە بەتەنیا بۆ پشکنینی سەرچاوەکانی ئاوە، واتە هەوایی نییە، چونکە تاقیگەی هەوایی بودجەی دیکەی دەوێت، ئەوەی ئێمە دەیهێنین تاقیگەی جێگیرەو بڕی تا (١٠٠) ملیۆن دینارمان بۆ دابینکردووە».

چیرۆکی نانبڕینو دەستگیرکردنم.. 18

## خالید حەمەئەمین، هەڵسوڕاوی مامۆستایانی سەردەم:

# یەکێتیی مامۆستایان، هیچ شەرعییەتێکی نەماوە





م. خالید حەمەئەمین

سازدانی: پشتیوان سەعدوڵڵا

**خالید حەمەئەمین، هەڵسوڕاوی مامۆستایانی سەردەم، پێیوایە: ڕێکخراوی یەکێتیی مامۆستایان، هیچ شەرعییەتێکی یاسایی نەماوەو لە ئێستادا پێویستی بە گۆڕینی پەیرەو و بەرنامەو دەموچاوەکانی هەیە.**
**ناوبراو کە زیاتر لە (١٥)ساڵ وەکو بەرپرسی کەرتی بازیانی ڕێکخراوی یەکێتیی مامۆستایان کاری کردووە، ئەوە دەخاتەڕوو: یەکێتیی مامۆستایان، ڕێکخراوێکی حیزبییەو یەکێتیو پارتی ڕێکخراوەکە بۆ مەرامەکانیان بەکاردەهێننو هیچی بۆ مامۆستا نەکردووە.**

**ڕۆژنامە: باسی ئەوە دەکرێت کە یەکێتیی مامۆستایان، ڕێکخراوێکی حیزبییە، نەک پیشەیی، ئەمە تاچەند ڕاستە؟**

* یەکێتیی مامۆستایان، ڕێکخراوێکی حیزبییەو بە تایبەتی لە دوای یەکگرتنەوەی یەکێتیی مامۆستایانی یەکێتیو پارتییەوە، ڕێکخراوەکە تووشی شەلەل بوو، هیچ وجودێکی نەماو زیاتر دەسەڵاتی حیزب هاتەناوەوەو یەکێتیو پارتی ڕاستەوخۆ یەکێتیی مامۆستایانیان بۆ مەرامەکانیان بەکاردەهێنا، ئەم واقیعەو تا ئێستاش بەردەوامە، کارەکانی یەکێتیی مامۆستایان، تێکەڵاوی کارە ئیدارییەکان بوونو ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕێخراوەکە لە ئاستی داخوازی مامۆستایاندا نەبێتو تا ئێستا لە ڕێگەی ڕێکخراوی یەکێتیی مامۆستایانەوە، هیچ داواکارییو خواستێکی مامۆستایان نەهاتووەتەدیو شتێکی نەکردووە کە لە ئاستی تموحی مامۆستایاندا بێت، هەر کاتێکیش مامۆستایان تووشی کێشەو گیروگرفت بووبن، یەکێتیی مامۆستایان، نەک نەیتوانیوە پارێزەرێک بێت بۆ داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی مامۆستایان، بەڵکو ئیجرائاتو لێپرسینەوەیان لەگەڵ مامۆستایاندا کردووەو ڕێگرییان لە مامۆستایان کردووە. ڕێکخراوەکە، سێبەری دەسەڵاتە لەناو مامۆستایانداو بڕیارەکانی یەکێتیو پارتیی جێبەجێکردووەو تا ئێستا نەیوێراوە بچێتە ناو مامۆستایانەوەو لە کێشەکانیان بکۆڵێتەوە.

**ڕۆژنامە: دەوترێت، یەکێتیی مامۆستایان، هیچ شەرعییەتێکی نەماوەو پێویستی بە گۆڕانکارییە، تۆ چی دەڵێیت؟**

* یەکێتیی مامۆستایان کە دروستبوو، لە یەکێتیو پارتی پێکهاتو بەهۆی شەڕی ناوخۆوە بەسەر یەکێتیو پارتیدا دابەشبوو، لەکاتی یەکگرتنەوەشدا بە هەمانشێوەبوو، یەکێتیو پارتی لە ناو ڕێکخراوەکەدا زۆرینەنو هەموو شەرعییەتێک بە کارەکانیان دەدەن، بەڵام لە ڕاستیدا یەکێتیی مامۆستایان، چەندین ساڵە هەڵبژاردنی نەکردووەو لە ئێستادا هیچ شەرعییەتێکی یاسایی نەماوەو پێویستە ببێتە ڕێکخراوێکی پیشەیی ڕاستەقینە، تا لە ئاستی داخوازییو داواکارییەکانی مامۆستایاندا بێتو پێویستە ئەو دەموچاوانە بگۆڕدرێن کە چەندین ساڵە لە پۆستی باڵای ڕێکخراوەکەدانو هیچیان بۆ مامۆستایان نەکردووە، هەروەها دەبێت پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە بگۆڕدرێت، چونکە لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە ئەو پەیڕەوە دانراوە، بۆ نموونە، ئەوکاتە لە سلێمانیدا (٤) هەزار مامۆستا هەبوو، بەڵام ئێستا نزیکەی (٤٠)هەزار مامۆستا هەیە، ئەوان هەمیشە باسی ئەوە دەکەن کە (١١٤) هەزار ئەندامیان هەیە، بەڵام ئەگەر ئەندامبوون لە ڕێکخراوەکە بە ویستو ئارەزووی مامۆستا بێتو مامۆستایان لەو کۆتوبەندانە ڕزگاربکەن، (١٤)هەزار ئەندامیان نامێنێتەوە.

**ڕۆژنامە: پێتوایە، کۆنگرەی داهاتووی یەکێتیی مامۆستایان، هیچ گۆڕانکارییەک بهێنێتەکایەوە؟**

* بەپێی ئەو میکانیزمانەی دایانناوەو بەشێوەیەکی نایاسایی، لە (٤٠٠)ئەندام کۆنگرە، (١٤٧)ئەندام کۆنگرەیان داناوە کە زۆربەیان یەکێتیو پارتین، ئەوەش هاوسەنگی پرۆسەکە دەگۆڕێتو جێی قبوڵکردن نییە، یەکێتیو پارتی دەیانەوێت لە ئێستاوە سەرکەوتنو بردنەوەی خۆیان مسۆگەربکەن، ئەگەر پێداچوونەوە بە میکانیزمەکانی هەڵبژاردندا بکەنو وەکو هەڵبژاردنەکانی تر تەزویراتو ساختەکاریی تێدانەکەن، پێموایە، ئەم کۆنگرەیە لە ئاستی داخوازییەکانی مامۆستایاندا دەبێت، چونکە جگە لە یەکێتیو پارتی، (٧)ڕێکخراوی تر دەیانەوێت بەشداریی بکەن.

**ڕۆژنامە: ئەگەر داواکارییەکانتان جێبەجێ نەکرێن، بەشداریی لە کۆنگرەدا دەکەن؟**

* ئێمە لەو (٧)ڕێکخراوە، یاداشتێکی دە خاڵیمان ئاڕاستەی سکرتاریەتی یەکێتیی مامۆستایان کردووەو ئەگەر داواکارییەکانمان جێبەجێ نەکەن، پێدەچێت بایکۆتی هەڵبژاردن بکەینو نەچینە ناو پرۆسەیەکەوە کە فێڵی تێدابکرێت.

**ڕۆژنامە: ئامانجی مامۆستایانی سەردەم لە بەشداریکردن لە کۆنگرەی یەکێتیی مامۆستایاندا، چییە؟**

* ئامانجمان، گۆڕانکارییە لەو ڕێکخراوە پیشەییەدا بۆ ڕزگاربوون لەو شێوە بوون بە حیزبییەو بیکەین بە ڕێکخراوێکی پیشەیی کە داکۆکی لە مافەکانی مامۆستایان بکاتو ئەگەر دەسەڵاتمان هەبێت، ڕێکخراوەکە لەژێر دەستی حیزب دەردەهێنین، پێشبینی ئەوە دەکەین، ئەگەر بەشداریبکەین، ڕێژەیەکی باش بەدەستدەهێنین، بەتایبەتی لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا.

**!! پێدەچێت بایکۆتی هەڵبژاردن بکەین !!**

**یەکێتیی مامۆستایان، لە ساڵی (١٩٩٢) کۆنگرەی گشتیی بەست کە لە چوار بازنە پێکهاتبوو، مامۆستایانی پارتی بە ناوی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانو مامۆستایانی یەکێتی بە ناوی سکرتاریەتی مامۆستایان بەشدارییانکرد. لە ساڵی(١٩٩٤) بوو بە دوو بەشەوەو دوای ئەوە هەردوولا هەریەکەو دوو کۆنگرەیان بەست، لە ساڵی (٢٠٠٤)دا هەردوولا یەکیانگرتەوەو هەریەکەو (١٤) ئەندامی سکرتاریەتی دانابوو. پێکهاتەی ئەنجومەنی تەنفیزی، (١٤) ئەندامی یەکێتیو (١٤)ئەندامی پارتی، لە (١٢)سکرتێری لق پێکهاتووەو سەرۆکایەتیی ڕێکخراوەش، بە شێوەی خول، شەش مانگ بۆ یەکێتیو شەش مانگ بۆ پارتی دەبێت.**

---

# وەزارەتی پەروەردە سەر لە خوێندکارانو مامۆستایان دەشێوێنێت

سیروان عەول
هاوڕێ عەبدوڵڵا

بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە، ئەو خوێندکارانەی کە لە دوو وەرزدا دەرنەچوون، دەتوانن لە خولی دووەمدا تاقیکردنەوەی یەک وەرز ئەنجام بدەن، هاوکات بە وتەی مامۆستایان، مەبەست لەو بڕیارە دەرچوواندنی هەموو خوێندکارانەو ئەوەش زیان بە پرۆسەی پەروەردە دەگەیەنێت.

بەپێی نووسراوی ژمارە (٣١٥٨١) بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی، کە وێنەیەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووەو واژۆی کەمال نوری، بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی لەسەرەو لە (٨/٤) ئاراستەی سەرجەم خوێندگەکانی سنووری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی کراوە، چەند ڕێنماییەکی سەبارەت بە تاقیکردنەوەکانی خولی دووەمی قۆناغی بنەڕەتیو ئامادەیی لەخۆگرتووەو تێیدا هاتووە: «ئەگەر قوتابیو خوێندکار لە هەردوو وەرز لە بابەتێک مابێتەوە بۆی هەیە لە وەرزێک یان لە هەردوو وەرز تاقیکردنەوە بکاتەوە»، هەروەک بە تێبینی باس لەوە کراوە: «خوێندکار ئەو وەرزەی کە تاقیکردنەوەی تێدا ئەنجامدەدات دەبێت ئەوەندە نمرە بەدەستبهێنێت، کە وەرزەکەی تری پێ پڕبکاتەوە».

بە ڕای مامۆستایان مەبەستی وەزارەتی پەروەردە لە دەرکردنی ئەو جۆرە بڕیارانە ئەوەیە، کە هەموو خوێندکاران دەربچنو هیچ خوێندکارێک نەمێنێتەوە، کە ئەوەش قەیرانی پەروەردەیی دروستدەکات.

بەڕێوەبەری خوێندنگەیەک کە نەیویست ناوی بنووسرێت، هەرچەند پێیوایە ئەو بڕیارە لە سوودی خوێندکارانەو کارئاسانییە، بەڵام وەکو ئەو بەڕێوەبەرە دەڵێت: «لە ڕاستیدا ئەو بڕیارە کێشە بۆ مامۆستایان دروستدەکاتو دەرچوواندنی خوێندکاران بەوشێوەیە بە قەیران دەزانمو پێموایە سیاسەتی وەزارەتو تەنانەت حکومەت ئەوەیە کە سەرجەم خوێندکاران دەربچنو هیچ خوێندکارێک نەمێنێتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە نەتوانین خوێندکاری زیرەکو نازیرەک لێکجیابکەینەوە، هەروەک دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی زانستیی خوێندکاران».


ئەوەشی خستەڕوو: وەزارەتی پەروەردە لە قۆناغەکانی بنەڕەتیو ئامادەییدا پاڵ بە خوێندکارانەوە دەنێتو دەریاندەچێنێت، بەڵام کارەساتەکە لەوەدایە کە خوێندکاران خوێندن تەواودەکەن لە هیچ شوێنێک وەرناگیرێنو بە ناچاریی دەست لە خوێندن هەڵدەگرن، خۆشیان نازانن چی دەکەن.

هاوکات بەختیار ئەحمەد، بەڕێوەبەری خوێندنگەی کانی گۆمە لە سلێمانی، وتی: «ئەم بڕیارە بۆ ئەوەیە کە هەوڵبدرێت کەوتن لەناو خوێندندا نەمێنێتو هیچ خوێندکارێک نەهێڵدرێتەوە، هەرچەند سوودمەندە بۆ خوێنکارانو ئاسانکارییان بۆدەکات، لەبری دوو تاقیکردنەوە یەک تاقیکردنەوە ئەنجامدەدەن، بەڵام لە هەمانکاتدا بڕیارەکە کێشە بۆ خوێندکاران دروستدەکاتو ئەرکی مامۆستایان زۆر قورسدەکاتو مامۆستایانو خوێندکاران چەواشەدەکات، چونکە ئەگەر خوێندکارێک لە وەرزی یەکەمدا نمرەکەی (٤٠٪) بێتو لە وەرزی دووەمدا (٤٥٪) بێت، دەبێت تاقیکردنەوە لە نمرە کەمەکەدا بکات، بەڵام دەبێت ئەوەندە نمرە بهێنێت، کە لە وەرزەکەی تردا دەربچێت.

هەرچەند تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم تەنیا (٢٠) ڕۆژی ماوە، بەڵام ڕێنمایی تاقیکردنەوەکان بە ناڕێکوپێکی گەیشتووەتە خوێندنگەکانو تەنانەت خوێندکارانیش کە لە ئێستادا سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنن بۆ خولی دووەم، زانیاریی تەواویان لەسەر بڕیارە نوێیەکە نییە.

حەنان ئەحمەد، خوێندکار، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: تائێستا زانیاری تەواوم لەسەر ئەو بڕیارە نییەو من کە لە دوو وانەدا کەوتووم نازانم چۆن ئەو نمرانەی کە هەمەو دەیهێنم حسابدەکرێن.

لەگەڵ ئەوەی بڕیارەکە گەیشتووەتە




خوێندنگەکانی ناو شاری سلێمانی، بەڵام لە چەند شوێنێک بە تەلەفۆن خوێندنگەکان ئاگادارکرانەتەوەو تەنانەت تائێستا بڕیارەکە نەگەیشتووەتە پەروەردەکانی پارێزگای سلێمانیو خوێندنگەکان نازانن بە کام ڕێنمایی تاقیکردنەوەکان بەڕێوەببەن.

بەختیار ئەحمەد، وتی: «لەکاتی دەرکردنی بڕیارەکانی وەزارەتی پەروەردەدا کەس ئاگای لە کەسی تر نییەو هەر کەسەو بە بڕیارێک کاردەکات، تەنانەت پەروەردە خۆشیان نازانن چۆنو لەکوێوە ئەو بڕیارە سەرچاوەی گرتووە، من بە تەلەفۆن پێیانڕاگەیاندووم».

# ـــۆتـایـی دێـت؟



ئەویش بەهەمانشێوە وتی، وەزارەتی خۆتانەو مووچەکانتان هەموو ئەدەینەوەو چیتان هەبوو پێمان بڵێن، بۆتان دەکەین هەتا کۆتایی، وتمان، گەورەم سوپاس، بەڵام (ع.ب) واناڵێت ئەو دەڵێت، ئەم حکومەتو مووچەو وەزارەتە، هی یەکێتییە، بۆیە دەبێت بەڵێن بدەن کە جارێکی تر گۆڕان نابنو یەکێتی دەبن کە واموت، وەزیر بەتوڕەییەوە وتی، بۆ ئێوە چۆن هاتوونەتەوە، هاتوونەتەوە ئەڵێن، ئەم حکومەتو یەکێتییە هی خۆمانە، یان ئەڵێن هاتووینەوە دەوامیش ئەکەینو شتی تریش دەبین، منیش وتم، گەورەم واهاتووینەوە ئێمە لێرە سەرباز دەبین لەکوێ مەترسی لەسەر ئەم وڵاتە هەبوو، لەوێ خۆمان بەکوشت دەدەین، لەناو هێزی پێشمەرگە سیاسەت بۆ کەس ناکەین، چونکە ئێمە بڕوامان وایە، دەبێت هێزی پێشمەرگە دامەزراوەیەکی سەربەخۆ بێتو موڵکی هیچ حیزبو ڕێکخراوێک نەبێت، کە واموت، ئەوەندەی تر توڕە بوو، وتی، ئێوە خۆتان ڕاتانکردووەو کەس دەری نەکردوون، بۆیە مافی خۆتان دەدەینێو سزای خۆشتان دەدەین، نووسراوێکمان پێ بوو خستمانە بەردەستی، ئەویش لەسەری نووسی، یاسا بەشی یاسا، سەریان سوڕما لەو نووسراوەو وتیان وا بە ئێمە وتراوە، ئێوە کە دێنەوە هەمووشتتان بۆ جێبەجێ بکرێت، بەڵام بۆ کارەکەتان وای لێهات نازانین، بڕۆن بەیانی وەرنەوەو بەیانیش وتیان یەکشەممەو چەند ڕۆژێـک هاتوچۆمان کردو دواتر وتیان مەیەن، ناوەناوە تەلەفۆنمان بۆبکەن، چونکە ئەمە لەدەسەڵاتی ئێمەدا نییەو بەو جۆرە هیچ وەڵامان نەدرایەوەو دەرکەوت ئەو نووسراوەی بۆیان کردبووین بۆ گەڕانەوەمان نەبوو بۆ سەر کارەکانمان، بۆئەوە بوو بەو بیانووە ناچارمان بکەن، ببینەوە بە یەکێتیو پێیانوابوو، مادام ئێمە ماوەیەکی زۆرە مووچەمان وەرنەگرتووە، ئێستا چاوەڕێی فەرموویەکی ئەوان دەکەین بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە ناو یەکێتی، بەو جۆرە هیچ وەڵامان دەست نەکەوتەوەو هیچ لە کێشەکە نەگۆڕا.

من، ڕۆژی (٣/٤) لە دەنگدانی تایبەت نوێنەری گۆڕان بووم لەسەر سندوقەکانی دەنگدان، ئەو ڕۆژە لەگەڵ (ع.ب) دەنگەدەنگێکی کەممان بوو لەسەر ئەوەی، داوام لێکرد ئەوەندە نەیەتە ناو وێستگەکانو داوام لێکرد کە ئەوێ جێبهێڵێت کە تا ئەو ڕۆژەش من وەک هاوڕێیەک ئەژمارم دەکرد.

ڕۆژی (٣/٥) لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی تر لە کەناڵی ئاسمانیی KNN پەنجەمان بەرزکردەوەو وتمان دەیگۆڕین، هەرچەندە بەبڕوای من، درەنگ بوو، دەبوو ڕۆژێک پێش دەنگدانی تایبەت ئەوەمان بکردایە، بەڵام دەنگدانەوەیەکی زۆرباشی هەبوو، ورەیەکی باشی کردە بەر ئەوانەی هێشتا ترسیان هەبوو بەجۆرێک سەدان هەواداری گۆڕان بەساقەی پەنجەکانمان دەبوونو نەیارەکانی گۆڕانیش بە ئینقلابچی تاوانباریان دەکردین بەبێ ئەوەی بیربکەنەوە کە ئینقلاب بە چەک دەکرێت، نەوەک بە پەنجە بەرزکردنەوە.

ئێمە بێئاگابووین لەوەی کە چەند ڕۆژێکە بڕیاری گرتنمان دراوەو بەوردی لەژێر چاودێرییداین، ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٧) چونکە من لە دەنگدانی تایبەت ناوم نەهاتبووەوە، چووم بۆ خوێندنگای کانی کوردە بۆ ئەوەی دەنگ بدەم، کاتێک دابەزیم، کەسێک کە بە سەیارەیەکی نیسان بەدوامەوە بوو، هاتو دوای چاکوچۆنی، وتی، عەزیەت نەبێت یەک دەقە بوەستە (ک.ح) ئیشی پێتە، لەم قسانەدابووین هێزەکانی ئاسایش بە چواردەورمدا بڵاوبوونەوەو وتیان نەجوڵێی، سجنی، وتم هیچ نووسراوتان پێیە وتیان، نەخێر، وتم، ئەی چۆنو بۆچیو بە فەرمانی کێ، هەرچیم وت، وتیان نازانین بەشێوەیەک گرتیانم کە لەگەڵ ڕفاندن هیچ جیاوازیی نەبوو، سەرەتا بردیانمە بنکەی ئاسایشی کانی سپیکەو دواتر سواری سەیارەیەکی نیسان پەترۆڵیان کردمو (ع.س)ی ئاسایش خۆی لەپێشەوە سوار بوو، تەلەفۆنی بۆ (ح.ق) کردو وتی، ڕائد شالاومان گرتووە ئەویش وتی بیبە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، ناوبراو لەناو سەیارەکە وتی بۆ ئیش بۆ لیستی (....) دەکەیت، منیش وتم، بەڕێزەوە ناوی بێنە (....) نییە گۆڕانە، وتی قسە بکەی هەزار شەقت تێهەڵئەدەم، منیش وتم ئێستا کە دەستم بەستراوە، هەموو کەس دەتوانێ ئەوە بکات، ئەگەر ڕاست ئەکەی دەستم بکەرەوە، ئەوکاتە بتوانە تێمهەڵدە، بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین بردیانمو بە ئەفسەری ئێشکگری وەزارەتیان سپاردم.


لە وەزارەت، لە ژوورێکدا بەندکرام کە ڕووبەرەکەی (٢٠)مەتر بوو، دوو دەرگام لەسەر داخرابوو، ئاودەستێک لەناو ژوورەکەدا بوو کە بۆ دەموچاو شۆرینو هەندێکجار بۆ خواردنەوەش سودمان لە بەلوعەکەی ئەوێ وەردەگرت، لە ژوورەکەدا هیچ هۆکارێکی گەرمکردنەوەی تیانەبوو، هیچی تێدا ڕانەخرا بوو، ئەرزو چوار دیواری ژوورەکە کۆنکرێت بوو، چەند پەنجەرەیەکی بچووک لە بەشی سەرەوەی ژوورەکەدا هەبوو، ڕەشەبای سارد لەوێوە لورەی ئەکرد، بۆیە زۆر سارد بوو تەنها دوو بەتانی تەنکم لەلا بوو، شەوی یەکەم تا بەیانی لە سەرما هەڵلەرزیمو خەوم لێنەکەوت. بەدرێژایی ماوەی سجنبوونمان لەو ژوورەدا نە تەلەفزیۆنو نە ڕادیۆو نە ڕۆژنامەمان لانەبوو، ڕۆژی دواتر ملازم هەرێمیش کە ڕۆژی (٤)ی مانگ لەلایەن هێزەکانی دژەتیرۆرەوە دەستگیرکرابوو، هێنرا بۆ ئەوێ تا ئەو کاتە نەمزانیبوو کە گیراوە، ئەوە بۆ من باش بوو، لانیکەم لە تەنیایی ڕزگارم بوو، ئەفسەرو کارمەندانی ئەوێ بەو بارودۆخەی ئێمە زۆر نیگەران بوون، بەڵام لەترسی لێپرسینەوەو سزادان نەیاندەوێرا یارمەتیمان بدەن، چونکە فەرمانیان پێ کرا بوو کە نابێت بەهیچ جۆرێک دەرگامان لێبکرێتەوەو نابێت کەس لێمان نزیک ببێتەوە، یان بمانبینێت. دوای چەند ڕۆژێک (ع.ئـ) هاتو لەسەر مەسئولیەتی خۆی هەندێک گوزەرانی باش کردین، بەم جۆرە ماوەی یەک مانگ بەندکراینو بەتۆمەتی ئەوەی گوایە، ئێمە لە سەربازیی ڕامانکردووە دراینە دادگای سەربازییو بڕیاربوو ڕۆژی (٤/٤) من دادگایی بکرێم، بەڵام ڕۆژی (٢٠١٠/٤/٣) کۆبوونەوەی لیستە براوەکان بوو لەگەڵ سەرۆکی هەرێم کە لەوێدا نوێنەرانی گۆڕان داوایان کردبوو، سزای سیاسیی نەمێنێتو لەچوارچێوەی ئەوەشدا، یەکەم: داوایـان کردبوو، ئێمە ئازاد بکرێینو کێشەکەمان کۆتایی بێت، دووەم: دەست لەگرتنی ئەوانە هەڵبگرن کە فەرمانی گرتنیان داون.

بۆیە ڕۆژی دوایی واتە (٤/٤) ئازادکراین، بەڵام بە کەفالەتو تائێستاش کە نزیکەی چوار مانگ بەسەر بەڵێنەکانی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەت تێدەپەڕێت، ئێمە دۆسیەکانمان دانەخراوەو بەتەواوەتی دەستیان لە بڕیاری سزادانمان هەڵنەگرتووە، تەنها ئەوە نەبێت کە لەمانگی پێنجەوە بۆ ماوەی سێ مانگ هەموو ئیجرائاتێکی یاسایی بەرامبەر ئێمەو ئەوانەی فەرمانی گرتنیان دەرکرابوو، ڕاگرتووە.




**خوێنەری ئازیز، تۆ بڕیار بدە کە ئەمە تاکوێ ڕەوایە، تۆ لەجیاتی من پرسیار لە دەسەڵات بکە، ئاخۆ کەی سزای سیاسیی کۆتایی دێت؟ ئەو پرسیارەش لە ئەندامانی فراکسیۆنی گۆڕانی پەرلەمانی کوردستان بکە، ئاخۆ کێشەی نانبڕاوەکانو ئەوانەی لەسەر بیروباوەڕی جیاواز سزادراون، بەقەد بودجە گرنگی نییە؟، چونکە ئێمەش دەمێکە چاوەڕێین، ڕۆژێکیش بۆ ئێمە بکێشن بە مێزەکانی بەردەمیانداو تەنها جارێک هۆڵی کۆبوونەوەکان جێبهێڵن.**

**دوای هەوڵێکی زۆری پەرلەمانتاران و سەرۆکی هەرێمو ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان، بەشێکی زۆری نانبڕاوەکان بڕیاری گەڕانەوەیان لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ دەرچووەو بەشەکەی تریش چاوەڕوانە، ئەمەش چیرۆکی یەکێک لە نانبڕاوەکانە کە تائێستا بەدەست سزای سیاسییەوە دەناڵێنێت.**








# سەندیکاو ڕێکخراوەکان

**بەپێی ڕێکەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتیو پارتی دەبێت هەردوو حیزب لەسەر ئاستی سەندیکاو ڕێکخراوەکانیش بە تەوافوق بەشداری هەڵبژاردن بکەن، لەم ماوەیەدا کۆنگرەی یەکێتی نوسەرانی کوردو کۆنگرەی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان ئەنجامدرا، چاوەڕێش دەکرێت سەندیکای کارمەندانی تەندروستیو یەکێتی مامۆستایانی کوردستان کۆنگرە ئەنجامبدەن.**

**یەکەمو دووەمیان بە لیستی داخراو و بە تەوافوق بەشدارییان لە هەڵبژاردندا کرد، دووەمو سێیەمیشیان هەوڵی بۆ دەدرێت:**

**بە رای تۆ:**

**١ – ئەو سەندیکا و ڕێکخراوانەی لە کوردستاندا هەن چ ڕۆڵکیان هەیە؟**

**٢– ئەو سەندیکا و ڕێکخراوانەی لە کوردستاندا بونیان هەیە سەربەخۆن یان وەک ئۆرگانی یەکێتی و پارتی وان و جیاوازییان نییە؟**

**٣– پارتی و یەکێتی بۆ دەیانەوێت ئەم ڕێکخراوانە بە دەستەمۆیی بهێڵنەوە؟**

**٤– ئەم ڕێکخراو و سەندیکایانە چی بکەن بۆئەوەی لە کۆتی حیزب ڕزگاریان بێت و بچنە چوارچێوەیی سروشتی خۆیانەوە؟.**

**ڕۆشنا**

ئەوەی ڕاستی بێت سەندیکاو ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان بوونەتە پاشکۆی حیزبو کارەکانی پارتیو یەکێتی ڕایی دەکەنو بە کارەکانی خۆیان هەڵناستنو هیچ چالاکییەکی باشیان لێ بەدی ناکرێت.

**کاوە**

پارتیو یەکێتی دامەزرێنەری زۆرینەی ڕێکخراوەکانی جەماوەرییو پیشەییو دیموکراتی کوردستانو پشتگیریی چینو توێژەکانو تا ئاستێکی باشیش سەربەخۆن لە کاری ڕۆژانەو هتد، تەنیا لەڕووی ئاراستەی سیاسییەوە هەندێک پابەندن بە پارتیو یەکێتی یەوە لەبەر ئەوەی کادرانی پێشکەوتووی ئەو ڕێکخراوانە هەڵگری بیروباوەڕی ئەو دوو پارتەنو لەو ڕووەوە ئازادن.

**میران میراودلی**

حیزب دەیەوێت لەڕێگەی سەندیکاو ڕێکخراوەکانەوە بەرگێکی مەدەنیەت بپۆشێت بە مەبەستی چەواشەکارییو هێنانەدی مەبەستەکانی هەر لە سەرکوتکردنی دەنگی ئازادیانو هەڵوێستی دژیانو گوێ نادات بە کۆ ئەنجامی کارەکەی، کە دەبێتە هۆکاریی کۆنکرێتیو پارچە پارچەبوونی ئەو ڕێکخراوو سەندیکایانە، کە خزمەتگوزاریی سڤیلیستی مەدەنی پێشکەش دەکەن.

**هیهات – دهوک**

سلاف.......... بەریزان ئەگەر بارتی و یەکیتی هندەک ریکراو ل بن دەستی وان بن هەروەسا ل زیر دەستی هەمو حیزبا هەنە.

**داستان عوسمان**

لە بەشێک لە نووسینەکانی نەوشیروان مستەفادا دەڵێت: (خاڵێکی گرنگی ڕێککەوتنمان لەگەڵ سەدام حسێن ئەوەبوو، کە نابێت حیزبی بەعس بەهیچ شێوەیەک دەست بخاتە ناو داموودەزگاو دامەزراوەکان)، کەچی زۆر بەداخەوە یەکێتیو پارتی هەمان ڕەفتاری بەعس پەیڕەو دەکەن.

**ئاری – ئۆسلۆ – نەرویج**

ڕاستییەکەی ئاوهاییە: یەکێتیو پارتی، خۆیان بە خاوەنی ئەوەڵو ئەخیری کوردستان دەزانن، هەر لایەکیان دەیانەوێت هەموو شتەکان بۆ خۆیان بێت.

## بۆ ژمارەی داهاتوو:

**لە دوو هەفتەی ڕابردوودا میدیای کوردیو دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بەهۆی بڵاوکردنەوەی چەندین بابەتو زانیاری تووشی بەریەککەوتن بوون، چاودێرانیش پێیانوایە کە ئەوە کاریگەری دەبێت لەسەر ئازادی ڕۆژنامەگەری، هاوکات هەندێک لایەن بڕوایان وایە کە ژمارەیەک لە میدیاکانی کوردستان پێشێلی سەروەریو یاساشکێنییان کردووە.**

**دوای بڵاوکردنەوەی بابەتێک لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە لەسەر ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم، پارتی دیموکراتی کوردستان داوایەکی یاسایی لە سەر ڕۆژنامە تۆمارکردووەو داوای یەک ملیار دۆلار قەرەبوو و داخستنی ڕۆژنامەو ...دەکات.**

**لەلایەکی ترەوە دوای بڵاوکردنەوەی دیمانەیەک لەگەڵ (عیرفان قانعی فەرد) لە گۆڤاری لڤین، وا هەست دەکرێت ڕەوشی ئازادی ڕۆژنامەگەری پێینابێتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە، چونکە لەباتی گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی، تائێستا چەندین بەیاننامە بەناوی گروپی نەناسراوەوە بڵاوکراوەتەوە و هەڕەشەی مەترسیدار لە ڕۆژنامەنووسانی ئەو گۆڤارە دەکات، هاوکات لە ژمارەیەک لە مزگەوتەکانی هەولێرو دهۆکەوە هێرش کرایە سەر گۆڤاری لڤین.**

**دەسەڵاتی هەرێم پێیوایە کە میدیاکانی کوردستان (ئەهلی و سەربەخۆ) نابەرپرسانە کاردەکەنو سەروەریو هێڵی سوور پێشێلدەکەن، هاوکات میدیای ئازادو ئەهلیش گلەیی ئەوەیان هەیە کە دەسەڵات بەپێی یاسای ڕۆژنامەگەریی مامەڵە لەگەڵ بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانیاندا ناکات و لەبەرامبەر ڕەخنە گرتندا دەسەڵات بیر لە بەرتەسکردنەوەی ئازادی دەکاتەوە.**

**بە رای تۆ:**

**١– ڕەوشی میدیای کوردی لە ئێستادا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

**٢– ئایا کارەکانی میدیای ئەهلیو سەربەخۆ نابەرپرسانەیەو زیان بە ئەزموونی هەرێم دەگەیەنێت؟**

**٣– پێتوایە مامەڵەی دەسەڵاتو کاردانەوەکانی بەرامبەر میدیاکان تەندروستە؟**

**٤– ڕۆڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەم نێوەندەدا چییە؟**

**٥– کێ یاسای ڕۆژنامەگەری پێشێلدەکات، میدیای ئەهلیو سەربەخۆ یان دەسەڵات؟**

**٦– هەر ڕایەکی تر لەو بارەیەوە.**

**ڕاو بۆچوونەکانتان لەڕێی ئەم ناونیشانانەوە بە ڕۆژنامە دەگات:**
**١. دوانگەی سبەی** (www.sbeiy.com)
**٢. ئیمەیلی:** nawxo.rozhnama@yahoo.com

حکومەت (١١) ملیۆن دۆلاری بۆ فیلم خەرجکردووە، بەڵام هیچی بۆ دروستکردنی سینەما نەکردووە 20


# چیرۆکی نانبڕینو دەستگیرکردنم... کەی سزای سیاسیی ک

شاڵاو مەحمود محەمەد
(رائد شاڵاو)

**ئەوەی لێرەدا باسیدەکەم، چیرۆکی کەسێک نییە کە لە ساڵانی هەشتاکانداو تەنیا لەبەرئەوەی باوکی (پ.م) بووە بەهانەی جۆراوجۆری پێگیرابێت، یان لەبەرئەوەی لایەنگری شۆڕشگێڕەکانی شاخی کردبێت لەسەر کارەکەی دەرکرابێتو زیندانی کرابێت، یان کوردی فەیلی بووبێتو نانو خاکی ئەم وڵاتەی پێ ڕەوا نەبینرابێت. چیرۆکی کەسێکە کە زۆربەی ژیانی کردووەتە سووتەمەنیی هاتنەدیو جێگیربوونی دەسەڵاتی ئەوانەی کە ئەمڕۆ لەوڵاتی خۆیداو لە سایەی ئازادییو دیموکراسیدا، لە پاداشتی ماندووبوونی لەبەر بیروباوەڕی جیاوازی بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتو بەڵێی بۆ چاکسازییو گۆڕانکاریی، نانبڕاوکراو بەندکرا، چیرۆکی منە، من (رائد شاڵاو) یەکێک لەو دوو ئەفسەرەی لەبەردەمی سندووقەکانی دەنگدان لە رۆژی (٣/٧) لەلایەن هێزەکانی دەسەڵاتەوە دەستگیرکرام.**

ماوەیەک بوو (گردەکە) جموجۆڵی تێکەوتبوو، منیش کە دەمێک بوو لەشێوازی بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتە بێزاربوومو چاوەڕێ بووم، هێزێک بێتە گۆڕەپانەوە کە متمانەی پێبکەمو لەناویا کاربکەم، هەر لەسەرەتاوە بە دروستبوونی ئەم بزووتنەوەیە کە دواتر ناونرا (گۆڕان) خۆشحاڵ بوومو دوای ئەوەی کە ( س . ک . س ) سەردانی کردمو دواتر لەگەڵ (د.ح.ع)، سەردانی کاک نەوشیروانم کردو لەنزیکەوەگوێم لەبەرنامەو بیروبۆچوونەکانی راگرتو لەگەڵ بەشی زۆریان هاوڕا بووم، بۆیە زۆر بەدڵسۆزییو گەرموگوڕیی دەستم بەکارکردن کرد بۆ کۆکردنەوەی خەڵک لەدەوری بەرنامەکەی.

رۆژی (٢٠٠٩/٤/٢١) لەلایەن بەڕێز، (ع.ب)ی مەسئولی کۆمیتەی ڕێکخستنی وەزارەتی (پ.م) کە ئێستا پلەی (عەمیدە) بە تەلەفۆن پەیوەندیم پێوەکراو داوای لێکردم کە بەیانی بچم بۆ وەزارەتو وتی، وەزیر کاری پێتەو دەیەوێت بتبینێت، دەمزانی کە ئەم بانگهێشتە، ئاسایی نییە، بۆیە لە وەڵامدا وتم، بەسەرچاو، با پرس بە برادەرانی گردە بکەم، ئەوسا دێم، کاک بەختیار وتی، بۆ پرس بەئەوان دەکەیت، وتم، دەزانم کە وەزیر بۆیە بانگم دەکات، چونکە لایەنگری ئەوانمو دوای ئاگادارکردنی گردەکە، بەیانی چووم بۆ وەزارەتو سەرەتا سەردانی کاک (ب)م کردو دوای ئەوەی ڕێزی زۆری لێگرتم، دەستی بەقسەکردن کردو وتی، هەموومان دەزانین کە تۆ کەسێکی ئازاو دڵسۆز بوویتو هەقی زۆرت بەسەرمانەوە هەیەو زۆریش مەغدوری، بەڵام خەتای ئێمە نەبووەو ئێستاش ئێمە تۆمان خۆشدەوێتو هەق نییە تۆ هاتوچۆی گردەکە بکەیتو ئیش بۆ ئەوان بکەیتو پۆل پۆل خەڵک بەریت بۆ گردەکە، ئیتر هاتە ناوباسی ئەوەی کە کێ راستەو راست نییەو کۆمەڵێک شتی تر کە مناقەشەی زۆرمان کردو دواجار وەڵامێکی کورتو پوختم دایەوەو وتم، برادەرانی گردەکە کار بۆ بە مەدەنیکردنو بەدامەزراوەییکردنی دەسەڵاتو روونیی (شەفافییەت)و نەهێشتنی گەندەڵی دەکەن، بۆیە زۆر راستە، من کاریان لەگەڵ دەکەمو بە کۆستەر خەڵک بۆ گردەکە دەبەم، چونکە مەسەلەکە لای من پلەوپایەو شتی کەسی نییە، بەڵکو بیروباوەڕەو دوای ئەوە پێموت، لام سەیرە ئێستا منتان هاتووەتەوە بیرو پێتانوایە، لە رابردوودا غەدرم لێکراوە، چونکە ئەو کاتە من ماوەیەکی زۆر بوو بەبێ هیچ هۆیەکی دیاریکراوو هیچ هەڵەیەکی سەربازیی، تەنها ئەوە نەبێت لەبەرنامەی بێ سانسۆری رادیۆی نەوادا، رای خۆم لەسەر خراپی ئەدائی ئەندامانی پەرلەمانو پەرلەمانی کوردستان دەربڕیبوو، تێیدا داوامکردبوو، ئەندامانی پەرلەمان دەست بکێشنەوەو پەرلەمان هەڵبوەشێتەوە، گوازرابوومەوە بۆ ژێر فەرمانی ئیدارەی ئەفسەرانو زیادەی دەرماڵەو مەترسیم لێبڕدرابوو، تەنها مووچە ئیسمییەکەمم مانگانە لە بانک وەردەگرتو لەهیچ شوێنێک دەوامم نەبوو، چونکە ئەوانەی دەخرێنە ئەو شوێنە، هیچ ئەرکێکیان ناخرێتە ئەستۆ، هەرچەندە من کاتی خۆی سەردانی وەزیرم کردو داوام لێکرد، پێم بڵێت، بۆ گوازراومەتەوەو پێموت، من ئەفسەرێکی گەنجمو کاتی خۆی پلە نایابی دەورەکەی خۆم بوومو دەمەوێت کە لە هەر شوێنێکی ئەم کوردستانەدا شوێن هەبێت، دەوام بکەم، بەڵام لەوەڵامدا وتی، گواستنەوەت لەدەسەڵاتی من دانەبووەو هیچ شوێنێکیشمان نییە.



(ع.ب)، دوای ئەوەی زانی زۆر وتن لەگەڵم سوودی نییە، وتی، با بچین بۆ لای وەزیر، تێلی کردو بە (ع.س)ی سکرتێری وەزیری وت، دێین بۆ لای وەزیر، بەڵام ئەو وتی، وەزیر ئێستا چوو بۆ فرۆکەخانەو جارێ نایەتەوە.

منیش وتم، ناکرێت من لێرە چاوەڕێ بکەم، تێل بۆ وەزیر بکەو بزانە دەڵێت چیو چی دەوێت، وتی باشە.

(ع.ب)، تێلی بۆ وەزیر کردو پێیوت، گەورەم رائد شاڵاو لێرەیەو ماوەیەکی زۆرە پێکەوە مناقەشە دەکەین، شێخ جەعفەر وتی، باشە شاڵاو دەڵێت چی، ئەویش وتی، دەڵێت، راستە کار بۆ گردەکە ئەکەمو لەسەریشی بەردەوام ئەبم، مەسەلەکە لای من بیروباوەڕە، وەزیر وتی، پێی بڵێ، زەرەر دەکات، وتم، قازانجو زەرەری خۆمم لێکداوەتەوە، وتی پێی بڵێ با بڕوات ئیشیان بۆ بکات، بەڵام دوایی پەشیمان نەبێتەوە، منیش وتم، دڵنیابن پەشیمان نابمەوەو لەکاتی هاتنە دەرەوەمدا بە کاک (ب)م وت، ئەگەر فەرمانی دەرکردنم دەرچوو، زوو وێنەیەکم بۆ بنێرە، وتی بۆ پێشبینی شتی وادەکەیت، وتم هی شتی خراپ تریش.

چەند مانگێک ڕۆیشتو هیچی تازە نەبوو، دیاربوو هێشتا هیوایەکیان مابوو بۆ گەڕانەوەمان، تا هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٩/٧/٢٥) ئەنجامدرا، لەبەردەم بنکەی دەنگدانی تایبەتەکە لە سەرچنار (ع.ب) وەستابوو، کاتێک منی بینی، وتی، هیوادارم دەنگ بە گۆڕان نەدەیت، منیش وتم، دڵنیابە تەنها دەنگ بە گۆڕان دەدەمو دوای هەڵبژاردنەکە لەناوەڕاستی مانگی (ئاب) کاتێک چووم لە بانک مووچە وەربگرم، وتیان مووچەکەت راگیراوە، وتم بۆ، وتیان نازانین، بڕیاری وەزارەتە، چووم بۆ وەزارەت بۆلای ملازم ئەوەل ساڵحی بەشی مووچەو ئەویش وتی، کێشەکە لای ئیدارەی ئەفسەرانە، بۆیە چووم بۆلای (ع.خ) پێموت، گەورەم بۆ مووچەکەم راگیراوە، وتی، چونکە تۆ غائیب بوویتو وتم، تۆ بەرپرسی ئێرەیتو دەزانیت کە ئەوانەی لەژێر فەرمانی ئیدارەی ئەفسەرانن، دەوامیان نییە هەتا غیاب ببن، وتی، وا نییە وەزیر فەرمانی دەرکردووە بێن بۆ دەوامو نەهاتوویت، وتم، باشە بەڵام بۆ منتان لەم فەرمانە تازەیە ئاگادار نەکردووەتەوەو کەس بەمنی نەوتووە، وەڵامێکی دامەوە کە لە نوکتە دەچوو، وتی، ئەم جێگر ئەفسەرە کە ناوی بەختیارە، تۆی ئاگادار کردووە، وتم چۆن، وتی، چەند جارێک تەلەفۆنی بۆکردوویت، بەڵام تۆ موبایلەکەت داخراوە!

ئەو کەسەی ئەم نووسینە دەخوێنێتەوە، با بڕیار بدات، ئەمە جگە لە بیانوویەکی گاڵتەجاریی، چیترە، هەروەک بەویشم وت، من کە مۆبایلەکەم داخرابێتو کەس قسەی لەگەڵ نەکردبم، چۆن ئاگادارکراوم، زۆرم قسەکردو چەند رۆژێک چوومەوە، بێسوود بوو، ئەگەرچی من زوو تێگەیشتم کە هۆکارەکە گۆڕانبوونە، بەڵام دواتر (ع.خ)یش ناڕاستەوخۆ دانی بەمەدا نا، چونکە دوایین رۆژ پێیوتم کاکە خۆ هەر تۆ نیتو زۆری تریش بوون کە هاتوونو وتوویانە ئێمە گۆڕانین، هەر نایکەین، بڕۆرەوە تا لایەک بەلایەک دەبێت، لێرە بەدواوە کۆمەڵێک ئەفسەری وەزارەت هەریەکەو بەبیانوویەکی جیاواز کە بۆ هەریەکێکیان جۆرە سیناریۆیەکی وەک ئەوەی من، سەیر دروستکرابوو مووچەمان بڕا تا هەڵبژاردنی (٢٠١٠/٣/٧) نزیک نەبووەوە کەس لە وەزارەت ئێمەی بیرنەماو پێی وانەبوو رۆژێک لە رۆژان لەگەڵ یان لەپێش ئەوانەوە لەسەنگەردا بووینو دەیانجار لە مردن گەڕاوینەوە، لەکاتێکدا من خۆم زۆربەی بەرپرسەکانی وەزارەتو فەرماندەیی گشتی دەیانناسیم، چونکە پێشتر لەفەرماندەیی پشدەر، جێگر لەشکربوومو شەخسی شێخ جەحفەر خۆی دوای شەڕەکانی ساڵی (٢٠٠٠) پێیوتم (ئەگەر من مەسئولت بام، بێئەوەی خۆت ئاگات لێ بێت، نەجمەیەک پلە پێشخستنو سوپاسنامەی ئەنجومەنی وەزیرانم بۆ دەهێنایتە ماڵەوە)، چونکە لەو شەڕەدا لەهەموو فەرماندەیی پشدەر، تەنها رەبیەکەی من نەگیراو لەیەک شەودا چوار جار بەنارنجۆکو جارێک بەفیشەک بریندار بووم، بەجۆرێک کە کەس بەهیوای ژیانم نەبوو.

رۆژی (٢٠١٠/١/٢٦) وەزارەتی (پ.م) بۆ هەموو ئەو ئەفسەرانەمان کە پێشتر مووچەمان بڕدرابوو کە ژمارەمان (١٨)کەس بوو، سەرو نووسراوێکی ناردبوو کە ناوەڕۆکی هەموویان وەک یەک وابوو، تیایدا دواکرابوو پەیوەندیی بەیەکەکانمانەوە بکەینەوە وەک ئەوەی ئێمە لە مۆڵەت بووبینو حاڵەتێکی ناکاو هەبێت، ئەم دەرگا کردنەوەیە بۆ هەندێکمان دڵخۆشی بوو، بۆ هەندێکیش جێگەی گومان بوو، بە جۆرە پیلانێکمان دەزانی، بەڵام دوای ئەوەی سەرەتا کاک (م.س.ق)و دواتر کاک (ن) داوایان لێکردین بەدەم ئەو نووسراوانەوە بچین کە بۆمان هاتووەو دەوامی خۆمان بە ڕێکوپێکی بکەین بۆ ئەوەی کۆتایی بەو بارودۆخە بێت، بڕیارماندا ئەگەر هەمووشمان بگیرێین، بچینەوە.



رۆژی (٢٠١٠/٢/٢) ژمارەیەکمان چووین بۆ وەزارەتو پەیوەندیمان کردەوە، بەڵام وتیان بڕۆنو بەیانی وەرنەوە، بەیانی کە چووینەوە، وتیان بچن بۆ بەشی یاسا لەوێ بەڕێز، لیوا (ک) زۆر رێزی گرتینو وتی، بچن بۆ لای (ع.ب)، ئەو لەجیاتی وەزیر لەگەڵتان دادەنیشێت، منو (ر.ع) لەجیاتی هەمووان چووین بۆ لای (ع.ب)و لەو دانیشتنەدا (م.ب)یش ئامادە بوو، ئێمە وتمان گەورەم بە نووسراوێک داواتان کردووە بێینەوە بۆ سەر دەوامەکانی خۆمان، ئێمەش هاتووینەوە گوایە تۆ پەیامێکی وەزیرت پێیەو دەتەوێت پێمان بڵێیت، ئێمەش هەندێک داواکاریمان هەیە، وتی (راستە من لەجیاتی وەزیر قسەتان لەگەڵ دەکەم، هاتوونەتەوە، بەخێربێنەوە ئەو لیژنە لیکۆڵینەوانەی لەسەرمان دروستکردبوون هەموومان داخستوون، ئەو ماوەیەمان هەموو بە خزمەت بۆ ژماردوون، هەموو مووچەکانتان بۆ سەرف دەکەینەوە، ئەوانەشتان کە شایستەی پلە بەزبوونەوەن، پلەکانتان بەرزدەکەینەوە) ئێمەش وتمان، کەواتە سوپاس، ئێمەش لەوە زیاترمان ناوێت، وتی باشە، بەڵام دەبێت شتێکمان بۆ بکەن! وتمان چی بکەین، وتی، دەبێت هەر یەکێک لەئێوە، بەڵێننامەیەک بنووسێت کە لەمەودوا بەهیچ جۆرێک ئیش بۆ گۆڕان ناکەن، وتمان بۆچی، وتی، لەبەرئەوەی ئەم حکومەتو وەزارەتو مووچەیە هەمووی هی یەکێتییەو تەنانەت ئەو چوکلێتانەی خواردیشتان هی ئەوە!! ئێمەش وتمان، ببوورە گەورەم، یەکەم: گۆڕانبوون لای ئێمە شتێکە سازشی لەسەر ناکرێتو دووەم: ئێمە لەسەر نووسراوی خۆتان هاتووینەوە، ئێمە سەربازی وڵات دەبین لە کوێ مەترسی هەبێت لەوێ بەرگریی لە وڵات دەکەین لەچوارچێوەی کاری سەربازیشدا سیاسەت بۆ کەس ناکەین، تەنانەت ئامادەین ئەمەت بە نووسراویش بۆ بنووسین، ئەگەر تۆش بە نووسراو داوامان لێ بکەیت، ئەو قبووڵی نەبوو، بۆیە هەستاینو خۆمان چووین بۆلای وەزیری (پ.م) وتمان گەورەم، (ع.ب) لەجیاتی تۆ هەندێک قسەی پێوتووین، حەزدەکەین لەدەمی خۆتەوە بیانبیستین،









# بۆ ئیسماعیل بێشکچی مرۆڤدۆست

**یوسف مەنتک – ئەڵمانیا**

زۆرن ئەوانەی کە هاوخەمی کێشەی کوردن و داکۆکی لێدەکەن و سەرئەنجام رووبەڕووی ئازارو لێپرسینەوەو زیندان دەبنەوەو دیارترینیشیان، بیرمەندو نووسەری ناسراوی تورک، ئیسماعیل بێشکچییە کە بەهۆی هەڵوێستەکانی و داکۆکیکردن لە گەلی کوردو کەمەنەتەوەکانی تری تورکیاوە، ماوەی نزیکەی نیوسەدەیە هەردەم تووشی هەڕەشەو دادگایی و زیندان بووەتەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوەو ژیانێکی تراژیدیی و پڕ لەناخۆشی بردووەتە سەر، ئەم جارەشیان بەهۆی نووسینێکییەوە کە داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد کردووە کە ناکرێت گەلێکی بیست ملیۆنی سەربەخۆ نەبن. ئەو، فیدراڵیی بە چارەسەری کێشی کورد داناوەو پێیوایە، بە شەڕو توندوتیژیی ئەم کێشەیە چارەسەر ناکرێت، بۆیە بڕیار وایە، لەسەر ئەم هەڵوێستەی دادگایی بکرێت و لەوانەشە سزاکەی، هەشت ساڵ زیندانی بێت.

دەوڵەتی تورک کە ئیدیعای ئیسلام و خەلافەتی ئیسلامی و دیموکراسییەت دەکات و چەندین ساڵە خوازیاری ئەوەیە بچێتە یەکێتیی ئەوروپاوە، بەڵام لەبەر ئەوەی مافی مرۆڤ لەم وڵاتە وجودی نییە، گەلی کوردو چەندین نەتەوەی تری وەک: ئەرمەن و لاس و چەرکەس و عەرەب، هیچ مافێکی کلتووریان نییەو هەردەم لەژێر هەڕەشەی سزادان و زیندان و کوشتندان، بەئەندام وەرنەگیراوە.

لەم ماوەیەی رابردوودا لەزۆربەی شارەکانی تورکیادا، تورکە توندڕەوەکان هێرشیان کردووەتە سەر بارەگای پارتە کوردییەکانی ئەم وڵاتەو خەڵکی سڤیل.

تەیموری لەنگی ئۆزبەگی، بەو گەورەیی و دەسەڵاتە فراوانەی خۆیەوە، یەکێک لە یاساکانی، پاراستن و رێزگرتن بووە لە داناو زاناو شاعیران و پیشەوەران و هەر شوێنێکیشی داگیر کردبێت، ئەوانەی بواردووە لە هەموو سزاو سەرانەیەک و شوێنەکانیشیان پارێزراوبووەو ئەگەرچی لەبەرەی دوژمن و لە غەیرە دینێکی تر بوون، بانگهێشتی زانایان و شاعیرانی کردووەو گفتوگۆی لەگەڵ کردوون. مەبەستی تەیمور ئەوەبووە کە لێیانەوە فێربێت و دواتریش خەڵاتی کردوون. (١)

ئەوەی رێز بێت، تورک بۆ کەسانی بیرمەندو نووسەرانی دانەناوەو بە رۆژی روونـاک نووسەرو رۆژنامەنووسی کورد، مووسا عەنتەرو رۆژنامەنووسی ئەرمەنی، هیرالدیان تیرۆر کرد. نووسەری گەورەی تورک، عەزیز نەسین بەر لە مردنی، توندڕەوەکان ویستیان تیرۆری بکەن و ئەو ئوتێلەی ئەوی تیابوو، سووتاندیان، کە مردیش، لەترسی توندڕەوەکان کەس نەیزانی لەکوێ ناشتیان، تەنیا کوڕەکەی خۆی بەنهێنی رێورەسمی ناشتنەکەی لەشوێنێکی نهێنیی ئەنجامدا.

ئیسماعیل بێشکچی، بەهۆی ئەم هەموو دەردیسەرییە ناخۆشەی ژیانی لە ئەنجامی نووسینەکانی بۆ داکۆکی لە کوردو نەتەوەکانی تری تورکیا، هەقی خۆیەتی بڵێین، گەیشتووەتە پلەی پیرۆزیی، هێلینی خێزانی نیکۆس کازانتزاکیس، گەورە نووسەری یۆنانی، دەڵێت: کاتێک نیکۆس رەدی ئیعتباری لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ گەڕایەوە، ئەو نەخۆش بوو، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی: «کاتەکەی درەنگ کەوت، هیچ بەلامەوە گرنگ نییە»، هێلین دەڵێت: سوێند دەخۆم، لەم ساڵانەی دواییدا، بووبووە پیاوێکی پیرۆز. (٢)

ئەوانەی داکۆکییان لەمافی رەوای گەلی کورد کردووە، کەسانێک بوون کە پایەی بەرزی کۆمەڵایەتی و سیاسییان هەبووەو لە نەتەوەی سەردەستی چەوسێنەری کوردن، رابەری شیعەکانی جیهان، ئایەتوڵڵاولعوزما، سەید موحسین حەکیم، لەفەتوایەکیدا، شەڕی دژ بە کوردی حەرام کرد، سەرۆکی لیبیای میللی، موعەمەر قەزافی، دەڵێت: بۆیە رقم لە دیکتاتۆرەکانە، چونکە گەلانی ژێردەست دەچەوسێننەوە، هەر ئەوەش بوو لەکاتی گرتنی ئۆجەلاندا، بروسکەیەکی بۆ گەلی کورد لێداو پەرۆشیی خۆی دەربڕی، بەسەدامی گەورە دیکتاتۆری عێراقی وت: کوردەکان، وەک فەلەستینییەکان هەقی خۆیانە، داوای دەوڵەتی خۆیان بکەن و تاڕادەیەکیش یارمەتیدەرو پشتیوانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بووە. بۆ ئەمەک و وەفاداری بەرامبەر بەم بەڕێزانە لەکوردستان، چەند شەقامێک بەناوی ئەوانەو چەند کەسێکی ترەوە کراون.

بۆ وەفاو رێزلێنان لە بیرمەندو نووسەری گەورەی تورک، ئیسماعیل بێشکچی، دۆست و داکۆکیکار لە مافەکانی گەلی کورد، هەقی خۆیەتی ئەمڕۆ لەکوردستانی باشوور، لە یەکێک لە زانکۆکان، بڕوانامەیەکی دکتۆرای فەخری پێبدرێت، هەروەها بکرێت بە ئەندامی فەخری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان و کۆڕی زانیاریی کوردو لەهەر شارێک، شەقامێک، یان پارکێکی گشتی بکرێت بەناوی ئەوەوەو پەیکەرێک لە شوێنێکی دیارو بەرچاوی پایتەختی هەرێمی کوردستان، یان لە هەر شارێکی تر، یان لەیەکێک لەزانکۆکان کە دەستپێشخەری بکەن دروست بکرێت، بەڵام ئەو پەیکەرە بەدەردی پەیکەرەکانی رۆژنامەنووسی ئەلمانی، گاد گرۆس و نووسەری کوردستانی باکوور، موسا عەنتەر نەچێت!و هیوادارین، کاربەدەستانی لایەنی پەیوەندیدار، ئەو پەیکەرانە بگەڕێننەوە شوێنەکانی خۆیان، چونکە سیمای شار بەوانەوە جوانترو سەرنجڕاکێشتر دەبێت.

(١) بیرەوەرییەکانی تەیموری لەنگ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، حەمەی حەمە سەعید.

(٢) سۆفیگەرێتی، نیکۆس کازانتزاکیس، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، رەئوف حەسەن.



# میدیاو مەیمون

**لەتیف فاتح فەرەج**

رۆژنامەنووسی ئاکارە، ئاکارێکی بەرزیشە، ئاکارە لەبەرئەوەی حەقیقەت دەگەیەنێت، حەقیقەتی تاڵ، یان شیرین، مێژووی کورد پڕە لە ئەستێرەی درەوشاوەی ئەو رێگە ئاکارییە، میقداد مەدحەت بەدرخان و پیرەمێردو حوزنی موکریانی و ..هتد، پەیڕەوی ئەو ئاکارەیان کرد، ئاکارە بۆیە ئەدمۆند بۆرک، بۆ یەکەم جار لە پەرلەمانی بەریتانی رۆژنامەنووسانی بەدەسەڵاتی چوارەم ناوبرد، لە ساڵی (١٨٣٤)ەوە لە پەرلەمانی بەریتانی جێگەی رۆژنامەنووسان دیاریکرا، درەوشاوەیی بەریتانیا بەشێکی پەیوەندیی بەو مێژووەوە هەیە، لە ساڵی (١٨٣٤)ەوە رۆژنامەنووسان حەقیقەتی پەرلەمان دەگوازنەوە بۆ خەڵک، کەچی لێرە نابێت قسە لە حەقیقەت بکرێت، رۆژنامەنووسی ئاکارە، بۆیە لەم رۆژانەدا میدیاکاران لە دنیادا وەک فریادڕەس تەماشایان دەکرێت، ئاکارە، بۆیە کەناڵە عەرەبییەکانی جەزیرەو عەرەبییە کورسی دەسەڵاتدارانی عەرەبیان هێناوەتە زەلزەلە، چەند رۆژ لەمەوبەر لە کەناڵی (MBC2) فیلمێکم بینی، کە چۆن کچە رۆژنامەنووسێک لەپێناوی دۆزینەوەی راستیدا قوربانیی بەخۆی دەدات، خۆزگە رۆژنامەنووسانی کورد زۆرێکیان ئەو فیلمەیان دیبا، میدیاکاری راستی نە خۆی هەڵدەپەرێت، نە دەسەڵات دەخاتە هەڵپەڕین، میدیاکاری راستی جیاوازە لەو مەیمونەی دەیەوێت هەمووان ببنە مەیمون، بەڵام هەر خۆی مۆزەکان بخوات، میدیاکاری راستی حەقیقەت دەڵێت و هیچی دیکە.

ئەبراهام لینکۆڵن، قەبری لە وڵاتی بێ رۆژنامە پێخۆشترە، هەر کەسێک بیەوێت وڵات رۆژنامەی نەبێت، قەبر هەڵبژێرێت، بەڵام کام رۆژنامە، کام رۆژنامەنووس، ئەوەی حەقیقەتی نەگوت و رۆژنامەی هەبوو، هەموو شتێکە رۆژنامەنووس نەبێت.

میدیا گەورەترین خزمەت بە کۆمەڵ و دەسەڵات دەکات، ئەگەر میدیا بێت، گەرنا هەردوولا وێران دەکات، میدیاکاری راستی هەرگیز سووکایەتی بە هاوپیشەکانی ناکات، میدیاکاری راستی حیزبی، یان ئەهلی هەمیشە ئەرکی رووناکردنەوەی بەرچاوی کۆمەڵ و دەسەڵاتە. تەنانەت لەنێو میدیای حیزبی کوردیدا دەیان و سەدان ئەستێرەی درەوشاوە دەرکەوتوون دیارە لە پەنای ئەوەوە دڕک و داڵیش دەرکەوتن، ئەوەش شتێکی ئاساییە، بەڵام کە بژار نەبێت کارەساتە، میدیاکاری راستی بێگەردترین ئاوێنەی سەردەمەکەیەتی، بەڵام دەبێت ئەو راستییە بزانین، مێژوو ئەگەر درۆزنەکان بینووسنەوە دەبێتە زبڵ، ئەگەر راستگۆکان بینووسنەوە دەبێتە زێڕ، عەیب نییە لە مێژووی تاک و کۆمەڵدا کەموکووڕیی و چەوت و چێڵی هەبن، عەیب ئەوەیە ئەوانە باس نەکرێن، میدیاکارەکان ئاوێنەی سادەو ساکارو روون و بێتەڵخی رۆژگاری خۆیانن، دەرچوون لەو رێگەیە کارێکی دیکەیە، نە کاری میدیا، لێ لەنێو دنیای میدیاشدا رێکدەکەوێت مافیاکار هەبێت.

هیچ میدیاکارێکی راستی بۆ پارە ئیش ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا کارەساتە لە مافی خۆی بێدەنگ بێت، ئەوی لە مافی خۆی بێدەنگ بوو، ناتوانێت داوای مافی ئەوانی دیکە بکات، پێشمەرگە بۆیە پێشمەرگە بوو شەڕی ئازادیی بۆ خۆی و بۆ ئەوانی دیکەش دەکرد، هیچ میدیاکارێکی راستیش لە مافی خۆی زیاتر داوا ناکات، کە ئەوەی کرد ئەوە میدیاکار نییە، خودا لە قورئاندا تەنێ بەناوی دۆزەخەوە دەڵێت: (زیاتر هەیە) رەنگە دۆزەخ بۆ ئەو جۆرە خراپ نەبێت، پیرەمێردی شاعیرو رۆژنامەوان جگە لە شڕە چاپخانەیەک، کە سەروەرییەکی گەورەی شارە حەیاتەکەی سلێمانییە، لە قەلەندەرێکی رووت و رەجاڵ زیاتر نەبوو.

بۆ میدیاکار سووکایەتیکردن بە هەر کەسێک سووکایەتیکردنە بەخۆی، دنیای باشتر بەوە دێتەدی کە لانی کەم راستگۆبین لەوەدا کە دەینووسین، نەک لەپشت هەر نووسینێکمانەوە نیازێکی قێزەون هەبێت، میدیاکاری راستی پێویستی بە دەروێش نییە، ئەو قەڵەمێکی گەرەکەو بەس، قەڵەم ویژدان و ئاکاری میدیاکاری راستییە، میدیاکاری راستی خاوەنی هەموو ئەو نووسینانەیە، کە دەینووسێت، با بارودۆخیش گۆڕانی بەسەردا بێت، محەمەد حەسەنێن هەیکەلی، گەورە میدیاکاری عەرەب لە هەرچی نووسیویەتی پەشیمان نییە، لێ سەردەمێک لە سەردەمێکی دی جیاوازە، ئەرکی میدیاکاری راستی هەوڵدانە بۆ دنیای باشتر، کێ ئەوەی نەکرد بەدووی ناسنامەکەیەکی دیکەیدا بگەڕێت.

# وشەو گۆڕان



عەدنان عوسمان

لەنێوان ئەوەی کۆمپانیای وشە تەسلیم بە بزووتنەوەی گۆڕان بکرێت، وەیا وەک کۆمپانیایەکی سەربەخۆ بمێنێتەوە، سەرەتای ئیشکالییەتێکی گەورەی تێگەیشتن لەکۆمپانیاکەو بزووتنەوەکە دەست پێدەکات. لێرەدا پێویستە قسە لەسەر ئەو ئیشکالییەتە بکرێت، نەک ئەو دوو ئەگەرەی سەرەوە.

واتە ئێمە دەبێت لە سەرەتادا قسە لەسەر پەیوەندیی ئەو دوو دامەزراوەیە بکەین، خاڵە هاوبەش و جیاکەرەوەکان دیاری بکەین و لەوێوە قسەیەک لەسەر چارەنووسی کۆمپانیاکە بکەین.

من پێموانیە، کێشە لە چۆنیەتی دۆزینەوەی شێوازی پەیوەندیی و هێڵی تەماسی هەردوولا بێت، چونکە لەماوەی رابردوودا هیچ کێشەیەک لە ئارادانەبووە لەو بارەوە، بە سادەیی کێشە سەرەکیی و تەنانەت مەترسیدارەکە لە تێڕوانینێکی کلاسیکیانەوەیە بۆ کارو شێوەی دروستکردنی ئۆرگانەکانی بزووتنەوەکەو تێگەشتنە لە ئەرک و شکڵی بەڕێوەبردنی دەزگایەکی راگەیاندن، لە ئێستاشدا هیچ لەوە مەترسیدارتر نییە بۆ بزووتنەوەو کۆمپانیاکە ملکەچی ئەمری واقیعی کوردستان و ئەو عەقڵیەتە تەقلیدییە بین.

گۆڕان باس لە نەریت و میکانیزمێکی تازەو مۆدێرن دەکات لە کاری حیزبی و سیاسیی، لە شێوازی ئیدارەدانی کۆمەڵگە، لە دامەزراوە دەوڵەتی و حکومی و ئەهلییەکان، لە رێزگرتن لە ئازادیی و بەتایبەت ئازادیی راگەیاندن، من ناڵێم لانەدان لەم پرەنسیپانە، بە تەنیا وەفادارییە بۆ دەنگدەران و ئەو تەیفە بەرفراوانەی بەچاوی هیواوە بەدوای شکڵێکی نوێی کاری سیاسییەوەن لەم وڵاتەدا، بەڵکو گرەنتی گەشەکردن و چوونە پێشەوەی خودی بزووتنەوەی گۆڕان و بەهاکانی چاکسازیشە لە وڵاتدا، خولانەوە لە نێو دونیا سواوو نەزۆکەکەی حیزبایەتی لەم هەرێمەدا، دەبێتە هۆی کۆپیکردن و هێنانە بەرهەمی ئیفلیجییەکی تر بۆ دنیای حیزبایەتی ئێمە.

ئەگەر لە ئێستادا بە بیانووی ئەوەی حیزبەکانی تریش راگەیاندنیان هەیەو هەزارو یەک زمانمان لێ تیژ دەکەن و ئێمەش پێویستە لانی کەم ئۆرگانی بەرگریی لەخۆکردن و خستنەڕووی راستییەکانمان هەبێت و ناچار بە دروستکردن و کۆپیکردنی شێوازە باوەکانی ئێستا بین لە مەکتەب راگەیاندنەکان، ئەوا بە دڵنیاییەوە ماوەیەکی تر لەژێر هەمان بیانوودا ناچاری چەک پەیداکردن و دروستکردنی ئۆرگانی نهێنیی و بەناو پیشەیی و هتد دەبین و ئەوکات تەنیا دروشمە رووتەکانمان دەمێنێتەوە، کە وەک گڕەی مانگی ئاب لە ناوچاومان دەدات.

دەستەواژەی تەسلیمکردنی وشە بە بزووتنەوەکە هەڵگری چەند ئیشکالیەتێکی سەیرو عەجیبە کە لەبەر کەمیی مەودا بە کورتی قسەی لەسەر دەکەم: لێرەدا ئەو ئەگەرە لەبەرچاو گیراوە کە ئەم وشەو گۆڕانە دوو جەستەو دوو عەقڵیەتی جیاوازو تەریبن، بە دیوێکی تریشدا تەنیا میکانیزمێک بۆ ئەو تەسلیمکردنە خۆی قوت دەکاتەوە ئەوەیە، کۆمپانیاکە لەلایەن بەرپرسێکی حیزبییەوە ئیدارەو رێنوێنی بکرێت، بەڵام لە هەمووی خراپتر سەیرکردنی کارمەندانی دەزگاکانی وشەیە وەک جسمێکی نامۆ لەنێو بزووتنەوەکەدا. لە بەرامبەر چەمکی تەسلیمکردنیشدا چەمکێکی نادروستی تر خۆی قوت دەکاتەوە، کە ئەویش سەربەخۆ بوونە.

ئێمە نابێت خۆمان لەو راستییە بدزینەوە کە کۆمپانیای وشە بەشێکە لە بزووتنەوەی گۆڕان، کەسی یەکەمی بزووتنەوەکە بنیاتنەری خودی کۆمپانیەکەشە، ئەو رۆژنامەنووسانەی لە وشەدا کاردەکەن ئەم واقیعە زۆر بە رۆشنی دەزانن، بۆیە زۆر هەڵەیە کەسێک بیەوێت بەشێوازی دەزگا ئەهلییەکانی تر سەیری کۆمپانیای وشە بکات و بە دووری بگرێت لە بزووتنەوەکە، ئەمە تێکەڵکردنێکی سەیرە بۆ واقیعی ئێستای کۆمپانیاکە.

با قسەکانم کورت بکەمەوە:

١. ئەو جۆرە لە نزیکایەتییەی لەنێوان گۆڕان و میدیا ئەهلی و ئازادەکاندا هەیە، تەنیا پەیوەستە بە بەرگریکردنی گۆڕان لە ئازادیی و ئەهلیبوونی دەزگاکانی راگەیاندن و بەها تازەکانی ژیانی سیاسیمان. کاتێک گۆڕان بەشێوازی حیزبەکانی تر ئۆرگانەکانی خۆی دادەمەزرێنێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەو هاوسۆزییە لەدەست دەدات و بە تەنیا دەبێت ئۆرگانە رەسمییەکانمان دەربڕی تێگەشتنە سیاسییەکانمان بێت، لەم حاڵەتەشدا ئەو بەرە فراوانە ریفۆرمخوازە لە حیزبێکی سیاسیدا کورت دەکرێتەوە.

٢. زۆر ئاسایی و تەنانەت پێویستە کە بزووتنەوەی گۆڕان خاوەن وێب سایتی تایبەت و ژووری چاتێن و بڵاوکراوەی هەفتانە، یا مانگانەی خۆی بێت کە تیایدا هەواڵ و رێنمایی و چالاکییەکانی خۆی بخاتە بەردەستی چالاکوانەکانی، ئەمە مافی خۆیەتی و جیاوازە لە دروستکردنی مەکتەبێکی ئیعلامیی و بە حیزبیکردنی وشە.

٣. ئەوکەسانەی لە دەزگاکانی وشە کاردەکەن خۆیان بەشێک و پێویستە بەشێک بن لە ئۆرگانی رابەرایەتیکردنی بزووتنەوەکە، لە داڕێژەرانی ستراتیژیی بزووتنەوەکەن، ئەوان سەرباری ئەوەی کەسی راگەیاندکاری پرۆفیشناڵن، لەهەمان کاتدا رووئیاو ئیلتزامی سیاسیان هەیەو شێوازی خۆیان هەیە بۆ خستنەڕووی مەسەلەکان، کە مەرج نییە دەقاودەق هاوڕێگا بێت لەگەڵ دیدگا سیاسییە حیزبییەکان، لە هەمووشی گرنگتر زۆر پێویستە چیتر ئەو بەدبینی و بەکەم زانینە نەمێنێت بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی هەر لە سەرەتاوە دڵسۆزانە بۆ جوڵانەوەکەو بەهای گۆڕان لە کۆمەڵگەی کوردیدا کاریان کردووەو هەستێکی وردی بەرپرسیارێتیان هەم بەرامبەر پیشە مەزنەکەیان و هەمیش بەرامبەر جوڵانەوەکە هەبووە.

٤.کۆمپانیای وشە بەشێکە لە بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێکە لە پێکهاتەکانی، بەڵام وەک ئۆرگانێکی سەربەخۆ کار دەکات، ستراتیژو شێوەی کارکردن، بەرنامەو پێکهاتەکانی، بڕیارە ئیداریی و دارایی و تەحریرییەکان لەلایەن بەرپرسان و ستافی دەزگاکانیەوە دادەنرێت.

٥. کارێکی حەکیمانە نابێت گەر گۆڕان بیر لە دروستکردنی مەکتەبی راگەیاندنی هاوچەشنی لایەنەکانی دیکە بکاتەوەو کەسێکی حیزبی خۆی بۆ دیاری بکات، لەبری ئەوە پێویستە وشە لەلایەن بۆردێک، یا ئەنجومەنێکەوە بەڕێوەببرێت، کە لە بەرپرسی دەزگاو کەناڵەکان و چەند راوێژکارێکی راگەیاندن پێکبێت و لەوێدا سیاسەتی ئیعلامیی و ستراتیژو هەنگاوە پێویستەکان دیاری بکرێت، بە هەمان شێوەش دەستەی نووسەران لە هەموو کەناڵەکانیدا دروست بکرێت، کە راستەوخۆ سەرپەرشتی ئیش و کاری خۆیان بکەن.

خوێندنەوەی سیاسەتی تورکیی – کورد لەرێگەی وەزیری دەرەوەی تورکیاوە 22

## شێخ ماجدی حەفید: کەس ناتوانێت بەکەس بڵێت بەڕۆژوو مەبە، قبووڵ نییە



# رۆژووگرتن بۆ خەڵکی ئیمان لاواز نییە

سازدانی:
شارا عەبدولڕەحمان

**شێخ ماجدی حەفید، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی سلێمانی لە دیدارێکدا باس لە وردەکاریی هەندێک مەسەلەی تایبەت بە مانگی پیرۆزی رەمەزان دەکاتو ئەو بابەتانە شی دەکاتەوە کە پرسیار لە بارەیانەوە لەئارادایە.**

**لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا بەڕۆژووبوون یەکێکە لە روکنە سەرەکییەکان، یەکەم: شایەتمان، دووەم: نوێژکردنو سێیەم: بەڕۆژووبوون، ئەویش دیاریکراوە چەند رۆژێکە، کە تەعدادەکەی لە مانگی پیرۆزی رەمەزاندایە.**

**رۆژنامە: سبەی یەکەم رۆژی مانگی پیرۆزی رەمەزانە، بەوپێیەی کە بەڕۆژووبوون یەکێکە لە روکنە سەرەکییەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، پێویستە موسوڵمانان چۆن خۆیان بۆ ئەو مانگە ئامادە بکەن؟**



* هەموو، هێزێکی بەقوەت لەجیهاندا، لەشکرو عەسکەری خۆیساڵی جارێک ئامادە دەکاتو مەشقی پێدەکات، بۆئەوەی تەمەڵ نەبنو بەهێزو توندوتۆڵبن، بەهەمان شێوەش لە مانگی رەمەزاندا موسوڵمانان روودەکەنە قورئان خوێندنو نوێژی زیاترو عیبادەتی زیاتر، بۆئەوەی کە ئیمانیان تازە بێتەوە، هەروەک لە فەرمودەیەکی پێغەمبەردا (د.خ)دا هاتووە: «لە حەجەوە بۆ حەجو لە جومعەوە بۆ جومعە، لە نوێژەوە بۆ نوێژ، لە رەمەزانەوە بۆ رەمەزان، هەموو تاوانو گوناهێک دەشواتەوە بەمەرجێک ئەگەر تاوانو گوناهێکی گەورەی تیادا نەبێت».

**رۆژنامە: بانگخوازێکی ئیسلامیی ئاماژە بەوەدەکات، کە بەهۆی گەرمای هاوینەوە، موسوڵمانان دەتوانن لەگەڵ بەڕۆژووبووندا ئاو بخۆنەوە، بۆ ئەوەی زیان بە تەندروستییان نەگات، بەوپێیەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، کە هەر شتێک زیان بە تەندروستی بگەیەنێت لەگەڵ ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا نایەتەوە، ئەمە تاچەند راستە؟**

* شتی وام نەبیستووە، ئەوە بانگەواز دەکات بۆ شوهرەتی خۆی، رۆژووگرتنو ئاوخواردنەوە شتێکی تازەیە، هەموو (٣٣) ساڵ جارێک رەمەزان دەکەوێتەوە هەمان کاتی ساڵ، رۆژوو پەیوەندیی بە توانای خەڵکەوە هەیە، نەمانبیستووە لە باووباپیرانمان شتی وایان کردبێت، خەڵکمان بینیوە دوو، یان سێ رەمەزانی لێ کەوتبێتە چلەی هاوینەوە، بەڵام نەمانبیستووە لە رەمەزاندا مردبێت بەهۆی ئەوەی ئاوی نەخواردبێتەوە، یان نانی نەخواردبێت، ئەم قسانە تێناگەم چۆن ئەم بۆچوونەی هێناوە؟ ئاو نەخواردنەوە بۆ ماوەی چەند سەعاتێک زیانی چی هەیە بۆ تەندروستی؟ خەڵک هەیە بە هەفتە ماندەگرێتو ئاو ناخواتەوەو ناشمرێت، ئومەتی محەمەد (١٤٠٠) ساڵە بەڕۆژوو دەبێتو شتی واشی نەکردووە، هێشتا ئێمە لە هەرێمی کوردستانو بەتایبەتیش لە سلێمانی کە فێنکترین شارە لە هەموو عێراقدا، پاشاین لەچاو مەککەو ناوەڕاستو باشووری عێراق، لە دوبەی پلەی گەرما (٤٩)یە، ئەوان تائێستا فەتوای شتێکی لەو جۆرەیان نەداوە، هەربۆیە ئەمە قسەی موسوڵمانێکی زانا نییە.

**رۆژنامە: سەبارەت بەو کەسانەی کە بژێویی رۆژانەیان لەسەر کاری قورسی رۆژانەیە، بۆ نموونە کرێکاریی کە رەنگە ئەگەر بەڕۆژووبێت نەتوانێت کار بکات، ئەگەر کاریش نەکات نەتوانێت بژێویی ئەو رۆژەی دابین بکات، ئەمانە دەتوانن بەڕۆژوو نەبن، یان بەدیلیان چییە؟**

* لە ساڵانی رابردوودا خەڵک لەم وەزعە زیاتری بینیوە، ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتییانی کوردستان بەڕۆژووبوونو کرێکارییشیان کردووە، بەڵام لەحاڵەتێکدا ئەگەر بەڕۆژوو بوو بورایەوەو کەوت بەزەویدا، ئەو کاتە رۆژووەکەی لەسەر نامێنێت، واتە رۆژوو فەرزە، توانات هەیە بەڕۆژوو دەبیت، توانات نییە بەڕۆژوو نابیت خۆتو خوای خۆت، بەوە نابێت کە فلانە مامۆستا، یان دکتۆر فەتوای بۆ داوم کە بەڕۆژوو نەبم، ئەمە نێوانی خۆتو خوای خۆتە، لە فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ)دا هاتووە: «ئەوەی کە ئیمانی پوختە بەڕۆژوو دەبێت رۆژووگرتن بۆ خەڵکی ئیمان لاواز نییە»، نوێژ لە رۆژوو قورسترە، رۆژوو لەساڵێکدا مانگێکە، بەڵام ساڵ دوانزەی مانگ نوێژمان لەسەرە، ئەمانە فەرزە لەسەر خەڵکی ئیماندار، بەڵام کەسێک کە ئیمانی لاوازە، یان ئیمانی نییە، یان پارێزەر بۆخۆی دادەنێت حاڵەتەکەی جیاوازە.

**رۆژنامە: سەبارەت بەو کەسانەی کە بەڕۆژوو دەبنو نوێژ ناکەن، یان خێری لەگەڵدا ناکەن، یان بەپێچەوانەوە یەکێک لەو روکنانە دەکاتو ئەوانی تر فەرامۆش دەکات، دەشڵێت هەر شتەو بەڕێی خۆی، ئەمە تاچەند دەگونجێت؟**

* ئێمە دەڵێین شتێک لە زەرەر بگەڕێتەوە قازانجە، واتە کەسێک پارە بدزێت دزی بکاتو سەروەتو سامانێکی زۆر کۆبکاتەوە بەئیشی حەرامو غەش لە میللەت، بەڵام ئەگەر بێتە سەر مەسەلەی زەکات ئێمە ناتوانین بڵێین زەکاتی لێمەدە، چونکە زەکاتدان بەرژەوەندیی خەڵکی تێدایە، یان کەسێک دەڵێت، من تەنیا لە رەمەزاندا مەشروب ناخۆمەوەو نوێژو رۆژوو دەگرم، مادەم لە رەمەزاندا تەرکی دەکات، یان کەمی دەکاتەوە ناتوانین پێی بڵێین، ئەوە مەکە، بەڵام بۆ تەواوکەری ئیمان پێویستە نوێژو رۆژوو بەردەوام بێت، بەپێی فەرزو سوننەت کەس ناتوانێت بەکەس بڵێت بەڕۆژوو مەبە قبووڵ نییە، لەبەرئەوەی تۆ پێش رەمەزان بەو شێوەیەیت، یان نوێژ ناکەیت، بەڵام هەموو کەسێک نوێژو رۆژووی لەسەر فەرزە.

> ”نەمانبیستووە لە رەمەزاندا خەڵک مردبێت بەهۆی ئەوەی ئاوی نەخواردبێتەوە“

**رۆژنامە: ئەی مەسەلەی گواستنەوەی شوێن، خەڵک هەیە باری دارایی باشەو توانای هەیە دەچێت لە وڵاتێکی فێنکی ئەوروپی، بۆ نموونە لە سوید رۆژوو دەگرێت، ئەمە تاچەند لە ئایینی ئیسلامدا رێی پێدراوە؟**

* ئەمە سهولەتە بۆی، خوای گەورە پێی بەخشیوە، دەتوانێت ئەوە بکات، ئەجرو پاداشتی دەست دەکەوێت، باشتریشە لەو کەسەی کە دەوڵەمەندەو بەڕۆژوو نابێت، بەڵام ئەجرو پاداشتی وەک ئەو کەسە نابێت کە کرێکاریش دەکات لەبەر گەرما بەڕۆژوو دەبێت، ئەمە جیهادە خۆ جیهاد ئەوە نییە تۆ بەخەنجەرێکەوە ملی خەڵک بپەڕێنیت، بەڵکو جیهاد پلەی هەیە ئەوە جیهادە، کە مرۆڤ بەرامبەر بەنەفسی خۆیو ئارەزووی خۆی تەحەمول بکات لەپێناوی خوای گەورە، کەس فەرزی نەکردووە لەسەری کە بچێت سەفەر بکات، بەڵکو ئەو نان ناخوات، ئاو ناخوات ئەو شتەی کە حەرامە لە رەمەزاندا لەخۆی قەدەغە دەکات لەپێناوی خوای گەورە، جا لەهەر شوێنێک بێت گرنگ نییە، بەڵام پلە بەندیی هەیە بۆ پاداشتەکان.

**رۆژنامە: کەواتە وەک مامۆستایەکی ئایینی ئامۆژگاریت چییە بۆ موسوڵمانان لەم مانگەدا؟**

* رەمەزان مانگی خێرو بەرەکەتە، خوای گەورە بەدەسەڵاتی خۆی سزا لەسەر ئەهلی سزادەر رادەگرێت، لەسەر ئەو کەسانەی کە لە جەهەنەمدانو لە عەزابدان، لەو کەسانەی کە عەزیەتی خەڵکیان داوە، جەهەننەم دادەخات، بۆئەوەی کە خۆشەویستیو برایەتی لەنێوان ئومەتی پێغەمبەراندا زیاتربێتو دەوڵەمەند بەبەزەیی بێت لەگەڵ خەڵکی هەژارداو لەو مانگەدا بزانێت کە هەژار لە چ عەزابێکی برسێتیدایە، پێویستە لەم مانگە پیرۆزەدا ئێمە بە رەحم بین بەرامبەر بە کەسانی تر، زەرەر بەکەس نەگەیەنین، بەڵکو خوای گەورە میهرەبانیی زیاترمان بەسەردا بباریێنێت.

# حکومەت (١١) ملیۆن دۆلاری بۆ فیلم خەرجکردووە، بەڵام هیچی بۆ دروستکردنی سینەما نەکردووە

کۆسار جەلال- هەولێر

دەرهێنەرە کوردەکان توانییان فلیمەکانیان بگەیەننە سینەما جیهانییەکانو لە ئەوروپاو ئەمریکا نمایشی بکەن، بەڵام بینەری کورد لەبەر نەبوونی سینەما ناتوانن ئەو فلیمانە ببینن.

بنار ئەنوەر، خویندکاری شەشەمی ئامادەییو دانیشتووی شاری هەولێرەو زۆر بە باشی هەست بە داڕووخانی سینەما دەکات لە هەرێمی کوردستانو بۆ رۆژنامە دەڵێت: «لەبەر نەبوونی سینەما لە شاری هەولێر ناچارم لە ماڵەوە دانیشمو تەماشای فیلمە بیانییەکان بکەم».

ئەو گرفتەی بنار، هەزاران بینەری تری سینەما لە هەرێمی کوردستان پێوەی دەناڵێنن، ئەمەش وایکردووە خەڵک فیلمو ئەکتەرە کوردەکانیان بیربچێتەوە، بنار وتیشی: «ئێستا من هونەرمەندو فیلمە بیانییەکان باشتر دەناسم لە کوردییەکانو زۆر فیلمی کوردی هەیە ئێمە نایبینینو دوای چەند ساڵێک لە بەرهەمهێنانیان ئێمە پێیان دەزانینو دەیانبینین، یان هەر نایانبینین».

ساڵانە فیلمە کوردییەکان بەشداریی کێبڕکێکانی پاڵاوتن بۆ فێستیڤاڵەکانی کانو ئۆسکارو فەجر دەکەن، بەڵام بەشێکی زۆر لەو فیلمانە تائێستا لە سینەماکانی هەرێمی کوردستاندا نمایش نەکراون.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، تائێستا نزیکەی (١١) ملیۆن دۆلاری سەرفکردووە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی کوردی، بەڵام لە بەرامبەردا هیچ برە پارەیەک سەرفنەکراوە بۆ دروستکردنی سینەما بۆ نمایشکردنی ئەو فیلمانە لە شارەکانی کوردستان.

ناسر حەسەن، بەڕێوەبەری گشتیی سینەمای هەولێر پێیوایە: ئەو پارەیەی حکومەت خەرجی کردووە بە فیڕۆ نەچووە، چونکە توانیمان زۆر بەرهەمی باش بکەینو بەرهەمەکانمان گەیشتنە ئاستی ئەوروپاو لە جیهان باسکران، ئەمەش داهێنانێکی گەورە بوو بۆ ئێمە.

بەڕای ناسر حەسەن، نەبوونی سینەما بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمە سینەماییەکان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی رێگەگرتن لە بووژانەوەی سینەما لە کوردستان، چونکە نمایشکردنی ئەو فیلمە کوردییانە لە سینەما، لە شارەکانی کوردستان جۆش دەداتە جەماوەر بۆ تەماشاکردنی فیلمە کوردییەکان وەکو جاران.



لە ساڵانی شەستەکانو حەفتاکاندا هۆڵی سینەما زۆر بوون لە سەرجەم شارەکانی کوردستاندا، بەشێوەیەک لە هەریەک لە شارەکانی سلێمانیو خانەقین چوار هۆڵی سینەما هەبوو، بەڵام ئێستا لە خانەقین هیچیان نەماونو لە سلێمانیش دوانیان کراونەتە سەنتەری بازرگانیی، ئەمەش بۆ شارەکانی تریش هەمان شتە.

یەکێک لە چالاکییەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتیی سینەماو وەزارەتی رۆشنبیریی، رێکخستنی هەفتەی فیلمی کوردییە لە شارو قەزاکانی هەرێمی کوردستان، لەم نێوەندەشدا هەریەک لە زاخۆ، مەخمور، کۆیە، رانیەو بەعشیقەو کەرکوک هەفتەی فلیمی کوردی تێدا سازکراوە.

ناسر حەسەن، دەڵێت: «زۆر کەس لەو هەفتەی فیلمی کوردییەدا ئاماژەیان بەوە دەکرد، کە یەکەم جاریان بوو فیلمی کوردی سینەمایی ببینن»، وتیشی: «ئێمە ناتوانین سینەما پێش بخەین، تەنیا بە فلیم، چونکە پێویستمان بە شوێنو هۆڵی باش هەیە بۆ نمایشکردنی ئەو فیلمانە، لەم رووەشەوە وەزارەتی رۆشنبیریی لە پڕۆژەیاندایە بۆ دوو ساڵی داهاتوو سێ سینەما لە شارە گەورەکانی کوردستان، بەدیزاینی پڕۆفیشنەڵو چەندین هۆڵی رۆشبیریی لە شارە بچووکەکانو قەزاو ناحیەکان دروست بکەن».

ئەگەرچی بۆ بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێگەی شانازییە، کە نزیکەی (١١) ملیۆن دۆلاریان تەرخانکردووە بۆ بواری بەرهەمهێنانی فیلم، بەڵام بەشێک لەو پارەیە بەهۆی فەشەلهێنانی فیلمەکانەوە بەفیڕۆچووە، یان هەندێک لە فیلمەکان بەهۆی لاوازییانەوە بودجەکەیان خستووەتە ئاوەوە.

حسێن زارین، سەرۆکی تیپی هونەری زارین، دەڵێت: «بزووتنەوەیەک هەیە لە کوردستان، بەڵام بە پڕۆفیشناڵی ناڕوات، لەبەر ئەوەی کارنامەیەک نییە بۆ ئەوەی فیلم سازان، یاخود سینەماکاران لەسەری بڕۆن».

زارین، بڕوای وایە: ئەوەی بووەتە کێشەی هەموو جەماوەرو هونەرمەندان، نەبوونی هۆڵی سینەمایە، کە ئەمەش ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیرییو حکومەتو دەسەڵاتە، چونکە حکومەت نەک هەر خۆی نەیتوانیوە هاوکاریمان بکات، بەڵکو نەیتوانیوە بڕوا بە دەوڵەمەندو سەرمایەدارانیش بێنێت، بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدەنو سینەما دروست بکرێت.



# داواکاری گشتیی نیشتمانیو گرێکوێرەی سەر دڵی خەڵکی

**شێرکۆ عادل – لەندەن**

خەڵکی، رۆژانــەو لەسەر سفرەی ئێواران، لە پاش چاخواردنەوەی بەیانیان، لەناو پاس، لەسەر کار، لە پشوودا، تەنانەت لە خەویشیاندا، باس باسی گرێکوێرە نەکراوەکانی سـەر دڵیانە کە بەشێوە یاساییەکەی پێدەوترێت: (کێشە هەڵاوساوە ئاڵۆزە گشتییەکان)، ئەو کێشەو گرفتە گشتگیرییە چارەسەرنەکراوو شاراوانەن کە هەموومانی نارەحەتو بێتاقەتو هەراسان کـردووەو بـەردەوام بـەدوای وەڵامێکی گونجاوو ئاشکرای داوەریـدا دەگەڕێین بۆیان. سەرەداوی ئەم کێشە هەڵاوساوە گشتییانەیە کە وا لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی جیهاندا بوونەتە هۆکاری ئاڵۆزیی سیاسییو پشێوییو خۆنیشاندانو نارەزایەتییەکان تا ئاستی راپەڕینو گۆڕینی دەسەڵاتەکان.

هەموو کۆمەڵگایەک، کەم تا زۆرو بەپێی بارودۆخی ئابووریو سیاسییو کۆمەڵایەتی، کێشەو گرفتی تایبەتیو گشتی هەیە، ئەو کێشە گشتییانەی تووشی کۆمەڵگا دەبن لە بـوارە جۆربەجۆرەکانی ژیانی خەڵکیو لایەنە پەیوەندیدارە یاساییەکان لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسو ئاسایشو لێکۆڵەرەوە دادوەریـیەکـان بە دەستبەستراوەییو ناشەفافییەتو بێتوانایی گیردەخۆنو ناگەنە رێگا چارەسەرو ئاشکراکردنو کردنەوەی ئەو گرێکوێرانەو لە لای خەڵکی دەبێتە قسەو باسی گرێکوێرەکەو بـەدوای وەڵامێکی دادوەریـیو ئاشکراکردنی کێشە ئاڵۆزە گشتییەکاندا دەگەڕێن. دەتوانین دەیان نموونەی جۆربەجۆر لە بیرەوەرییەکانی هەریەکێکماندا ریزبکەینو باسی لێوە بکەین کە تا ئێستا بەبێ وەڵامیو ئاڵۆزیی ماونەتەوەو ئاشکرا نـەبوونو کەسو لایەنێکی دیاریکراوو داواکارەگشتییەکان، دەرەقەتی نایەنو یاسا لە بـەردەم ئەم کێشە گشتییە ئاڵۆزانەدا دەستەوەستان وەستاوەو خراوەتە ناو کارتۆنی ئەرشیفی لەبیرکراوەوە، بە نموونە: لەکۆتایی ساڵانی هەفتاکاندا لە شاری سلێمانی، دەیان منداڵ رفێنرانو بە سەربڕاوی دەدۆزرانـەوەو خەڵکی هەموو سەریان ئاوسا بوو، یان کەیسەکانی شەڕی ناوخۆ لە شارەکانداو تازەترین نموونەش کەیسەکانی سۆرانو سەردەشتن، نموونە زۆرن لە لای هەریەکێک لە ئێمە کە بەبێ وەڵامو بە نارۆشنیو شاراوەیی ماونەتەوەو لە هۆشو هەستی خەلکیدا پەنگیانخواردووەتەوەو لە کاتو سەردەمانێکی تردا بە توندی نارەزایەتیان لێدەکەوێتەوە.

ئالێرەدایە بۆ ئەوەی ئاڵۆزییو پشێوییو نارەزایەتیی خەلکی پەنگ نەخواتو توندوتیژیی لێنەکەوێتەوەو هەروەها خەڵکی بە متمانەوە بڕواننە دادوەریـی یاساو دەسەڵاتو گرێکوێرە ئازاراوییەکانیان بۆ بکرێتەوەو ئاسوودەییو ئارامیو متمانەی دادوەریـی بگەڕێتەوە تـای تـەرازوو، ئاشکراکردنو لێکۆڵینەوەو روونکردنەوەی دادوەریـیو سەربەخۆیی دادوەرییە لە رێگای کۆمسیۆنێکی سەربەخۆیی دادوەریی بەناوی (کۆمسیۆنی باڵای داواکاری گشتیی نیشتمانی) راستەوخۆ دەستبەکاردەبێت، لەو کەیسانەی چارەسەر ناکرێنو بەئاڵۆزیی دەمێننەوەو لەلای خەڵکی بە گرێکوێرەی سەر دڵ ناسراونو دەبنە مەراقیان.

کۆمسیۆنی باڵای داواکـاری گشتیی نیشتمانی، پێکدێت لە کەسایەتییە یاساییو مافناسو دادوەری پرۆفیشناڵ کە تەواو ئـازادو سەربەخۆن لە لێپرسینەوە لە بچووکترین کارمەند تا سەرۆک وەزیرانو سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی وڵات، بە هاوکاری تیمێکی مافناسی لە نوێنەرایەتی:

– نوێنەری پەرلەمان لە هەردوو لیستی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن.
– نوێنەری دادوەری وەزارەتی داد.
– نوێنەری رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ (حکومیو ئەهلی).
– نوێنەری کۆمسیۆنی راگەیاندنەکان.

دەبێت هەموو ئەم نوێنەرایەتییانە لە رووی یاساییو ئاستی مافناسییەوە بێت.

ئەم کۆمسیۆنو هەیئەتە باڵادەستو بەتوانایە، زۆر بەڕاشکاوانە کار دەکاتو سڵ لـە هیچ دەسـەڵاتـێـک نـاکـاتـەوەو تـوانـای لێکۆڵینەوەی هەیە لـە شتە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی دەوڵەتیو لێپرسینەوەی ئەرکەکانیانو لێکۆڵینەوەی یاساییو شیکردنەوەی رووداوە بە هەموو تێبینییەکانی لیژنەکانیانەوەو تەواو سەربەخۆو بێلایەن دەبن، لە لێکۆڵینەوەیان لە کێشە جۆربەجۆرەکان، بەتایبەت لە کێشە ئاڵۆزەکانی:

– کێشە گـەورە گشتییە سیاسییو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان.
– تـاوانـە گـەورەو ترسناکەکان لە کوشتنو خیانەتو گەندەلیی.
– شەڕی خۆکوژییو ناوخۆییەکان.
– لەپاش هەموو شەڕو کێشەیەک لەگەڵ سنووری دراوسێکاندا.
– کارەساتە سروشتیو نەخۆشییە قڕکەرەکان.
– کێشە ئەخلاقییە گەورەکان لەسەر ئاستە گەورەکان.
– لەگەڵ بابەتەکانی تردا... .


مەرج نییە لە هەموو کەیسێکدا پەنجە بخرێتە سەر تاوانبارانو دادگاییکردنیانو ئـەوەی گرنگەو جێگای مەبەستە لەم پرۆسەیەدا، بریتییە لە کردنەوەی ئەو گرێکوێرانە کە خەڵکی چاوی تێبڕیونو بـەدوای روونـکـردنـەوەو دادوەریـیو سەروەریی یاساو تێگەیشتنیانە لە کێشەکە، بۆ نموونە: لە لێکۆڵینەوەی دادوەریـی کەیسەکەی دایانا لە ئینگلتەرا، بۆ ئەوە نەبوو تاوانبار بدۆزرێتەوەو دادگایی بکرێت، چونکە رووداوی سەرخۆشیو پیاکێشانی ئۆتۆمبێل بوو، بەڵام گومانێکی زۆری لەلای خەلکی دروستکرد بوو، تەنیا لێکۆڵینەوەی یاسایی بوو لە رووداوەکە، ئەمەش خۆی بۆ خۆی تارادەیەک سەروەریی یاساو دادوەرێتی دەخولقێنێت.

لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی خوارووو بەگشتیی، چەندین کەیسی کۆنو نوێ هەن کە بوونەتە گرێکوێرەو خەلکی بـەردەوام قسەیان لەسەر دەکاتو لایەنە یاساییەکانیش دەرەقەتیان نایەنو لە ئاست ئەو کێشەو رووداوانـەدا بێدەسەڵاتنو لێکۆڵینەوەی پۆلیسو ئاسایشو دادوەرەکان لە کۆڵانێکی تەسکی داخراودا ماونەتەوەو تا رادەیەکیش بە هۆی نەبوونی سەروەریی دادوەرییو یاساوە پشتگوێخراونو لە لای خەلکی زۆر بەترسو نارەحەتی ماونەتەوەو لە بۆنەو رۆژەکانی تردا کاردانەوەکانیان بەدەردەکەونو هەمان کێشەی گەورەو گشتیی پەیوەندیداریش بە عێراقەوە دەمان بەستێتەوەو قسەو باسو کێشەی تر لە خۆ دەگرێت.

بۆ ئەوەی یاسا سەروەر بێتو دادوەریی تـای تـەرازوەکـەمـان راسـت بێتەوەو گرێکوێرەی سەر دڵی خەڵکی بکرێتەوەو ئـارامـیو ئاسوودەیی بۆ نـاو کۆمەڵگا بگەڕێتەوەو متمانەی دادوەریی لەناو خەڵکیدا بەرقەرابێتو هیچ کێشەیەک بەشاراوەیی نەمێنێتەوەو توندوتیژیی لێنەکەوێتەوە، پێویستییەکی زۆر راستگۆیانەمان هەیە بە بوونی کۆمسیۆنێکی سەربەخۆی دادوەریی هەمەلایەنەی بـەرفـراوان کە بتوانێت لێکۆڵینەوە لە گەورەترین دەسەڵاتو لایەنو هێز بکات، تا بە سەروەرییو دادپەروەرییانە، نەوەکانی داهاتوومان پەروەردە بکەینو لە بەردەم مێژوودا راستگۆو دادوەر بین بۆ کۆمەڵگاکەمان.

sherkoedel@hotmail.co.uk

# ئایندەی عێراقو کاریگەریی لەسەر کورد



**ئارێز ئەنوەر**

مـێـژووی دەوڵەتی عێراق، هەر لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ، هـەردەم پڕ بووە لە کێشەو ململانێی زۆرو هـەر لەسالـی (١٩٢٣) بــەدواوە، ئەگەر سەرنج بدەینە مێژووی ئەم وڵاتەو بە وردیـیو یەک لـەدوای یــەک، لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەکەیو رووداوە سیاسییەکانی بکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەر لەسەرەتاوە، وڵاتانی هەمەجۆر لە پێکهاتەی نەتەوەکانو دینو بیروباوەڕی جیاواز بـووە، ئەمەش وایکردووە کە بەدرێژایی مێژوو، ئەم وڵاتە ئارامیو سەقامگیریی بەخۆیەوە نەبینێت. لێرەدا نامەوێت لەوە زیاتر باس لە مێژووی عێراقو رووداوەکانی رابردوو بکەم، بەڵکو زیاتر دەمەوێت لەسەر چەند رۆژی داهاتوو بدوێم، بەتایبەتیش مەسەلەی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقی لە دوای هەڵبژاردنی (٢٠١٠/٣/٧)وە کە تا ئێستا نەتوانراوە ئەو حکومەتە پێکبهێنرێتو ئەگەر هاتوو حکومەت پێکهێنرا، رووداوەکان بەرەو کوێ دەڕۆن.

ئەگەر حکومەت پێکهێنرا، بەو شێوانەی کە لایەنەکانو وڵاتانی دراوسێو ئەمریکاو چەند لایەنێکی دیکە دەخوازن، ئاخۆ پێگەی کورد لەو حکومەتە نوێیەدا چۆن دەبێت؟ ئایا وەک ئەوەی کە هەموو ئەوانەی بە وردیی چاودێریی بارودۆخەکە دەکەن، کە بیروڕای زۆریان لەسەر ئەوە کۆکە کە کورد پێگەیەکی لاوازتری دەبێت لە رابردوو، ئەویش بەهۆی هاتنەناوەوەی چەند کیانو لایەنێکی دیکەی عەرەبی بۆ ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق، لەم حاڵەتەدا ئایا کورد دەبێت خۆشحاڵ بێت بەپێکهاتنی ئەم حکومەتە، یان نا؟. ئێمەی کورد، هەرگیز حەز بە نەهامەتی هیچ کەسو نەتەوەیەک ناکەینو نەمان کردووە، بەڵام خۆ ئەگەر لەترسی دووبارەنەبوونەوەی رووداوەکانی رابردوو، واش بیربکەینەوە، لەو باوەڕەدام کە رەخنەی زۆرمان لـێ نەگیرێت، خۆ ئەگەر پێکهێنانی حکومەتی عێراق لە ئاست ئاواتەکانی کورددا نەبێت، ئەوا پێکنەهاتنی باشترە، بۆچوونێکی دیکە هەیە کە ئەگەر لایەنە عێراقییەکان نەیانتوانی حکومەت پێکبهێنن، ئەوا نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر رۆشنایی راپۆرتی نێردراوەکەی، هەڵدەستێت بە دانانی حاکمێک بۆ عێراق، ئەویش پێشتبەستوو بەوەی کە عێراق تا ئێستا لەژێر بەندی حەوتەمدایە، ئەمە لای زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەو لایەنە عێراقییەکانەوە رەخنەی زۆری لێگیراوەو رەتدەکرێتەوەو هەندێک لایەن پێیانوایە، لەم حاڵەتەدا، عێراق تووشی شەڕی ناوخۆ دەبێتو ئاگری فیتنە زیاتر وڵات دەسووتێنێت.

کورد، لە داڕشتنەوەی پەیکەری عێراقی نوێدا لە دوای رووخاندنی رژێمی بەعس لە (٢٠٠٣)دا بەشداری کردو زۆرێک لە مافەکانی خۆی واز لێهێنا، یان دواخست تا بۆ دنیای بسەلمێنێت کە میللەتێکی ئاشتیخوازەو بیر لە تۆڵەسەندنەوە ناکاتەوە، کەچی بەپێچەوانەوە، لایەنەکانی دیکە وایان نەبینـیو ئەم هەنگاوەی کوردیان بەهەند وەرنەگرتو بگرە زۆر بـێچاوڕووانە دژایەتی خۆیان بە ئاشکرا راگەیاند بەرامبەر بە کورد، وەک پێشتر باسمکرد، ئێمە تەمەننای نەهامەتی بۆ هیچ کەس ناکەین، بەڵام خۆ ئەگەر خواکردی عێراق بەرەو ئەم ئاقارە رۆیشت، ئەوا لەم کاتەدا کەس لۆمەمان ناکات، ئەگەر هاتوو ئەوەی لەچەند سالـی رابردوودا براکانمان پێیان رەوا نەبینین، ئەم هەلە بقۆزینەوەو سوودوەربگرین لەو پشێوییەی وڵات بەبیانووی ئەوەی کە کوردستان هەرێمێکی ئارامەو بۆ بەرگرتن لە گواستنەوەی ئاگری شەڕی ناوخۆ، ناوچەکانی خۆمان قایم بکەینو ئەوەی لەماوەی رابردوودا بۆمان نەدەکرا، بەو بیانووانەوە بتوانرێت بەدەستی بهێنین، چونکە چەند جارێک هەلـی وا بۆ کورد رێککەوتووە، بەڵام بەداخەوە، نەیتوانیوە سوودی لێوەربگرێت، بەڵکو ئەم جارە بتوانرێت، خەونەکانمان بەدی بهێنرێن.



# کردار شەرتە!

**ئاوارە حەمید**

رۆژی(٧/١٩)، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێکی درەنگکەوتوو، دوای زیاتر لە سێ ساڵ بەقاچاخبردنی نەوتی خاوی کوردستان، بڕیاری راگرتنی ئەو بەقاچاخبردنەی راگەیاند. بڕیارەکەی حکومەت دوای ئەوە هات کە لە میدیا جیهانیو نێوەندە سیاسییەکاندا، دەنگۆی بەقاچاخبردنی نـەوتـی کوردستان، پەرەیسەند.

بڕیارەکەی حکومەتو کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیراندا بۆ ئەو مەبەستە، دانپیانانێکی بێپێچو پەنا بـوو، بـەوەی کە نەوت بەشێوەی قاچاخ ئاودیوی ئێران دەکرێت.

بـڕیـارەکـەی حـکـومـەت، جـۆرێـک لـە پـەلـەپـەلـیو تـرس لـەکـاردانـەوە نێودەوڵەتییەکانی پێوە دیارە بەتایبەتی کە دەوڵەتی ئێران، ئابلوقەیەکی نێودەوڵەتی لەسەرە.

ئۆپۆزسیۆنی کوردستانیش، لە هـەوڵـدایـە بـۆ ئـەوەی چیتر سامانی نیشتمانی هـەرزانـفـرۆش نەکرێتو سـەرچـاوەی داهـاتـەکـەشـی بەتاڵان نەبرێت. هاوکات، سەرۆکی حکومەت لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی هاوڵاتیدا کە بەم دواییە ئەنجامدراوە، نایشارێتەوە کە تا ئێستا دەسەڵاتی حیزب کاریگەریی بەسەر رەوتـی چالاکیو بڕیارەکانی حکومەتەوە هەیەو کەمال کەرکوکی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیش رای گەیاندبوو کە حیسابی بانقی لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کـراوەتـەوەو وەزیری داراییش لە رۆژنامەی چاودێردا، ئـەوەرەتـدەکـاتـەوە کە داهاتی نەوتی فـرۆشـراو، بچێتە خەزێنەی یاسایی وەزارەتەکەیەوە.

بۆ نزیکەی مانگێک دەچێت، حکومەت بڕیاریداوەو جێبەجێ نەکراوە، ئۆپۆزسیۆن نارازاییەو بە بەردەوامی پێداگری لەسەر راگرتنی پرۆسەی بەقاچاخبردنی نەوت دەکـات، رای گشتی نیگەرانەو گوێی پێنادرێت. هەموو لایەک کۆکن لەسەر راگرتنی بەقاچاخبردنی نـەوت، بەڵام هێشتا ناردنەدەرەوە درێژەی هەیە.

(حکومەت، ئۆپۆزسیۆن، خەڵک) یەکدەنگن، بەڵام ئەمە چ هێزێکە کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت، بەبێ گوێدانە نارەزایەتیی گشتی، مل نادات و گـوێ ناگرێت؟ ئـەوە چ دەسەڵاتێکی زەبەلاحە کە لە سـەرووی حکومەتو یاساوە کار لە حکومەت تێکدەداتو بەردەوامیش خەڵکی نیگەران کردووە؟

دەرفەتێکی گرنگە کە ئەمجارە خەڵکی کوردستان، بێتە سەر شەقامو بەبێ گوێدانە ئینتیمای سیاسیی، پشتیوانی لە بڕیارە پۆزەتیڤەکەی حکومەت بۆ راگرتنی ئەو قاچاخچێتییەی هێشتا درێژەی هەیە، بکەن. ئەمجارە حکومەتەکەمان، دوور لە دەسەڵاتی خۆیو بەبێ ویستی خۆی، لە تەنگژەو لە دۆخـی بێبەهاکردنی بڕیارەکانیدایە، بەتایبەت کە بڕیارەکەی لە بەرژەوەندیی خەڵکدایەو جێبەجێکردنی داواکارییەکی گەورەی ئۆپۆزسیۆنیشە.

رێکخستنی خۆپیشاندانێکی لەم جۆرە، پێچەوانەی هەموو خۆپیشاندانێکی تر، دژی حکومەت نییە، بەڵکو پشتیوانیکردنە لە حکومەت، میدیاکانی حیزبو ئەوانەی سێبەرەکەشی ناتوانن وەک هەموو جارێک وەک دەستی دەرەکیو ئاژاوە، بیناسێننو بێگومان، ئاسایش پارێزەری دەبێتو بە تەقەکردن وەڵامـی نـاداتـەوە، وەک بەشێک لە پرۆسەی هەوڵدان بۆ پاراستنی ئاسایشی ئابووری لێی دەڕوانن.

ئەمە دەرفەتێکی پڕبایەخ دەبێت کە جەنابی سەرۆکی حکومەتیش، پێش خۆپیشاندنی جەماوەر بکەوێتو دروشمی (نا بۆ دەسەڵاتی حیزب)بەرزبکاتەوەو ئەو کات بەدڵنیاییەوە، تێدەگەین کە سەرۆک چەند جدییە لە ئاست بەجێهێنانی خواستەکانی خەلکو ئەو گومانەش کۆتایی دێت کە خۆی بەشێک بێت لە پرۆسەی حیزباندنی حکومەتو بەقاچاخبردنی نەوتی کوردستان، بەڵکو ئەو بەکردار، نەک هەر بە بڕیار، لەگەڵ خەڵکدایە.

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای وشە
سەرنووسەر: ئازاد چالاک
بەڕێوەبەری نووسین
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
–
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com
دابەشکردن: کۆمپانیای پەیپەر ٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١ ٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠
ئۆفیسی سەرەکیی: سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە
ئۆفیسی هەولێر: گەڕەکی زانکۆ – چوارڕێیانی حەمرین – تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە ٠٧٥٠١١٧٧٥٢٤

# سەرکردە مۆنۆپۆلیزمەکان



عوسمان عەسکەری

هەڵە نییە ئەگەر بڵێین، زۆربەی کردە سیاسییەکانی حیزب لە هەرێمی کوردستان، پەیوەستن بە تیوری موئامەرە لە دژی یەکدی، چونکە حەقیقەتی کردەی سیاسیی دەسەڵاتەکانی هەرێم، هەوڵدانە بۆ داگیرکردنی ئازادیی مرۆڤ و سەنترالیزەکردنی حیزبایەتی و دروستکردنی سیستمی قەیسەری، بەوهۆیەوە کۆمەڵگەی کوردی بە دۆخێکی مەترسیداری بندەستی قاچاخچیی نەوت و تاڵانچیی سامانی کوردستاندا گوزەر دەکات. لەم هەرێمە، مافی هاوڵاتی بوونی نییە،ماڵی گشتی و دامودەزگاکانی حکومەت، پۆلیس و ئاسایش، زانست و فێرگەکان، زانایان و مامۆستاکان، کۆمپانیازەبەلاحەکان، ژیانی تایبەت و کۆی جومگەکانی بژێویی کۆمەڵگەو تاکەکانیش، لە سەرتاشینەوە تا کڕینی پێڵاوەکانیان، کەوتوونەتە ژێر کاردانەوەی هەیمەنەی سیاسەتی چەوتی شەرمئاوردەی حیزب و خێڵەوە.

مرۆڤ بە ساناییی تێناگات، بۆچی حیزب هەوڵدەدات ژیانی تایبەتی خەلک ئاوێتەی سیاسی بکات، لێ ئەوان دەخوازن لەو ڕێگەیەوە تاکی کورد بکەن بە کۆیلەو وێنەیەکی ناشیرین بگەیەننە فەلسەفەی سیاسەت و بڕوای کۆمەڵگە لە هۆشیاریی سیاسی و خۆشەویستی بۆ کوردستان دوور بخەنەوە. سەنترالیزەکردنی سیاسەتی خێڵ، پیادەکردنی ڕەفتاری چڵکن و زیانبەخش، تەنیا تاڵانکردنی سامانی خەڵک و کاولکردنی کوردستانی لێدەکەوێتەوە کە دواتر بەشێک لە خودی ئەو سامانە دزراوە بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی مانا ڕەسەنەکەی سیاسەت کە بریتییە لە خۆڕێکخستن و ململانێی شارستانی، وەک هۆکار بۆ گەیشتن بە ئامانج و پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی، لای خودی گەل مایەپووچ بکەن، ئەوکات بتوانن لە سایەی کۆمەڵگەیەکی گەوجدا، پشتاوپشت درێژە بەدەسەڵاتی تاکڕەوی، قەیسەری و دیکتاتۆری خۆیان و داگیرکردنی سامانی کوردستان بدەن، لێ هزری تاک لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەی کوردیدا، تایبەت، یان گشتی بێت، ئێستا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بە پەنجەکانیان، هێمای تاوان بۆ ستەم و ئاودیوکردنی سامانی نەوەکانی ئایندەمان درێژ بکەن و لە بەرامبەردا، دەسەڵات جگە لەبەکارهێنانی سزاو گوتەی پوچ، هیچ ئەرجومەنتێکی لۆجیکیی ئەخلاقیی بەدەستەوە نییە بۆ ئەوەی ئارامییەک بەخواستە ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی نیشتمانێک بگەیەنێت کە پاشماوەی زیاتر لە (٨٠)ساڵ جەنگ و ماڵوێرانییە، لێ ناخوازێت وڵاتەکەی تاڵان و هەراج بکرێت.

باجی هەڕاجکردنی نەوتی نەوەکانی ئایندە، ئەوەندە گەورەیە کە نەک تەنیا سامان و موراڵی تاکی کورد لەم هەرێمە ئەنفال دەکات، بەڵکو سەرجەم گەلی کورد دووچاری شکستی سیاسیی دوورمەودا دەکات. لە وڵاتە شارستانییەکان، حەقیقەتی سیاسەت ڕێبازێکە کە مرۆڤ هەم بە تیوری و هەم لە پراکتیکدا، وەک هۆکارێک بۆ داڕشتنی نەخشەی ژیانی کۆمەڵگەو پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی و گەیشتن بە عەدالەت، یەکسانی، ئازادی و ژیانێکی شارستانی بۆ هەموان، مانایەکی جوان بە دەسەڵات بگەیەنێت، لەبەر ئەوە بۆ هەر کردەیەکی سیاسی، یان بازرگانی، ستراتیژی و گرنگ بێت، یان پێچەوانە، سنوور بۆ کردەو بکەرەکە دیاری دەکرێت. کارڵ بیلد، لە ساڵی(٢٠٠٦)و دوای ئەوەی پۆستی وەزیری دەرەوەی سوێدی گرتە دەست، ناچار کرا سەرجەم ئەو پشکانە بفرۆشێت کە پێشتر لە لوک ئۆیلی ڕووسیدا کڕیبوونی. لۆجیکی بکەری سیاسی لەکردەی سیاسیدا، بریتییە لە شەفافییەت و ڕەوایی هۆکارەکانی کردە سیاسییەکان لەپێناو گەیشتن بە ئامانج لە بەرژەوەندیی گشتیدا، لێ سەرکردە مۆنۆپۆلیزمەکانی کوردستان، کردەی سیاسی لەخزمەتی کۆمپانیاو گرێبەستی بازرگانی خۆیاندا بەکاردەبەن.

لە دونیادا، حەقیقەتی مۆراڵی سپاسی، چڵکن و خاوێن، جوان یان ناشیرین نییە، بەڵکو تایبەتە بە پەروەردەی کەسایەتیی خودی سیاسەتکارەوە کە لەوڵاتە دواکەوتووەکاندا، مۆراڵی ئەو سیاسەتکارەی کە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، هاوشێوەی زۆرێک لە سیاسەتکارە مۆنۆپۆلیزمەکانی هەرێمی کوردستان حوکم دەکەن، لێ حەقیقەتی نۆرمی هەر کردەیەکی سیاسیی لۆجیک، لەسەر کاردانەوەو هۆشیاریی سیاسیی جەماوەر دامەزراوە. نەرویجییەکان، لەپێناو دابینکردنی گەرەنتی پێشکەوتنی نەوەکانی ئایندەیاندا، ڕێگە نادەن حکومەتەکەیان نەوتی وڵاتەکە بەلێشاو دەربهێنێت، لێ سەرانی کورد لەپێناو بڕێکی کەم لەو داهاتە، بەبێ گوێدانە چارەنووسی نەوەکانی ئایندە، دەخـوازن ژێر زەویی کوردستان لە نەوت خاڵی بکەن، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە، خەڵکی کوردستان، هاوشێوەی نەرویجییەکان، کاردانەوە لە کاردانەوەدا لە خزمەتی ئامانجی گشتیدا ئەنجام بدەن، حەقیقەتە شاراوەکان ئاشکران، ڕای گشتی لە دژی دەرهێنانی سامانی نەوەکانی ئایندە دروست بکەن.

# خوێندنەوەی سیاسەتی تورکیی- کورد لەڕێگەی وەزیری دەرەوەی تورکیاوە



مەحمود ڕەزا ئەمین

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، زمانحاڵی (ی.ن.ک) لـــــەســـــەر لاپەڕەکانی (١٧-١٩)ی ژمارە (٥٢٣٥)ی ڕۆژی ٢٠١٠/٧/٢١دا وتارێکی بە کوردی کراوی پڕۆفیسۆر ئەحمەد داود ئۆغلوی، وەزیری دەرەوەی تورکیای بڵاوکردووەتەوە (ک.ن) بابەتەکەی لە ژمارەی ڕۆژی ٢٠١٠/٧/٨ی گۆڤاری (شەرقنامە) وەرگرتووە.

وتارەکەی بەڕێز ئۆغلو، بابەتێکی گەلێک گرنگەو بۆ سیاسییەکانی کـورد خوێندنەوەو درککردنی ناوەڕۆکەکەی پێویست و گرنگترە، چونکە بە وردیی و ڕۆشنی وێنای سیاسەتی دەرەوەی وڵاتی تورکیای کردووە.

وتارەکە لەسەر ئاستی دنیاو ناوچەکە ستراتیژیی تورکیا، میکانیزمی کـاری دیبلۆماسیی و ناوچە ستراتیژیی و جیۆستراتیژییەکانی تورکیای دیاری کردووە.

ناونیشانی وتارەکە بریتییە لە: (سیاسەتی تورکیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست)، ئۆغلو بابەتەکەی کردووە بە (٤) بەشەوە:

بنەماکانی سیاسەتی نوێی دەرەوەی تورکیا؛ سیاسەتی تورکیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا؛ پەیوەندیی نێوان تورکیاو میسرو، ئەنجامگیریی.

لەم وتارەدا هەوڵئەدەم لە باری سەرنجی خۆمەوە، لەڕێگەی وتارەکەی بەڕێز ئۆغلووەوە، سیاسەتی وڵاتی تورکیا بەرامبەر کێشەی کورد لە باشوورو باکووری کوردستان بخوێنمەوە:

## (١)
## سیاسەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان

چاودێرانی ڕەوشـی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان ئاسان درک ئەکەن کە لەدوای ئەوەی بەڕێز ئۆغلو پۆستی وەزیری دەرەوەی تورکیای وەرگرتووە، گۆڕان بەرەو ئارامکردنەوە بەسەر پەیوەندیی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستاندا هاتووە، پێش ئۆغلو هەڕەشەو وتاری ئاگرین سیمای پەیوەندیی نێوان ئەم دووە بوو.

هەر لە سەردەمی ئۆغڵودا ژمارەیەک وەزیری تورکیایی، بە بەڕێز ئۆغلو خۆشییەوە سەردانی هەرێمیان کردووە، جارێکیش ئەنکەرە پێشوازیی لە مەسعود بارزانیی سەرۆکی هەرێم کرد.

لێ، بەڕێز ئۆغلو لەم وتارەیدا دوورو نزیک باسی پەیوەندیی نێوان ئەنکەرەو هەولێری نەکردووە، ئەو تەنیا باسی پەیوەندیی نێوان تورکیاو عێراق ئەکا، ئەو لەژێر ناونیشانی (سیاسەتی تورکیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا) ئەپرسێ: بۆچی دابەشبوونی عێراق بۆ تورکیا کێشەیەکی مەترسیدارە؟ لەژێر هەمان بابەت و لەژێر پرەنسیپی سێیەمی کاری دیپلۆماسیی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شەرحی (تكامل اقتصادی) نێوان وڵاتانی ناوچەکە ئەکا.

من وای ئەخوێنمەوە، ئەگەر ئەو دوو بۆچوونەی ئۆغلوو، بە دەوری خۆی، سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لێک گرێ بدەین، ئەم دوو هاوکێشەیەمان بۆ دەرئەچن:

١- تورکیادژیسەربەخۆییهەرێمیکوردستانە (ئەمە بەدیهەیە)، بۆ ئەوەی ڕێگە لە سەربەخۆیی ئەم هەرێمە بگرێ، لە باتی شەڕو شۆڕ کە ئەنجامیان نادیارە، ئەیەوێ لەڕێگەی وەبەرهێنانەوە ئابووریی هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵ بکا، هەرکاتێ دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم ئازایەتی و توانای جیابوونەوەی پەیدا کرد، تورکیا لەڕێگەی شەلەلکردنی ئابووریی هەرێمەوە پەکی ئەخا، بۆیە دەسەڵاتدارانی تورکیا بایەخێکی زۆر بە وەبەرهێنان ئەدەن لە هەرێم. دەسەڵاتدارانی کوردیش ئەگەر دلسۆزی گەل و نیشتمانەکەیان بن و قازانجی مادیی کۆمپانیاکانی خۆیان ئامانجی هەوەڵ و ئاخریان نەبێ، ئەبێ وریا بن کوردستان نەکەن بە کۆلۆنیی ئابووریی وڵاتانی دەوروبەرو دنیا.

٢- تورکیا بڕوای بە چارەسەری کێشەی نەتەوەیی نەتەوەی کـورد نییە، وای لێک ئەداتەوە کێشەکە کێشەیەکی ئابوورییەو لەڕێگەی بووژاندنەوەی ئابووری و (تكامل اقتصادی)ـی وڵاتانی ناوچەکەوە لەبەین ئەچێ. ئەم بیرکردنەوەیەی بەڕێز ئۆغلوو تورکیا جووتە لەگەڵ گەوهەری پرۆژەی (خۆرهەڵاتی ناوینی گەورە)ـی جۆرج دەبلیو بوشی کوڕ، کە ئەو بۆ مەبەستی قەبووڵکردنی ئیسرائیل لەناو مەنزومەی عەرەبی- ئیسلامیی دا تەرحی کرد، ئەمیش بەنیازی کوشتنی «خەونی شاعیرانەی کورد» تەرحی ئەکا.

بەڕێز ئۆغلو، ئەگەر وەکو خۆی نووسیویەتی، بـڕوای جێگیری بە سیاسەتی کرانەوەو دیالۆگو چارەسەری کێشەکانی ناوچەکە هەبوایەو سەردانەکانی لێپرسراوانی تورکیا بۆ هەرێم و داوەتکردنی بارزانی بۆ تورکیا، تاکتیک نەبوونایە، ئەبوو بێ سلەمینەوە، بە ڕۆشنی باسی پەیوەندیی نێوان هەرێم و تورکیاشی بکردایە.

من بۆ خۆم بڕوای تەواوم بە کرانەوەو دیالۆگو لێک تێگەیشتن و دان بەیەکدا نان و یەکتر قەبووڵکردن و پێکەوەژیان هەیە، بەڵام نابێ دەسەڵاتدارانی هەرێم ئەوە فەرامۆش بکەن کە کرانەوەی تورکیا بەڕووی هەرێمدا هێشتا تاکتیکە، نەک ستراتیژ، یەکێک لە بەڵگەکانیش ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی تورکیا وەکو سەرۆکی خێڵ پێشوازییان لە مەسعود بارزانیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کـرد، نەک وەکـو سەرۆکی هەرێمێکی شەرعیی- دەستووریی دان پیانراو، بەڵگەیەکی تریشیان ئەوەیە کە یەکلایەنە تورکیا ئابووریی هەرێم دا ئەدۆشێ.

## (٢)
## سیاسەتی تورکیا بەرامبەر کێشەی نەتەوەیی کورد لە تورکیا

پامالکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە تورکیا بووە بە گەورەترین کێشەو تەحەدی لەبەردەم تەواوی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی تورکیا دا، یەکێک لە هۆیەکانی خراپیی باری ئابووریی تورکیا کێشەی چارەسەر نەکراوی کـوردە، ئەم پرسە هۆیەکە لە هۆیەکانی وەرنەگرتنی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا، وڵاتانی دراوسێ یان ئەمریکاو ئەورووپا گەر بیانەوێ بۆ مەبەستێکی دیاریکراو دەست لە کاروباری ناوخۆی تورکیا وەربدەن، یان گوشار بخەنە سەر حوکمەتی تورکیا، کێشەی چارەسەرنەکراوی کورد بیانوویەکی ئامادەیە بە دەستیانەوە، لەم دواییانەدا سەبارەت بە هەڵویستی تورکیا لە شەڕی غەزەو لە پەلاماردانی کەشتیی ئاشتیی لەلایەن ئیسرائیلەوە، ئیسرائیلییەکان بە تورکەکانیان وت: ئەگەر ئەوەندە دیموکراتین بۆچی کێشەی کورد لە وڵاتەکەی خۆتان چارەسەر ناکەن؟

چارەسەر نەکردنی پرسی کوردو ئینکارکردنی بوونی نەتەوەیەک بەناوی کورد، وەکو دەستووری تورکیا ئینکاری ئەکا، تورکیای دووچـاری قەیرانی جۆراوجۆر کـردووە، بەڕێز ئۆغلو لەم وتارەشیدا نەیوێراوە ڕاستەوخۆ خۆی لە قەرەی ئەم پرسە بدات.

بەش بە حالی خۆم ساڵانێکی زۆرە تێبینی جۆراو جۆرم لەسەر سیاسەتی پارتی کرێکارانی کوردستان هەیە لە ساڵی (١٩٩٢)وەوە وتارم لەسەر سیاسەتی ناجۆری پەکەکە نووسیوە)، بەڵام ناکرێ بتەوێ کێشەی کورد لە تورکیا بەڕێگەیەک لەڕێگاکان چارەسەر بکەیی و پەکەکە فەرامۆش بکەی، کەچی تورکیا نەک دان بە پەکەکەدا نانێ، بەڵکو بە درێژایی خەت بە هێزێکی تیرۆرستیی لەقەڵەم ئەداو ماکینەی ئیعلامیی و هونەریی تورکی شەوو ڕۆژ لە هەوڵی بوغزاندنی پەکەکەو بوغزاندنی کوردی باکوور دایە (زنجیرە تەلەفزیۆنییەکانی بێریڤان و الارض الطیبة، وادي الذئاب و ... هتد) لەو هەوڵانەن کە دەسەڵاتدارانی تورکیا بۆ بوغزاندن و دێواندنی کورد پشتیان پێ ئەبەستن.

لەم وتارە دوورودرێـژەدا بەڕێز ئۆغلو تەنیا دوو جار ناوی پەکەکەی هێناوە: جارێک وەکو هەوێنی ناکۆکییەکانی نێوان تورکیاو سوریاو، جاری دووەمیش وەکو هەوێنی کۆکردنەوەی تورک و عەرەب بەگشتیی لە بەرامبەر خەتەری پەکەکە لەسەر ناوچەکە (؟!). جارێکیش بەبێ ناوهێنان سیفەتی تیرۆرستی داوەتە پالی: «...لە ساڵی (٢٠٠٧)دا ئیرادەو هەوڵەکانی تورکیا لەپێناوی پارێزگاریکردن لە ئازادییەکان تووشی تاقیکردنەوەیەکی قـورس هاتن، چونکە لەلایەک ڕووبـەڕووی مەترسیی و هەڕەشەکانی تیرۆریزم ببووەوە، لەلایەکی دیکەش پەرۆشی ئەوەبوو پانتایی ئازادییەکان بپارێزێت، بێ ئەوەی بەرتەسک بکرێنەوە».

بەڕێز ئۆغلو سەبارەت بە بنەماکانی سیاسەتی نوێی دەرەوەی تورکیا، شەش پرەنسیپی ژماردووە، پرەنسیپی یەکەم، بریتییە لە (ڕاگرتنی هاوسەنگیی لەنێوان دابینکردنی ئاسایش و دابینکردنی ئازادیی)دا، شانازیش ئەکا، کە تورکیا توانیویەتی زۆر بە باشی ئەم هاوسەنگییە ڕاگرێ، بەڵام دنیا ئەزانێ کە دەسەڵاتدارانی دادو گەشەپێدان ئەگەر نەڵێین هەزاران، ئەوا سەدان منداڵی کوردیان بە بیانووی تیرۆرو تیرۆرستییەوە لە زیندانەکان توند کردووە، جا بەڕێز ئاغای ئۆغلو، یان ڕاست ناکا کە ئەڵێ توانیویانە بە باشی ئەو هاوکێشەیەی نێوان ئازادیی و ئاسایش ڕاگرن، یاخود کورد بە مرۆڤ نازانێ، بۆیە گرتن و زیندانیکردنیشیان بە پامالکردنی ئازادیی نازانێ.

بـەڕێـز ئۆغلو سـەبـارەت بـە جێگەو پێگەی تورکیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەڵێ: تورکیا لە یەککاتدا مۆدێلێکی بچووککراوەی باڵکان و مۆدێلێکی بچووککراوەی کافکاس و مۆدێلێکی بچووککراوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیشە. شانازیش ئەکا کە سەرەڕای نە-هاوسنووریی نێوان تورکیاو بۆسنەو هەرزەگۆڤیناو کۆسۆڤۆ، کەچی لیقەوماوەکانی هەموویان لەباتی ئەوەی ڕاکەن بۆ بەرلین، پەنایان بردووەتە بەر ئەدەرنەی تورکیا، بەڵام بەڕێز ئاغای ئۆغلو لەخۆی ناپرسێ: ئەی بۆچی لیقەوماوەکانی باکووری کوردستان لە دیاربەکرو ماردین و عەینتاب و ...هتد هەڵدێن و پەنا ئەبەن بۆ بەرلین و کەمپی مەخموورو شاخەکان؟

بەڕێز ئۆغلو بۆ سیاسەتی تورکیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست چوار پرەنسیپی ژماردووە، لەژێر پرەنسیپی یەکەمدا نووسیویەتی: «بەرقەرارکردنی ئاسایش و زامنکردنی بۆ هەر کەسێک بەبێ جیاوازیی لەنێوان گروپێک و گروپێکی دیکە، لەنێوان هەر دەوڵەتێک و دەوڵەتێکی دیکەدا». ئۆغلو ئەگەرچی ناوی گروپ و دەوڵەتەکانی نەهێناوە، بەڵام چاودێرانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا ئەزانن، کە مەبەستی ئۆغلو لەم دەستەواژەیە (ئیسرائیل- عەرەب و حەماس- ئیسرائیل)ە، لێ، تورکیا نیازی نییە، یان ئازایەتی ئەوەی تیا نییە دان بە بوونی نەتەوەی کوردو کێشەکەیدا بنێ و بەڵێن بدا مافەکانی و ئاسایشی بۆ دابین بکا.

لـــەلای ئـاغـای ئۆغلو دووەمـیـن پرەنسیپی سیاسەتی تورکیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بریتییە لە: «بـەرزکـردنـەوەی ئاستی دیالۆگی سیاسیی تا ئەوپەڕەکەی»، ئەمە لەڕووی تیۆرییەوە پرەنسیپێکی جوان و پێویستە، تورکیا ئەگەر لە ناوخۆی وڵاتەکەی خۆیدا ئەم پرەنسیپە جێبەجێ بکا، گەورەترین قازانج بە تورکیاو دانیشتوانەکانی دەگەیەنێ، لێ کە مرۆڤ درێژەی مەبەستی ئاغای ئۆغلو ئەخوێنێتەوە، دوورو نزیک بەلای دیالۆگی نێوان دوو نەتەوە سەرەکییەکەی تورکیا (تورک- کورد)دا ناچێ.

پەندێکی کوردی ئەڵێ: «کەچەڵ ئەگەر دەرمانساز بوایە، دەرمانی سەری خۆی ئەکرد»، منیش لە بەڕێز ئۆغلو ئەپرسم: ئەگەر بەڕاست ئەوەندە پرەنسیپی دیالۆگتان پێ گرنگە، ئەی بۆچی دیالۆگی ستراتیژیی، نەک تاکتیکی لەگەڵ گەورەترین نەتەوەی بێ ئاڵای سەرزەمین کە دراوسـێ ماڵ و دراوسـێ نیشتمانی خۆتانە، دەست پێ ناکەن؟


بەڕێز ئۆغلو سەبارەت بە ڕۆڵی ئیجابی و ناوبژیوانیی تورکیا لەمەڕ کێشەکانی: (فەلەستین-ئیسرائیل، دارفور- سودان، لوبنان، بالکان، ئێران- کۆمەڵی ناودەوڵەتی)و هی تر، شانازیی دەرئەبڕێ و ئەنووسێ: «ئەو سیاسەتە بنیاتنەرانەو دلسۆزانەیەی تورکیا بۆ دابینکردنی ئاشتیی نیشانی داوە بووەتە مایەی ئەوەی هەوڵەکانی بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی لە ناوچەکە بەرەو ناوچەی ئەفرۆ- ئاسیاش پەلوپۆ بهاون».

ئەوەی بەڕێز ئۆغلو لەو دوو دێڕەدا دەری بڕیوە، فاکتە، بەڵام لێرەدا پەندێکی تری کوردی بیر ئەخەمەوە: «تا ماڵ وەستابێ مزگەوت حەرامە»، ئەرێ ئەگەر ئاشتی گەلان ئەوەندە گرنگە، کە گرنگە، ئەی بۆچی تورکیا لەناوخۆی وڵاتەکەی خۆی نایهێنێتە دی؟ ئاخۆ ئاشتیی نێوان عەرەب- ئیسرائیل، سودان- دارفور قازانجی بۆ تورکیا زیاترە لە ئاشتیی نێوان تورک و کورد؟ یان ڕێگریی سایکۆلۆژیی، زمان و قەڵەمی ئاغای ئۆغلوی قفلداوە.

بەڕێز ئۆغلو لە بەشی (پەیوەندیی نێوان تورکیاو میسر)دا باسی خێروبێری سڕینەوەی ئاسەواری سایکۆلۆژیی خراپی نێوان هـەردوو وڵاتی میسرو تورکیا ئەکا. تورکەکان ئەگەر بیانەوێ وڵاتێکی ئارام و دیموکراتیان هەبێ، ئەبێ بە جورئەتەوە دان بە کێشەی کوردو بوونی کوردو پوونی کوردستاندا بنێن و هەوڵ بدەن، وەکو چۆن هەوڵیانداوە لەنێوان میسرو خۆیاندا نەیهێڵن، ئـاواش هەولیان بدایە ئاسەواری خراپی سایکۆلۆژیی لە دەروونی تورک و کورددا نەهێڵن، چونکە ئەگەر تورکیاو میسر دوو دەوڵەتی نە-هاوسنووری یەکتر بن، ئەوا تورک و کورد دوو نەتەوەی دراوسێن، قەدەر کردوونی بە هاوسنووری یەکتری، تا دنیا دنیابێ بە دراوسێی یەکتر ئەمێننەوە، بۆیە ئاقڵانی ناو ئەم دوو نەتەوەیە ئەوانەن، کە کار لەسەر دان بەیەکتردانان و پەیوەندیی دۆستایەتی هاوشان و دراوسێیەتی باش و پێکەوەژیانی ئاشتیانە ئەکەن.

تورکەکان، هەروەکو عەرەبەکان و فارسەکان تووشی ئیشکالییەتێکی گەورە هاتوون، ئاغای ئۆغلو لەژێر پرەنسیپی چوارەمی سیاسەتی وڵاتەکەی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست باسی فرەیی کلتووریی و یەکتر قەبووڵکردن ئەکا، لێ سەیر لـەوەدایـە لە ناوخۆی وڵاتەکەی خۆیاندا پێچەوانەی ئەم پرەنسیپە هەڵسوکەوت ئەکەن، ئەگەر دەسەڵاتدارانی تورکیا بە ڕەسمیی و لەڕێگەی هەمووارکردنی دەستورەوە دان بە بوونی نەتەوەی کورد جیاوازیی کلتووریی ئەم نەتەوەیەدا نەنێن، ئەم پرەنسیپە ناتوانێ بچووکترین خزمەت بە باری ناوخۆی تورکیا بکات.

# بۆ لیبراڵەکانی ناو پارتی


فازڵ نەجیب

بەڕێز فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی، داوایەکی یاسایی لەسەر کۆمپانیای وشەو بەڕێزان (نەوشیروان مستەفا، ئازاد چالاک، سیروان ڕەشید) تۆمار دەکاتو ئامانجی ئەوەیە وەک قەرەبوو یەک ملیار دۆلار بەدەستبهێنێت، لێرەدا هەندێک خاڵ دەخەینەڕوو، کە جێگای تێبینین:

١. بەڕێز سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی بەپێی یاسای سزادانی عێراقی داواکەی تۆمارکردووە،لەکاتێکدا پارتی شانازییان بە یاسای ڕۆژنامەگەرییەوە دەکردو دەیانوت بەڕێز مەسعود بارزانی، «سەرۆکی پارتیو سەرۆکی هەرێم» ڕۆڵی ئیجابیی هەبووە تێیدا، ئێستا خێرە کاک فازڵ میرانی بەو یاسایەی کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، کارناکات؟، ئەگەر حیزبەکەی سەرۆکی هەرێم ڕێز لە یاساکانی پەرلەمانی کوردستان نەگرێتو کاری پێنەکات، جێگای خۆیەتی بپرسین جەنابی سەرۆکی هەرێم، پەرلەمانو یاسای بۆ کێ دەوێت؟.

٢. بەڕێز میرانی وەک قەرەبوو داوای یەک ملیار دۆلار، واتە نرخی (٣٣) هەزارو (٣٣٣) سەیارەی مۆنیکای کردووە، ئەمەش یەکەمین داوای یاساییە لەسەر زەویدا لە دژی ڕۆژنامەنووسێک تۆماربکرێتو داوای ئەو پارە زۆرەی کردبێت. سکرتێرەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی لەوەیە بیری نەکردبێتەوە کە خەبەرێکی لەوجۆرە چۆن دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕییو چۆن لەسەر حیزبەکەی دەکەوێت، ئاخر هیچ جارێک نەبووە کە بەرپرسە گەورەکانی پارتی قسەیان بۆ ڕۆژنامە بیانپیەکان کردبێتو پاشان ڕوونکردنەوەیەکیان بڵاونەکردبێتەوە، کەگوایە ڕۆژنامەنووسەکە زانیارییەکانی بەهەڵە بڵاوکردووەتەوە، خێرە سکرتێرەکەی مەکتەبی سیاسیی تائێستا نەک دەعوا، بگرە ڕەخنەیەکی جدیشی لەو ڕۆژنامەنووسانە نەگرتووە، کەچی داوای پارەی (٣٣) هەزارو (٣٣٣) مۆنیکا لە ڕۆژنامەنووسانی وڵاتەکەی خۆی دەکات (ڕاستیو دروستی ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامە شتێکی دیکەیە کە لێرەدا ئاماژەم پێنەکردووە)، ئایا فەرقەکە هەر ئەوەیە کە هەرکەسێک بووە بەرپرسی کورد، بۆ خەڵکی بیانیی میهرەبانو بێدەسەڵاتەو بۆ خەڵکی کوردستانیش...؟ کاتی خۆی مایکڵ ڕۆبن وتارێکی بڵاوکردەوەو ڕۆژنامەی هاوڵاتیش وەریگێڕایە سەر زمانی کوردیٍ، ڕۆبن هەر لەبەرئەوەی هاوڵاتییەکی ئەمریکی بوو وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو، بەڵام بەڕێز جەلال تاڵەبانی (١٣) ملیۆن دینار، نەک بە دۆلار، غەرامەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی کرد.

٣. وەک ئەوەی بەڕێز ئاشتی هەورامی لە ڕۆژنامەی «ڕووداو»دا باسی دەکات، کورد مافی خۆیەتی بە پاسکیلیش بێت نەوتی خۆی بنێرێتە دەرەوە. جا من هەقی دەدەمێ بە کەرێ شەلو دەبەش ڕەوانەی نەک ئێران، هەموو جیهانی بکات، بەڵام بەمەرجێک داهاتەکەی بخرێتە خزمەتی خەڵکی کوردستان. ئەوەی هەزار تانکەر دەڕوات، نەک دوو هەزار، نەوتی ڕەشە نەک خاو، پارەکە دەچێتە گیرفانی دە پانزە کەسێکەوە، یان بەشی زۆری مەسئولە گەورەکانی دوو حیزب لێی دەخۆن، ئەمانە موشتەقاتی مەسەلەکەن، پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە، داهاتی ئەو نەوتە بۆ کوێ دەڕواتو بەپێی چ یاساو شەریعەتو ویژدانێک؟

لەماوەی ڕابردوودا بەڕێز بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی، لە ڕۆژنامەی چاودێردا ڕایگەیاندبوو، یەک عانەی ئەو پارە زەبەلاحە نەهاتووەتە وەزارەتەکەی، ئەی باشە پارەی خەڵکی کوردستان نەچێتە گیرفانی حکومەت، ئەی دەچێتە کوێ؟ خۆ پێمان نالێن لەبەر بەرژەوەندیی گشتیی دیزەبەدەرخۆنەی ئەو ملیارات دۆلارەیان کردووە تا بەڕێز، حسێن شەهرستانی پێینەزانێت، وەک چۆن پارەی نەوتی بەسرە دەنێرێت بۆهەرێم، پارەی تەقتەقو تاوگیش بنێرێتەوە بۆ بەغدا؟


٤.چەند دۆستێکی پارتیم هەیە کە هەرکات پێکەوە گفتوگۆ دەکەین، زۆر لە ئێمە باشترو جوانتر ڕاڤەی دیموکراسیو پێشخستنی ڕۆژنامەگەرییو مامەڵەی مەدەنی لەگەڵ پێکهاتە ناوخۆییەکانی کوردستان دەکەن، من دڵنیام ئەوان ڕاستگۆن،بەڵام کاتێک مەکتەبی سیاسیی پارتی بەوشێوەیەی کە لەگەڵ هەستی بەرپرسیارێتیدا نەدەگونجا بەیاننامە لەسەر شەهیدکردنی سەردەشت بڵاودەکاتەوەو داوایٍ یاسایی عەنتیکە، لەسەر ڕۆژنامەی ڕۆژنامە تۆمار دەکەن، جگە لە ئیحراجیی، هیچی دیکە نابەخشنە ئەو خەڵکە دڵسۆزانەیان، کە بەڕاستی ئەوان دڵسۆزو خەمخۆری پارتین، ئاخر سەیر نییە بۆ پارتی کە خۆی بە حیزبی یەکەم دەزانێت لە کوردستاندا، یەکەم حیزب بێت لەسەر زەویدا کە دەعوایەکی یەک ملیار دۆلاریی لەسەر ڕۆژنامەی وڵاتەکەی تۆماربکاتو لەهەمانکاتیشدا بێدەسەڵاتو بێدەنگو بێهەلوێستە بەرامبەر بە هەرکەسو هەر ڕۆژنامەیەک، کە لەودیوی سنوورەکەیەوە ڕاپۆرتی هەڵەیان لەسەر بڵاودەکاتەوەو سووکایەتی بە ڕەمزو کەسایەتییەکانیان بکات؟.

fazilnajib@gmail.com




## جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد

ئەم ڕۆمانە دواهەمین بەرهەمی ڕۆماننووس بەختیار عەلی-یەو هەنووکە لە کتێبخانەکاندایە.
جەمشیدخان؛ مرۆڤێکە لەنێوان دنیا جیاوازەکاندا با دەیبات، هەم لە جەنگەوە دەئاڵێتو هەم لە ئاشتی، ئەم کارەکتەرە نوێیەی بەختیار عەلی هەموو ناکۆکییە گەورەکانی ناو مرۆڤی تێدایە، هەم جوانییەکانو هەم دزێوییەکان. جەمشیدخان؛ کەسێکە بەشێک لە هەموومانی تێدایەو بەشێکیش لە ئەو لە هەمووماندایە.
ئەم ڕۆمانە دواهەمین مرواریی دنیا ئەفسووناوییەکەی بەختیار عەلی-یە، قەبارەی مامناوەندییەو ژمارەی لاپەڕەکانی 151 لاپەڕەیەو لەلایەن کتێبخانەی ئەندێشەوە بڵاوکراوەتەوە...







چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩